کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارەی ٣٤    بەفرانباری _١٣٦٨    ژانویەی_ ١٩٩٠

## ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینومی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلینومی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە نیوەی دووهەمی خەزەلوەردا بە بەشداری هەموو ئەندامان و جیگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەریوە چوو و پاش ٩ کۆبوونەوەی باس و تەسمیم گرتن لە بابەت ئەو مەسەلانەوە کە لە دەستووری دا بوون، کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

پلینوم بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بی دەنگی بە یادی هاوری یان غلام کشاورز و صدیق کمانگر و باقی هاوریyانی گیانبەخت کردوو، دەستی بە کار کرد.

سەرەتا پلینوم یەکیك لە ئەندامانی جیگری کۆمیتەی ناوەندی لە جیاتی هاوری صدیق کمانگر هەلبژارد هەروەها پلینوم بریاریکی لە بابەت هەڵبژاردنی ژمارەیەك لە کادەرکانی حیزب وەك ئەندامی مشاوری کۆمیتەی ناوەندی پەسند کرد و ٦کەس لە هاوریyان بۆ مشاور هەڵبژیردران.

ماددەی ئەسلی دەستووری پلینوم گوزارشی کۆمیتەی ئیجرایی بوو لەم بەشەدا لەسەر مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تیکۆشانی حیزب قسە و راویژ کرا و بریاری پیویست پەسند کران.

لەم پلینوم دا گەرایش و ئاسو جیاوازەکانی مەوجوود لە حیزبدا لە پەسند لەگەڵ ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان قسەی لەسەر کرا پلینوم پەسندی کرد کە مەتنی مەشرووحی ئەم باسانە بنریتە ئیختیاری ئەندامانی حیزب.

پلینوم بە هەڵبژاردنی دەبیری کۆمیتەی ناوەندی بە مەسئوولییەتی بەرەو پیش بردنی کاروباری ئیجرایی حیزب لە فاسلەی نیوان دوو پلینوم دا، کاری خۆی کۆتایی پی هینا.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران    ٢٩ی خەزەلوەری ١٣٦٨

# کرێکاران لە کوردستان: ئامانجن یان ئامرازن؟

کوردستان لە دە ساڵی رابوردوودا شەپولیکی تازەی لە زیاد بوون و پەرە گرتنی چینی کرێکار بە خۆیەوە دیوە. بەرین بوونەوەی شارەکان بە شیوەیەکی بەرچاو و پیك هاتن و پەرە گرتنی گەرەکە کرێکار و زەحمەتکێش نشینەکانی دەوراندەوری شارەکان، ئەمەوە بیر هەموو بینەریك دەینیتەوە.

بەڵام وە نەبی ئەمە تاقە ئال و گۆریك بی کە لەم ساڵانەی دوایی دا لە پەیوەند لەگەڵ چینی کرێکار دا رووی داوە تیگەیشتن و ناسینی هەرچی قوولتری جیگاو شوینی خۆ وەك چینیکی کۆمەڵایەتیی جیاواز، بەرچاو روون بوونەوە لە حاست ئامانجەکان و داخوازە ئابووری و سیاسییەکانی خۆ، پەرە گرتنی خەبات و حەرەکەتە سەر بە خۆ کرێکارییەکان و سەر هەلدانی بزووتنەوەی کرێکاری بە مانای تایبەتی ئەم وشەیە و وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی جیاواز و خۆ دەرخستوو، مەیل و تیکۆشانی رۆژ لە رۆژ زیاتر بەرەو ریکخراو بوون و خۆ ریکخستن، وەسەرەنجام رەواجی کۆمۆنیزم لەنیو کرێکاراندا و بوونی بە جەرەیانیکی واقعییی کۆمەڵایەتی لە نیو چینی کرێکاردا، هەموو ئەمانە، ئەو ئال و گۆرە گرینگانەن کە لە ساڵانی رابوردوودا لە پەیوەند لەگەڵ چینی کرێکاردا روویان داوە.

بەڵام ئەوانە ئال و گۆریکن کە رەنگە لە یەکەمین چاو پی کەوتن دا، بەرچاو نەکەون رۆژی یەکی ئەیار، ئەمساڵیش، دەرفەتیك بوو هەتا حاسڵ و پوختەی هەموو ئەمانە لە ئاکسیونیکی کرێکاریدا خۆ نیشان بدەن ئاگادار بوون لە جیگا و شوین و بەرژەوەندی چینایەتی خۆ، پەی بردن بە هیزی کۆمەڵایەتیی لەمپەر شکینی خۆ، راگەیاندنی ویست و داخوازە فەورییەکانی خۆ و ئیرادە بۆ وەدی هێنانیان، راگەیاندنی هاوچارەنووسی لەگەڵ کرێکارانی جیهان، ئیرادە بۆ ریکخراو بوون، ، سەرەتا داخستن بۆ راگەیاندنی هەلویستەکانی خۆ لە حاست مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵ و جیهانی خۆ، هەموو ئەمانە لە بریارنامەی کرێکارانی سنە لە رۆژی یەکی ئەیار دا بەرچاو دەکەون.

سەرەرای ئەمانە، سەرەرای گرینگ بوونی ئەمانە، یەکی ئەیار هێشتا ئاکسیونیکە، لە حاڵیکدا قسەلەسەر مەوجوودییەتیکیهەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی، لەسەر بزووتنەوەیەکی بەردەوامی کۆمەڵایەتییە، هەر ئەم دیاردەیەشە کە هەتا دێ زیاتر و زیاتر سیبەر دەخاتە سەر فەزای سیاسی کوردستان ئاکسیونەکانی یەکی ئەیار ئەوەیان تیدایە کە ئەم واقعییەتەبە نابیناترین چاو و بە گرانترین گوێ دا دەکەن.

ئەمرۆ ئێتر ئەو سەر سەختییەی چەند ساڵ لەوە پیش بۆ حاشا کردن لە چینی کرێکار، چ لە لای حیزبە بورژواکان و چ لە لای گورووهە چەپە سوننەتییە وردە بورژواکان، کەمترین نیشانەی لی بە دی ناکری.

ئەوانەی هاتنە شەری حیزبی کۆمۆنیست هەتا وای لی بکەن قەبوول بکا کە کرێکار لە کوردستان حاسڵی تیئورییە خەیاڵییەکانی رووناکبیرانە و لەگەڵ هەل ومەرجی کوردستان ناگونجی و، واداری بکەن دەست لەوە هەڵگری کە بروای بە کرێکار بی و لە پیناوی دا خەبات بکا، ئێستا هەول دەدەن ئەم قسانە لە بیر بەرنەوە و واقیعییەتی تازە هەزم کەن.

گورووهە چەپەکانیش کە وایان دانا بوو حیزبی کۆمۆنیست خۆی، خۆی کردوەتە نوینەری ئەو کرێکارە کە گۆیا "بە مانای واقیعی " لە کوردستان هەر نیە، ئەوانەی بزووتنەوەی کرێکاریان لە کوردستان بە غەیرە واقیعی دادەناو بە تایبەت

# تیکۆشانی عەلەنی و قانوونی لە کوردستان

( ١ )

مەوزووعی کاری عەلەنی و قانوونی بۆ ئێمە باسیکی تایبەت نیە لە زەمینەی تیکۆشانمان دا لە کوردستان، بەڵکوو ئالقەیەکی سەرەکی و چارەنووس سازەبو بەرەوپیش بردنی خەباتی کرێکاری بە شیوەی بەرین و جەماوەری، وە بۆ بەهیز کردنی جەرەیانی رادیکال لە ریزەکانی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاراندا.

حیزبیکی سیاسی کرێکاری بە پیی تەعریفی خۆی، ئیعتیرازی کرێکاری و جەماوەری بابەتی کاریەتی، وە دیارە مەسەلەی جەماوەری کرێکارانیش (ناتوانی مەسەلەیەکی) نهێنی بی ئەگەر ریکخراوی حیزبی و پەیوەندەکانی تەشکیلاتی حیرفەیی دەبی بە لەبەر چاو گرتن و بەریوەبردنی کاملی ئوسوولی نهینی کاری و شیوەکاری ئەمنییەتی ئوسوولی لە دەسرەسی پولیسی سیاسی دوور خریتەوە و بپاریزری، بە پیچەوانە خەباتی کۆمەڵانی کرێکار بە شیوەی ئاشکرا و لەبەرچاوی هەموان نەبی بەرەو پیش نابری ئیمە دەمانەوی شیوەکان و میکانیزمەکانی کاری وشیارانە و عەلەنی ببنە سوننەتی وا جی کەوتوو کە بە هۆی ئەوانەوە حیزبی کرێکاری-جیاواز لە هەر وەزعییەتیکی سیاسی کە لە کۆمەڵدا حاکم بی-بتوانی لەهەر ئیعتیرازیکی چینایەتیدا حازر بی و لە چارەنووسیدا دەخالەت بکا وەدەست هێنانی توانایی بۆ بەریوە بردنی ئەم کارە و تەبدیل بوونی بە بەشیکی هەمیشەیی لەتیکۆشانی وشیارانە و نەقشەمەندی حیزبە کە ئیمکانمان پی دەدا خەباتی حیزبی وا لی بکەین کە تەنیا تایبەتی شۆڕشگێرانی حیرفەیی نەبی و بیخەینە دەسرەسی جەماوەریکی بەرینتر و لەم ریگایەوە خەباتی جەماوەری کرێکاران هەر لەسەر ریبازی ئەو ستراتیژی و سیاسەتانە بەرەوپیش بەرین کە ریکخراوی نهینی و شەبەکە یەکجار نهینییە تەشکیلاتییەکانیش خەریکین.

واقعییەتیکی عەینی و حاشا هەلنەگر کە بناغەی کاری عەلەنییە ئەوەیە کە چینی کرێکار لە جامعەی سەرمایەداریدا لە کیشمەکیشیکی بەردەوام و هەمیشەیی دایە بەرانبەر بە سەرمایەداران و دەوڵەت و، ئەم کیشمەکیش و خەباتە هەموو رۆژە ئاشکرا و نا ئاشکرایە هەمیشە بەشیك بووە لە تەسویری ژیان لە جامعەی ئەمرۆدا، ئەم خەباتە بۆ کرێکاران حەیاتییە و تەعتیل بوون هەلناگری، چونکوو لەم کیشەو بەربەرەکانییەدا نەك تەنیا بۆ باش بوونی هەل ومەرجی ژیانی خۆی بەڵکوو تەنانەت بۆ دیفاع لە پلەی گوزەران و بەریچوونی ئێستای خۆی و بۆ پیش گرتن بە دەستدرێژی، هەموو رۆژەی سەرمایەداران بۆسەر ئەو دەسکەوتانەی کە کرێکاران هەتا ئەمرۆ وەدەستیان هیناون، ناچارن دەست بدەنە خەبات، وە لە جەریانی ئەم خەباتە دایە کە بە شیوەی تەبیعی نوقتە زەعفەکانی خۆیان دەناسن کرێکاران

ل٣

# دەولەت دەبی مەسکەنی موناسب بنیتە ئیختیاری کرێکاران و زەحمەتکیشان!

سەرماوسەخلەت داهاتوە و موشکیلی مەسکەن وەك یەکیك لە دژوارترین موشکیلەکانی دەیان میلیون کرێکار و زەحمەتکیش جارکی دیکە زەقترلە پیشوو خۆ نیشان دەدا دەولەتی جمهووری ئیسلامیش بە پیچەوانەی قەول و بەڵینەکانی نەك هەر هیچ ئەرکیکی بەرانبەر بە بی مەسکەنی ئەم جەماوەرە بەرینە وە ئەستو نەگرتوە، بەڵکوو بە کردەوە، بە شیوەی جۆراوجۆر بەری هەول و تیکۆشانی ئەوان بۆ ساز کردنی سەرپەنایەك بۆ خۆیان دەگری.

بە پیی گوزارشیك کە لە شاری سنەوە بە دەستمان گەیشتوە یەکیك لە سەرەکیترین موشکیلەکانی بەشیکی زۆری کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئەو شارە نەبوونی مەسکەن و ناموناسب بوونی مەسکەنە کە بە داهاتنی فەسڵی سەرما و سەخلەت چەند بەرابەر زیاد دەکا.

کری خانوو لەو شارە هیندە گرانە کە زۆربەی زۆری خەڵکی دەستەنگ و زەحمەتکیش ناچارن لە قەراخ شار یان لە شوینی زۆر ناخۆش و ناموناسب و وەتاغی تەر و تەنگ و تاریك دا رابویرن.

ئەگەر کەسیك لە شاری سنە بیەوی ٢وەتاغی تەنگ و چکولە بە کەمترین ئیمکاناتی سەرەتاییەوە بە کری بگری، بیجگە لە ٢٠٠٠٠ تمەن پیشەکی دەبیٚ لانی کەم مانگانە ٣٠٠٠ تمەنیش کری خانوو بدا بەم بۆنەوە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران، زەحمەتکیشانی دەستفرۆش، کرێکارانی بیکار و جەماوەری دەستەنگ ناچارن بە چەند کەس و جاری وایە بە ٢٠ کەس وەتاغیکی تەنگ و تاریك لە قەراخ شار بەکری بگرن و بە بی ئەوەی هیچ ئیمکاناتیکی تەنانەت سەرەتایی هەبی ژیانی تیدا بەرنەسەر دیارە لە فەسلی سەرما و سەخلەت و بەفر و باران دا وەزعی ژیانیان زۆر لەوەش ناخۆشتر دەبی.

تازە ئەمە بیجگە لە ژمارەیەکی زۆری ترە کە تەنانەت ئەو سەرپەنایەشیان نیە و لیی بی بەرین کەم نین ئەوانەی لە مەیدانەکان، سەر پلیکانی بانکەکان، بەر درگای مالان، یان لە قەراخ پیادە رەوەکان، بە پەتویەکی شرولە و لە سەر کارتون شەوگار دەکەن بە رۆژ و رۆژانەش لە کووچە و خیابانەکان سەرگەردانن یان ناچارن بۆ رابوردنی ژیانیان تاقەت پرووکین ترین کار قەبوول بکەن هەر ریبواریك شەوانە دەتوانی دەیان کەس بە چاوی خۆی ببینی کە لە دەور و بەری مەیدانی ئینقلاب، بەر تەعاونی، گاراجەکان، سەر پلیکانی بانکەکان و لە دەوری مەیدانەکان جیگا و بانیکی هەژارانەیان راخستوە و بۆ گەرم کردنەوەی خۆیان ئاگریان کردوەتەوە و شەو بەم جۆرە رادەبویرن ئەمانە ئەو کرێکار و زەحمەتکیشانەن کە دایم و دەرهەم هەلودای دوزینەوەی کاریکن و ژیانیکی پر مەینەتیان رابواردوە و نەیانبووە سەرپەنایەك بۆ خۆیان ساز کەن.

ل٢

# چەند هەوال لە پەلاماری پیشمەرگەکانی کۆمەڵە

٥پایگا لە ناوچەکانی دیواندەرە، سەقز و مەریوان کەوتنە بەر پەلاماری پیشمەرگەکانی کۆمەڵە .

زەرەر و زیانیکی بەرچاوی گیانی و مالی بە هیزەکانی رژیم

گەیشت و ژمارەیەکیان کوژران و ٥ ماشین تیك شکا.

پیشمەرگەکان لە هەموو عەمەلیاتەکان بە سلامەت گەرانەوە.

لە ماوەی ٢٠ رۆژدا، لە ١٤ی خەزەلوەرەوە تا ٤ی سەرماوەز پیشمەرگەکانی کۆمەڵە پەلاماریان بردە سەر ٥پایگای رژیم لە ناوچەکانی دیواندەرە و سەقز و مەریوان و تەلەفات و خەسارەتیکی بەرچاویان بە هیزەکانی رژیم گەیاند لەم ژمارەیەدا کورتەیەکی هەوالی ئەم عەمەلیاتەتان پیشکەش دەکەین.

رۆژی ١٤ی خەزەلوەر، چەند واحیدلە پیشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز لە دریژەی حوزووریان لە مەنتەقە دا پایگایەکی رژیمیان لە دەوروبەری ئاوایی "دوو ئاو" دایە بەر پەلامار.

لە جەرەیانی ئەم پەلامارە بە دەست و بردەدا پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە پیشدا کۆنترولی بەرزاییەکانی مەنتەقەی عەمەلیاتەکەیان بە دەستەوە گرت و پاشان سەعات ٨/٥ی شەو لە چەند میترییەوە سەنگەر و شوینەکانی سەرکوتگەرانیان دایە بەر ئاگری چەکی سووك و نیوە قورس.

ل٦

# ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینومی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

پلینومی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە رۆژەکانی حەوتووی ئاخری مانگی خەزەلوەردا بە بەشداری زۆربەی ئەندامان و جیگیرەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەریوە چوو و پاش دوو رۆژ باس و تەسمیم گرتن لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی کوردستانی حیزب، کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

پلینوم سەرەتا یەکیك لە هاورییانی جیگری لە جیگای هاوریی گیانبەخت کردوو صدیق کمانگر هەڵبژارد و هەروەها پەسندی کرد کە ژمارەیەك لە هاورییانی حیزبی وەك مشاوری کۆمیتەی ناوەندی دیاری بکا. بەم مەبەستە ٦کەس لە هاورییان هەڵبژیردران.

پلینوم تەرحی ریکخستنی تازەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵەی دایە بەر باس و خەتە گشتییەکانی ئەو تەرحەی پەسند کرد هەتا ستادی فەرماندەهی هیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە جزئیات دا وردی کاتەوە و بەریوەی بەری پلینوم هەروەها لە بابەت پیویستییە تەشکیلاتییەکانی گرتنی کۆنگرەی جزئیاتی تەرحی گرتنی کۆنگرە بۆ پەسند کران لە پلینومی داهاتووی کۆمەڵە دا ئامادە بکا.

پلینوم جیهەتی ئەسڵی باسەکانی پلینومی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تەئیید کرد و بەڵگە و سەنەدی پیویستی لە بابەت ئاسوی تیکۆشانی کۆمەڵە لە کوردستان پەسند کرد.

پلینوم لە کۆتاییدا بە تیکرای دەنگ ٥کەس لە هاورییانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ریبەرایەتی کۆمەڵە لە فاسڵەی نیوان دوو پلینوم دا هەڵبژارد و هەروەها هاوری ئیبراهیمی عەلیزادەی بە تیکرای دەنگ وەك دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە هەڵبژارد.

کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە

١ی سەرماوەزی ١٣٦٨

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٤ بەفرانباری _١٣٦٨ ژانویەی _ ١٩٩٠

پێشڕەو

پییان وابوو وجوودی کۆمۆنیزم و گەرایشی کۆمۆنیستی لە نیو کرێکاراندا دەسکردی حیزبی ئیمەیە بۆ گەورە کردنەوەی خۆی، دەرنگ یان زوو دەبوو بیر و راکانی خۆیان وەپەنادەن یان حاشای لی بکەن و لە راستیشدا- هەر چەند نەك راشکاو و راستەوخۆ- دەستیان داوەتە ئەم کارە.

بزووتن و جم و جوولی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتیی کرێکاران لە کوردستان، کە بە شیوەیەکی بەرچاو خۆی لە ئاکسیونەکانی یەکی ئەیار و لە مانگرتنەکان و لە ئیعتیرازە بەرینە کرێکارییەکاندا نیشان دەدا، ئێستا بووەتە هۆی ئەوەی ئەم جەرەیاناتە هەر کامەیان بەجۆریك هەول بدەن واقعییەتە تازەکان لیك بدەنەوە و لە سیستمی سیاسی و فیکری خۆیاندا جێگایەکی بۆ بکەنەوە.

حیزبی دیموکرات بە سادەیی، بی دەنگە کردنی لە هەموو شتیك بە باشتر زانیوە راە کارگر دەستی داوەتە پی هەڵگوتن و ستایش کردنی بزووتنەوەی کرێکاری و رینوینی کردنی ئەو بزووتنەوەیە و لەگەڵ بەشی جیا بووەوەی حیزبی دیموکرات راگەیاندنی هاوبەشی یەکی ئەیار بۆ کرێکاران بڵاو دەکەنەوە خودی ئەم باڵەی حیزبی بورژوازی لە سەر پیویستی پەرە پیدانی کاری تەشکیلاتی لە نیو کرێکاران و زەحمەتکیشاندا، تەئکید دەکا.

بە کورتی، حوزووری چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە، هەر ئێستا لە بیر و بوچوونی بورژوا دا رەنگی داوەتەوە.

ئەم ئال وگۆرە، خەباتی سیاسی و فیکری نیوان سوسیالیزمی کرێکاری و جەرەیاناتی بورژوای کۆتایی پی نەهیناوە بەڵکوو گەیاندوویەتە شوینیکی تازە ئێستا ئەو مەسەلەیەی کیشەی لە سەرە ئیتر نەفسی ئیسبات کردنی بوون و حوزووری چینی کرکار لەمەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نیە، بەڵکوو چونیەتی هەڵویست گرتنە لە حاست ئەو دیاردەیە و ئەو جیگا و شوینەیە کەبۆی لەبەر چاو دەگیری.

ئێستا حیزبە بورژواکانیش باسی پیویستی بایەخ دان بەریکخستنی کرێکاران و زەحمەتکیشان دەکەن و کاری تەشکیلاتی لە نیویاندا بە یەکیك لە ئامرازەکانی خۆیان بۆ سەرکەوتن حیساب دەکەن حاشا کردن لە بوون و مەوجوودییەتی چینی کرێکاریان گرینگی ئەو چینە، ئێستا جیگای خۆی داوەتە هەولدان بۆ بەر تەسك کردنەوەی خەباتی کرێکاری لە چوارچیوەیەك دا کە خۆیان بە گۆنجاوی دەزانن و خۆیان بۆی دیاری دەکەن:"گرتنە خزمەت"ی هیزی کرێکاران لە ستراتیژی بورژوازیدا بۆ وەدەست هینانی دەسەلاتی سیاسی.

بورژوایەك، دیارە، خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری تەنیا وەك "هیزیك لە دەرەوی خۆ"ی چاولی دەکا، هیزیك کە دەبی سەرکوت بکری، بەرانبەرکیی لەگەڵ بکری، مودارای لەگەڵ بکری، کەلکی لی وەر بگیری، لە خزمەت خۆ دا بخریتە کار و شتی لەم بابەتە.

ئەمە ریك ئەو جیگاو شوینەیەکە ئەحزابی بورژوا و بورژوا-چەپ لە پەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریدا لە کوردستان خەریکن پیی دەگەن.

دەبی لە نیو کرێکاران دا کاریك بکەی چونکە ئیتر رۆشنە کە کرێکاران هیزیکی کۆمەڵایەتیی گرینگن لە کوردستان و "حیزبی ئێمە" و"گەلی ئیمە" بۆ "سەرکەوتن" پیویستی بەم هیزە هەیە ئەمە ئەو بانگەیە کە بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات- کە قەرارە لە رابوردووی خۆی دەرس وەربگری-بە گوێی خۆیدا دەدا.

چەپی بورژواش کەهەر ئەم ئامانجەی - بە ترمینولوژی و زمان و بەیانی تایبەتی خۆیەوە- گرتوەتە پیش، جاریکیتر تیئوریی"چینی کرێکار، بەشی پەیگیری بزووتنەوەی دیموکراتیك"- کە بە شیوەی گشتی و لە ئاستی سەراسەری دا لە ژیر فشاری سوسیالیستی دا وەلا نرابوو- ئێستا لە ئاستی مەحەللی دا دیسانەوە دەگریتە خزمەت راە کارگر رادیکالیزم دەبیتەوە و دەنووسی:

"گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لە ساڵی رابوردوودا کە لە زیاد بوونی حەرەکەتە سنفییەکاندا و هەروەها لە قورسایی نیسبەتەن زۆری حەرەکەتە سەربەخۆ سیاسییەکانی کرێکاراندا لە دژی شەر و بۆ دیفاع لە ریکخراوە سەربەخۆ کرێکاری یەکاندا خۆی نیشان دەدا نیشاندەری ئەوەیە کە گەلی کورد ئێستا ستوونیکی قایم لە جیهەت خەباتی خۆیدا بۆ وە دی هینانی داخوازە دیموکراتیکەکان و یەك لەوانە خودموختاری کوردستان دا دەرێژی."

(ریگای کرێکار، ژمارە ٥٦)

سوسیالیزم و خەباتی سوسیالیستی هەر ئاسەواری دیاری نیە و ریکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ وەدی هینانی ئامانجە راستەوخۆکانی ئەم بزووتنەوەیەش هەر باسی نێیە.

قەرارە کرێکار لە مەیدانیك دا کە بە هەر حال لە پیشدا مەعلوومە چیە، دەوری رادیکال بگریتە ئەستو بەڵام هەموو قسەکە لەسەر گورینی خودی ئەم مەیدانەیە، لەسەر هەڵبژاردنی ناوەروکیکی تازە و لەسەر تیکدانی یاساکانی کایەکەیە. چینی کرێکار داشی دەستی ئەم وئەو نیە لە کایە کردن دا، بەڵکوو خۆی ئەو کەسەیە کە کایە دەکا.

وەخو هاتنەوەی بیروبوچوونی بورژوا و راکیشرانی سەرنجی بەرەو"کەم و کووریيەك" کە لە کارەکەیدا بووە، بەیان و دەربرینی ناراستەوخۆی پیشرەوی و بەرەوپیش چوونی کرێکار هەیە بەڵام کەلەبەری چینایەتیی نیوان ئەم دوانە هەروا لەسەرجیی خۆی دیلیتەوە.

سوسیالیزمی کرێکاری، بەڵام، کرێکاران بۆ ئامانجەکانی خودی کرێکاران، لە ئامانجی ئابووریيەوە بگرە هەتا ئامانجی شۆڕشی کرێکاری و حکوومەتی کرێکاری، ریك دەخا لە روانگەی ئەم جەرەیانەوە، هیزی خەباتی کرێکاران لە ئامانجەکان و لە ناوەروکی ئەم خەباتە جیا ناکریتەوە ئامانج و ئالای ئەم خەباتەش پیش هەموو شتیك سوسیالیزمە. لە روانگەی سوسیالزمی کرێکارییەوە ئەو شتەی هەموو هەول و تیکۆشان و خەباتیکی کرێکاران-لە خەبات بۆ چکولەترین داخوازی ئابووری رۆژانەوە هەتا خەبات بۆ ئامانجە دیموکراتیەکان و شتی دیکە - لیك گری دەدا جیگا و شوینیانە لە دیمەنی گشتیی خەباتی سوسیالیستی دا وەیا بە وتەیەکیتر جیگایەکە کە هەر کام لەم مەیدان و شکلانەی خەباتلە ستراتیژی سوسیالیستیی کرێکاران دا هەیانە.

قسە لەسەر ئەوە نیە کە چ کەسیك هیزیکی باشتری بۆ ستراتیژی گشتیی وەدەست هینانی دەسەلاتی سیاسی، کە گۆیا بە فەرز دانراوە و هەمووان قسەیان لەسەرییەکە، لە ئیختیار دا هەیە لە روانگەی چینی کرێکارەوە قسەکە تەنیا دەتوانی ئەوە بی کە هەر کام لەم بزووتنەوانە، ئیعتیرازاتی کۆمەڵایەتی حەقخوازانە و مەیدانەکانی خەبات کە لە کۆمەڵدا دەکرینەوە، چ جیگایەکیان لە وەدی هینانی ستراتیژی خودی ئەو چینە دا دەبی تەنیا بەم جۆرەیە کە چینی کرێکار نابیتە هیزی پاشەکەوت و پاشکوی بزووتنەوە و چینە کۆمەڵایەتیکانیتر، بەڵکوو بە پیچەوانە توانای ئەوەی دەبی هەر کام لەمانە بەدروستی هەلسەنگینی و بیانداتە بەر رەخنەو لە ستراتیژی سوسیالیستیی خۆیدا جیگەی شیاوی خۆیانیان بداتی.

تەنیا پوپولیستیك دەتوانی تەئکیدی ئیمە لەسەر کاری کرێکاری و ئەرکی سوسیالیستی بە مانای لاواز کردنی بزووتنەوەی دیموکراتیك، وە لە بابەت کوردستانەوە بە تایبەت بە مانای لاواز کردنی خەبات بۆ وەدەست هینانی ماف دیاریکردنی چارەنووس دابنی ئەو رۆژەی کرێکارانی یەکگرتوو و خوریکخستوو شیعاری چوونە دەری هیزە سەرکوتگەرەکان و ئازاد هیشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردن و بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیاندا، بکەنە یەکیك لە شیعارەکانی ئاکسیونەکان و کۆر و کۆمەڵ و ریکخراوە جۆراوجۆر و قودرەتمەندەکانی خۆیان، نەك هەر هیچ ئاسەواریکی ئەم ئیددیعایە نامینی بەڵکوو هەمووان بەچاوی خۆیان دەبینن کە چ هیزیکی گەورە پشتی خەبات بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی و نابەرابەرییە میللییەکانی گرتوە لە راستیدا ئەمە خۆی یەکیکە لە بەشەکانی ستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کوردستان .

هەر لیرە دەبی ئیشارەیەك بکەین بەوە کە لەم دواییانە دا بە دروستی تیکۆشانی ئێمە و ئیمکاناتی ئیمە لە داهاتوودا، تەجرەبەی ئافریقای جنووبی و"کۆنگرەی میللی ئافرقا" لەمەسەلەی ریکخستنی کرێکاری و جەماوەری و پەیوەند دانی خەباتی کرێکاری لەگەڵ بزووتنەوەی جەماوەریی دژی ئاپارتاید دا بە بەڵگە دادەنری.

هیچ گۆمان لەوە دا نیە کە تەجرەبەی ئافریقای جنووبی (و تەنانەت فەلەستین) دەتوانی بۆ نیشاندانی بۆشاییيەك کە هەر ئێستا لە کاری ئێمە دا هەیە و، وەك نموونەیەك لە بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی چەشنی تازە و ریکخستنی جەماوەری زۆر جیگای سەرنجدان ولی فیر بوون بی. بەڵام هەر ئەم تەجرەبانەش ناکری بی قەیدو شەرت و بە بی تیبینی رەخنە گرانە پشتیوانییان لی بکری چونکوو ئەم شکلانەی کاریش خۆی لە خۆیدا هیشتا لە چوارچیوەی زەرفییەت و ئاسوی بورژوازی دەرناچن ئەم نموونەیە دەتوانی بۆشایی ئێستای کاری ئیمە و ئەو زەرفییەتانە کە کەلکیان لی وەر نەگیراوە نیشان بدا، بەڵام ناتوانی ئاسوی بەرینی داهاتوویان بە دروستی بخاتە بەرچاو.

* * *

سەرەنجام لە بابەت حیزبی کۆمۆنیستەوە دەبی بڵێین کە حیزبی ئێمە دەبی ببیتە تای تەشکیلاتیی جەرەیانی سوسیالیزمی کرێکاری، ببیتە بەشی حیزبیی ئەم حەرەکەتە کۆمەڵایەتی-چینایەتییە.

دەوری کۆمەڵە لە شکل گرتن و پیشرەفتی جەرەیانی سوسیالیستیدا شتیکی حاشا هەلنەگرە بەڵام هیشتا چونیەتی تیکۆشانی ئیستای حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان جیاوازییەکی بنەرەتی هەیە لەگەڵ سوننەت و نەریت و رەوشت و هەروەها نەتیجەی تیکوشانی حیزبیکی کرێکاری - کۆمۆنیستی کە تەنیا بە گۆرینی هەموو سوننەت و نەریت ویراتیکی تا ئێستامان دەکری لە ناو ببری ئەم گورانکارییە دەبی لیبراوانە و لە زەمانیکی هەرچی کورت تردا وەدی بهینری.

لەم حالەتە دا بە دلنیایی دەکری بڵێین کە بزووتنەوەی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیست، هەرتکیان، جیگاو شوینیکی زۆر قایمتر و قودرەتمەندتر وەدەست دینن.

عبدالله مهتدی

پووشپەری ١٣٦٨

ناصری حسامی کردوویە بە کوردی

## (پاشماوەی)

# دەولەت دەبی مەسکەنی موناسب.....

ئەم ئاوارەییيە و بیخانەولانەییيە لە حالیکدایە کە هەر لەو شارە دەیان ئاپارتمان و ساختمانی چەندنهومی چول و هول هەیە کە هەر کامیان دەیان وەتاغیان هەیە و کەسیش کەلکیان لی وەرناگری.

ئەوانەی لە گەرەکەکانی قەراخ شار و بە دوور لە چاوی مەئموورانی شارەداری و بە هەزاران مەینەت و چەرمەسەری خانە و لانەیەکیان پیکەوە ناوە، سەرەرای ئەوەی هەمیشە دەکەونە بەر هەرەشەی مەئموورانی ئیدارە دەوڵەتییەکان و بە شیوەی جۆراوجۆر باج و بەرتیلیان لی دەستیندری، هیشتاش لە هەموو ئیمکاناتیکی بیهداشتی و ریفاهی بی بەشن و کاربەدەستانی رژیم بۆ کیشانی ئاو و بەرق و ئاوەرو داوای پوولیکی یەکجار زۆریان لی دەکەن.

* * *

ئەم وەزعە مەینەتبارە تەنیا تایبەتی شاری سنە یان شارەکانی دیکەی کوردستان نیە، ئەمە دەرد و رەنجی هاوبەشی هەموو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش و بی بەشی سەراسەری ئێرانە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شارەکان ئەمرۆ لەو کرێکارو زەحمەتکیشانە پیك هاتوە کە لەبەر بی خانە ولانەیی، گرانی زەوی و کەرەسەی ساختمانی و گرانی کری خانوو، پەنایان بردوەتە دوورترین گەرەکەکانی قەراخ شارەکان و بە بلووك و بەرد و حەسیر و نایلون سەرپەنایەکیان بۆ خۆیان ساز کردوە کە نەك هەر شیاوی ژیانی ئینسان نیە بەڵکوو پەڵەیەکی پر شەرم و شچوورەییيە بە نیو چاوانی ئەم نیزامە و ئەو رژیمەوە کە زۆربەی ئینسانە شەریف و زەحمەتکیشەکانی کۆمەڵی لە وەزعیکی ئاوا نالەبار و غەیرە ئینسانی دا راگرتوە وە لە هەمان حالدا بە دەیان و سەدان ساختمانی چەند نهوم، ویلای پر زەرق و بەرق، هوتیلی دەرەجەیەك، هەزاران ساختمانی ئیدارە دەوڵەتییەکان هەن کە گیراونەتە خزمەت چەوساندنەوە و سەرکوتی دەوڵەت و سەرمایەداران هەموو ئەم ساختمانانە بە دەست و باهۆی چینی کرێگکار ساز کراون بەڵام خۆیان لە وەتاغیك و سەرپەنایەك بی بەشن.

دەوڵەت بە پیی قانوونی خۆی، لە قانوونی ئەساسییەوە بگری تا هەموو قانوونەکانی دیکەی، ئەرکی سەرشانیەتی کە مسکەنی هەموو خەڵك دابین بکا.

تازە ئەگەر لە قانوونیش دا نەنووسرابی خودی ئەوەی کە هەموو ئیمکاناتی ولات، هەموو ئیمکاناتی خانوو دروست کردن لە دەست سەرمایەداران و دەوڵەت دایە و میلیونها ئینسان هەموو رۆژی ئارەق دەریژن و دەچەوسینەوە و شوینیکیان نیە کە تییدا بحەسینەوە و شەوی تیدا بکەنەوە بە رۆژ، خودی ئەو واقعییەتە کە ئەمە حاسلی کاری ئەم میلیونها ئینسانەیە کە دەرژیتە گیرفانی سەرمایەداران و دەوڵەتەوە، ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی ئەوان کە مەسکەنی موناسب بۆ ئەم جەماوەرە بی خانە و لانە و بی سەرپەنایە ساز بکەن.

ئەگەر نان و بەرگ و پیداویستییەکانیتری ئەم ئینسانانە دەبی لە حەقدەستی ناچیزیان بدری، مال و خانوویان چون دابین دەکری و، دەوڵەت و کۆمەڵ چە وەلامیکیان بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە؟

ئەو رژیمە کە چەندین سال بۆ دەرباز کردنی خۆی لەم موشکیلە شەری دەکردە بیانوو، ئیستا دەلی چی؟ رژیمیك کە بە زۆری سەرەنیزە کرێکاران و زەحمەتکێشانی بی مەسکەنی لەو ساختمانانە وە دەر نا کە لە دەورەی قیام دا دەستیان بەسەر دا گرتبوو و کوتی داگیر کردنی ئەم ساختمانانە خیلاف شەرع و قانوونە، ئێستا بە پیی کام قانوونی ئینسانی و تەنانەت قانوونی پەسەند کراوی خۆشی دەتوانی لە بەرانبەر ئاوارە بوون و بی مەسکەنی میلیونها کرێکار و زەحمەتکیشدا بی تەفاوەت بی.

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش!

مەسکەنی موناسب، سەرەتایی ترین ماف ئیوەیە. ئەو مافەش تەنیا بە خەبات و ئیعتیرازی بە تیکرای ئیوە وەر دەگیری لە هەر کارخانە و کارگایەك، لە هەر سنف و رشتەیەکی کار، لە کۆبوونەوە گشتییەکانی خۆتاندا یان لە هەر ریکخراوەیەکیتری کرێکاری دا تەسمیم بگرن و بە تیکرا داوا کاری ئەوە بن دەوڵەت پیداویستییەکانی پیکەوە نانی مەسکەنیکی موناسبتان لە ئیختیار بنی ساختمانە چولەکانی سەرمایەداران و دەوڵەت،ساختمانە زیادییەکان،ئیدارە ومۆئەسیسە خوسووسییەکان، دەبی بنریتە ئیختیاری خەڵکی بی مەسکەن و بی سەرپەنا.

دەوڵەت دەبی زەوی و کەرەسە ساختمانی بە قیمەتی هەرزان و لە شوینی باش، وامی بی سوود و هەموو ئیمکاناتی پیویست بنیتە ئیختیاری ئیوە و بە کەمترین خەرج مەسکەنی موناسبتان بۆ دابین بکا، مەسکەنیك کە هەموو ئیمکاناتی ژیانیکی شارستانی هەبی.

تا کاتیك کە نەبوونە خاوەن خانوو، سەرمایەداران دەبی بە قەدرایی کری خانوویەکی موناسب و بەجۆریك کە ژیانیکی رەحەت بۆ هەموو ئەفرادی خانەوادە دابین بکری بخەنە سەر حەقدەستەکان.

کری خانوو بەشیك لە حەقدەستی کرێکانە و دەبی وەك خەرجی گوزەران و بەرگ و پیداویستییەکانی دیکە، حیساب بکری هەروەها کرێکاران و زەحمەتکیشانی گەرەکەکانی قەراخ شار بۆ چارەسەر کردنی موشکیلی مەسکەن و بۆ وەلامدانەوە بە ئیددیعای ئیدارە دەوڵەتییەکان و خاوەن زەوی یە گەورەکان و بۆ دابین کردنی جەوازی ساختمان و ئاو و بەرق و دەر کردنی ئاوەرو و ئیسفالت کردنی کووچە و خیابانەکان دەبی لە دەوری یەکتر کۆ بنەوە و بە ئیعتیراز و خەباتی بە تیکرایان لە مافە سەرەتاییيەکانی خۆیان و ماف دابین کرانی مەسکەنی موناسب دیفاع بکەن.

دەوڵەت نەك هەر ئیجازەی نیە کە بە بیانووی ساختمان سازی، پوول لە زەحمەتکیشان بستینی ، بەڵکوو ئەرکی سەر شانیەتی کە وامی بی سوودیان پی بدا و کەرەسەی ساختمانی و پیداویستی یەکانی تریان بە قیمەتی هەرزان بخاتە ئیختیار و بەم جۆرە مەسکەنیان دابین بکاو زەمانەتی بکا.

دەورەی دووهەم   ژمارەی ٣٤   بەفرانباری _١٣٦٨   ژانویەی _ ١٩٩٠

پێشڕەو

# تیكۆشانی عەلەنی و قانوونی لە كوردستان

( ١ )

مەوزووعی كاری عەلەنی و قانوونی بۆ ئێمە باسێكی تایبەت نیە لە زەمینەی تێكۆشانمان دا لە كوردستان، بەڵكوو ئالقەیەكی سەرەكی و چارەنووس سازەبو بەرەوپێش بردنی خەباتی كرێكاری بە شێوەی بەرین و جەماوەری، وە بۆ بەهێز كردنی جەرەیانی رادیكال لە ریزەكانی بزووتنەوەی چینایەتی كرێكاراندا.

حیزبێكی سیاسی كرێكاری بە پێی تەعریفی خۆی، ئیعتیرازی كرێكاری و جەماوەری بابەتی كاریەتی، وە دیارە مەسەلەی جەماوەری كرێكارانیش (ناتوانی مەسەلەیەكی) نهێنی بێ ئەگەر رێكخراوی حیزبی و پەیوەندەكانی تەشكیلاتی حیرفەیی دەبێ بە لەبەر چاو گرتن و بەرێوەبردنی كاملی ئوسوولی نهێنی كاری و شێوەكاری ئەمنییەتی ئوسوولی لە دەسرەسی پولیسی سیاسی دوور خرێتەوە و بپارێزرێ، بە پێچەوانە خەباتی كۆمەڵانی كرێكار بە شێوەی ئاشكرا و لەبەرچاوی هەموان نەبێ بەرەو پێش نابرێ ئێمە دەمانەوێ شێوەكان و میكانیزمەكانی كاری وشیارانە و عەلەنی ببنە سوننەتی وا جێ كەوتوو كە بە هۆی ئەوانەوە حیزبی كرێكاری-جیاواز لە هەر وەزعییەتێكی سیاسی كە لە كۆمەڵدا حاكم بێ-بتوانی لەهەر ئیعتیرازێكی چینایەتیدا حازر بێ و لە چارەنووسیدا دەخالەت بكا وەدەست هێنانی توانایی بۆ بەرێوە بردنی ئەم كارە و تەبدیل بوونی بە بەشێكی هەمیشەیی لەتێكۆشانی وشیارانە و نەقشەمەندی حیزبە كە ئیمكانمان پێ دەدا خەباتی حیزبی وا لێ بكەین كە تەنیا تایبەتی شۆڕشگێڕانی حیرفەیی نەبێ و بیخەینە دەسرەسی جەماوەرێكی بەرینتر و لەم رێگایەوە خەباتی جەماوەری كرێكاران هەر لەسەر رێبازی ئەو ستراتێژی و سیاسەتانە بەرەوپێش بەرین كە رێكخراوی نهێنی و شەبەكە یەكجار نهێنی یە تەشكیلاتییەكانیش خەریكین.

واقعییەتێكی عەینی و حاشا هەڵنەگر كە بناغەی كاری عەلەنییە ئەوەیە كە چینی كرێكار لە جامعەی سەرمایەداریدا لە كیشمەكیشێكی بەردەوام و هەمیشەیی دایە بەرانبەر بە سەرمایەداران و دەوڵەت و، ئەم كیشمەكیش و خەباتە هەموو رۆژە ئاشكرا و نا ئاشكرایە هەمیشە بەشێك بووە لە تەسویری ژیان لە جامعەی ئەمرۆدا، ئەم خەباتە بۆ كرێكاران حەیاتییە و تەعتیل بوون هەڵناگری، چونكوو لەم كیشەو بەربەرەكانییەدا نەك تەنیا بۆ باش بوونی هەل ومەرجی ژیانی خۆی بەڵكوو تەنانەت بۆ دیفاع لە پلەی گوزەران و بەرێچوونی ئێستای خۆی و بۆ پێش گرتن بە دەسدرێژی، هەموو رۆژەی سەرمایەداران بۆسەر ئەو دەسكەوتانەی كە كرێكاران هەتا ئەمرۆ وەدەستیان هیناون، ناچارن دەست بدەنە خەبات، وە لە جەریانی ئەم خەباتە دایە كە بە شێوەی تەبیعی نوقتە زەعفەكانی خۆیان دەناسن كرێكاران بۆیان دەردەكەوی كە قودرەتی سەرمایەداران لە سەرمایە و سەروەت و لەو دەوڵەتەوە سەرچاوەی گرتوە كە پارێزەری ئەم سەرمایە و سەروەتەیە و زەعفی كرێكارانیش لە پرژو بڵاوی و رێكخراونە بوونیانەوە سەرچاوەی گرتوە لەم رووەوە مەیل بەرەو رێكخراو بوون و پشت بەستن بە یەكگرتوویی و هاوچارەنووسی چینایەتی لە جەرگەی ئەم خەباتەدا پتەوتر دەبێ و دەبێتە هۆی پێك هاتنی رێكخراوە جەماوەرییە كرێكارییەكانیش.

كەوایە كاتێك باسی فەعالییەتی عەلەنی دەكری و باسی ئەوە دەكرێ كە پێویستە سەزمانی كۆمۆنیستی لەم فەعالییەتەدا دەخالەت بكا، قسە كە ئەساسەن لەسەر ئەوەیە كە ئەم حەرەكەتە واقیعی و مەوجوودانە چلون لە جیهەت بەرژەوەندی ئەمرۆ و سبەینێی حیزبی سیاسی كۆمۆنیستی، خۆی بەشێكی جیانەكراوەی ئەم ئیعترازە عەلەنی یە بێ و لەم رێگایەوە و بە كەڵك وەرگرتن لە هەل و مەرجی موساعید و واقیعی پەرەی پێ بدا و بێكاتە سەراسەری بەشداری هەڵسووراوانە لەم رەوتە دایە كە توانایی ئەوەمان پێ دەبەخشی لە نزیك كردنەوەی هەل ومەرجی گەشەی شۆڕشگێرانە و ئاخێزی جەماوەریدا دەورێكی ئاگاهانە بگرینە ئەستو نزیك بوونەوە لە هەل ومەرجی شۆڕشگێرانە و ئاخێزی جەماوەری ناتوانی حاسلی پەرە گرتنی كاری نهێنی ئێمە بێ، حیزبی شۆڕشگێری كرێكاری ناتوانی كاری خۆی تەنیا بە شێوەی نهێنی و ژێر زەمینی ئەنجام بدا و پاشان لەناكاو فەرمانی شۆڕش بدا!

بریارنامە"ستراتێژی ئێمە لە بزووتنەوەی كوردستان دا" پەسندكراوی كۆنگرەی شەشەمی كۆمەڵە، لە ژێر سەردێرێك دا بەنێوی ئامانجەكانی ئێمە لە دەورەی ئێستادا-یانی دەورەی پێش ئاخێزی جەماوەری- هەندێك ئەركی بنەرەتی و چارەنووس سازی دیاری كردوە كە هیچكامیان بە كاری جەماوەری نەبێ - ئەویش لە ئاستی بەرین و ئاشكرادا-ئیمكانپەزیر نین لێرە مەسەلەكە تەنانەت نەك قسەكردن لەسەر "زەمینە سازی و پێك هینانی ئیمكانات" بۆ ئەنجام دانی كارێكی مەربووت بە داهاتوو بەڵكوو لەسەر ئەوەیە كە كۆمەڵە بە شێوەی فەوری و راستەوخۆ لە وەزعییەتی ئێستادا لەم خەباتە دا دەرگیر بێ و دەخالەتی تێدا بكا سەرخەتی ئەو ئەركانە لە بریارنامەكەی كۆنگرەی شەشەمی كۆمەڵەدا بەم جۆرە بەیان كراوە:

"پەرەپێدانی شكلە جۆراوجۆرەكانی ئیعتیرازی چینایەتی، پێك هینانی رێكخراوە جەماوەرییەكانی كرێكاران و زەحمەتكیشان بە شێوەیەك كە بتوانن وەحدەت و یەكگرتوویی خۆیان لە جەرگەی تەناسوبی قوای مەوجوودا بپارێزن و پەرەی پێ بدەن، تەبدیل كردنی كۆمەڵە بە رابەری حەرەكەتە ئیعتیرازییەكانی خەڵك، تەبدیل كردنی رابەرانی كۆمۆنیست بە رابەرانی خاوەن نفووز لە ئاستی كوردستاندا، ئامادە كردنی رابەرانی جەماوەری و ئاژیتاتورە كۆمۆنیستەكان بۆ پەروەردە كردن و هیدایەت كردنی زەحمەتكیشان لە هەل ومەرجی ئێستادا..."

ئەو ئەركانەی كە كۆنگرەی ٦بۆ دەورەی ئێستای فەعالییەتی كۆمەڵە دیاری كردن لە سەر ئەساسی هەڵسەنگاندن و ئەرزیابییەكی عەینییە لە هەل ومەرجێك كە لە نەتیجەی دە ساڵ خەباتی شۆڕشگێرانە و جەماوەری دا پێك هاتوە بە درێژایی دەساڵ خەباتی كۆمەڵە لە كوردستان پێشرەفتی دیاریكراو لەسەر رێبازی ئەم ستراتێژییە حاسڵ بووە و تەناسوبی قوایەك بەوجوود هاتوە كە تێیدا پەی گرتن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەركەكانی ئەم دەورەیە مەسەلەیەكی واقیع بینانە و مومكینە، وە ئەساسەن ئەم خوسووسییەتەیە كە تایبەتمەندی بە كاری عەلەنی لە كوردستان دەبەخشی و لە چاو باقی جێگەكانی ئێران دەیخاتە چوارچێوەیەكی تا رادەیەك جیاواز ئەو جیاوازییانە كە هەن پێش هەموو شتێك لە شێوەی بەرخورد و سیاسەتە عەمەلی یەكانی رژیم دایە بەرانبەر بە حەرەكەتە عەلەنی یە جەماوەرییەكان ئەگینا ئێستا ئیتر دەمێكە شێوەی رەفتاری رژیم بەرانبەر بە فەعالییەتی نهێنی و تێكوشەرانی تەشكیلاتی نهێنی، گۆران و تەفاوەتێكی تێدا نابینری رژیم ماوەیەكی كورت پاش ئەوەی توانی كۆنترولی نیزامی خۆی بەسەر شارەكانی كوردستاندا تەكمیل بكا، هێرشێكی بەرنامە بۆ دارێژراوی بۆ سەر كاری نهێنی ئێمە لە شارەكان دەسپێكرد و لەم بابەتەوە چ لە زیندنەكان و لە شێوەكانی لێ پرسینەوە و شكەنجەدا و پاشان لە سیاسەتی ئیعدامی بەرین و دەستە جەمعی دا، شێوە رەوشتی سەراسەری واحید و، ئورگان و شەبەكەی سەراسەری واحیدی لە جینایەتكارانی حیرفەیی خۆی بۆ سەركوتی تێكۆشەرانی نهێنی و رێكخراوە نهێنییەكان بەكار دەبرد لە حاڵێك دا هەر لەم دەورەیەدا ئەوشتە كە ئیمكانی دەرەجەیەك لە گەشە و پەرە گرتنی زیاتری خەباتی عەلەنی و جەماوەری لە كوردستان پێك هێناوە، فشاری بزووتنەوەیەكی جەماوەری و تەناسوبی قوایەكی جیاواز بووە كە پێك هاتوە.

بە درێژایی ساڵانی رابوردوو لە كوردستان لەپاڵ خەباتی چەكدارانە، شكل و شێوەی جۆراوجۆری ئیعتیرازی جەماوەری وجوودی بووە كە توانیویەتی گەلێك جار ویست و داخوازەكانی خۆی بەسەر رژیم و سەرمایەداران دابسەپێنی گەلێك نموونەی مانگرتنی سەركەوتووی كرێكاران دەتوانین حیساب بكەین كە لە مەركەزە جۆراوجۆرەكانی كاری كرێكاراندا روویان داوە ئەمرۆ لە كوردستان تەنیا كرێكاران نین كە بۆ بەرەورووبوون لەگەڵ رژیم دەست دەدەنە ئیعتیرازی ئاشكرا ئەم مەسەلەیە بەشێكی بەرین لە كۆمەڵی كوردستان كە فشار و ستەمیان بە سەرەوەیە دەگرێتەبەر و ئەم واقعییەتە ئیمكانی رێكخستنی موقاومەتی جەماوەری پێك هیناوە خەباتی لاوان، ژنان، جووتیارانی هەژار، زەحمەتكیشانی حاشیەی شارەكانی و... كە جەماوەرێكی بەرین دەگرێتە بەر، دەتوانی لە چوارچێوەی عەلەنی و ئاشكرا وە حەرەكەت بكەوی، ویست و داخوازەكانیان لە لایەن حیزبی كۆمۆنیستەوە پشتیوانی لێ بكرێ و بۆ بە سەركەوتن گەیاندنیان وشیارانە و بە دانستە فەعالییەت بكرێ.

موقاومەتی بەرین بەرانبەر بە سەربازگیری بووە هۆی ئەوە كە رژیم قەت نەتوانی لە ساڵانی شەری ئێران و عێراق دا بەوجورەكە لە باقی شوینەكانی ئێران هێزی بۆ جەبهەكانی شەر كۆ دەكردەوە، لە كوردستانیش سەربازگیری بكا و هەر لە سایەی ئەم موقاومەتەوە بوو كە خەڵكی كوردستان تەلەفاتێكی كەمتریان لە جەبهەكانی شەردا پێ گەیشت بۆ ئەستاندنی باج و خەراجی جەنگی، لە بەر ئەوەی راستەوخۆ بە ناوی شەرەوە لە خەڵك داوا دەكرا، مەئموورینی رژیم ناكام دەمانەوە و لەگەڵ موقاومەت و ئیعتیرازی بە شكلی جۆراوجۆر بەرە روو دەبوون ئیعتیرازای گەرەكەكانی حاشیەی شارەكان قەت نەپسایەوە و خەڵكی ئەو گەرەكانە گەلێك جار داخوازی خۆیانیان بەسەر رژیم داسەپاند بۆ نموونە لە زۆر شاری كوردستان رژیم بە كردەوە نەیتوانی ببێتە مانعی خانوودروست كردن لە زەوییەكانی قەراخ شارەكان و نەیتوانی لەم بابەتەوە قانوونەكانی شەهرداری بەرێوە بەری.

خەباتی لاوان و جووتیارانی هەژارو...ش هەمیشە بەشێك بووە لە دیمەنی ژیانی خەباتكارانە لە كوردستان هەموو ئەم حەرەكەتانە كە لە ساڵانی رابوردوودا كراون پشتیوانەی ئەمرۆی ئێمەن بۆ بەرەوپێش بردنی كاری عەلەنی لە جەرگەی ئەم خەباتە جەماوەرییەدا لە كوردستان.

بەڵام بە هەموو ئەو تەجرەبە بە نرخانەوە كە بە درێژایی دە ساڵی رابوردوو لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی كوردستاندا وەدەست هاتوون و ئەو موحیت و هەل ومەرجە موساعیدەی كە پێك هاتوە، ئەمرۆ بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی عەلەنی و تەبدیل كردنی بە سوننەتێكی جێكەوتووی كاری شۆڕشگێرانە و كاری حیزبی و پتەو كردنەوە و گەشە پێدانی رەوشت و میكانیزمەكانی لە نێو رابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی كرێكاری و جەماوەریدا و لە لای كۆمەڵانی كرێكار و زەحمەتكێش، لەگەڵ مانع بەرەورووین كە پێش هەموو شتێك دەبێ بناسرین.

( ٢ )

كوردستان كۆمەڵێكە كە تێیدا حیزبە سیاسییەكان بە ریشەی كۆمەڵایەتییەوە وجوودیان بووە و لە چارەنووسی كۆمەڵدا دەخالەتیان كردوە و فەعالییەتیان كردوە هەر حەرەكەت و خەباتێك بووبێ یان ئەم حیزبانە هیدایەتیان كردوە یان لانی كەم بە نێوی ئەوانەوە كراوە و ئەوان لێرە پێكەوە لە كیشەیەكی سیاسی بەردەوام دابوون و ئامانج و سیاسەت و رەوشتەكانیان لە نێو جەماوەردا دراوەتە بەر هەڵسەنگاندن و یان پشتیوانی لێ كراوە یان موخالەفەتی لەگەڵ كراوە و بەم مەعنایە كوردستان كۆمەڵێكی حیزبییە لەم رووەوە لەم مەسەلەیەش دا كە ئێمە باسی دەكەین سوننەت و نەریت و رەوشتە سیاسییەكانی ئەم حیزبانە مور و نیشانەی خۆیان بە رەوتی بزووتنەوەی جەماوەرییەوە ناوە ناسیونالیزم سوننەتێكی خەباتكارانەی لە مێژینە و جێ كەوتووە لە كۆمەڵی كوردستاندا كە ساڵیانی ساڵ خەبات لە دژی دەوڵەتی مەركەزی لە ژێر ئالای ئەو رێبازەدا كراوە بەڵام لە سوننەتی ناسیونالیستیدا خەباتی هەموو رۆژەی كرێكاران و كۆمەڵانی زەحمەتكێش بۆ باش بوونی هەل و مەرجی ژیانیان، لە دژی سەرمایەدارانی محەللی و لە دژی دەوڵەت هیچ جێگایەكی نەبووە ئەم حەرەكەتانە یان بە كردەوە گوێ یان نەدراوەتی یان ئاشكرا تەحقیر كراون لەم سوننەتەدا جەماوەری كرێكار و زەحمەتكیش تەنیا لە حاشیەداو وەك پشتی جەبهەی خەباتی چەكدارانە چاویان لێكراوە.

زاڵ بوونی ئەم سوننەتە لە بزووتنەوەی كوردستاندا بە درێژایی چەندین ساڵ بووەتە هۆی ئەوەی كۆمەڵانی كرێكار و زەحمەتكێش رێكخراوی جەماوەری جێ كەوتوویان نەبێ و سوننەتەكانی كاری عەلەنی ئاگاهانە و خەبات بۆ باشكردنی هەل و مەرجی ژیان، نەتوانی پێ بە پێی فەزای خەباتكارانە و ئەو هەل ومەرجە موساعیدەی وجوودی بووە گەشە بكا و بچەسپێ دەبێ ئەوەش بڵێین كە بە هەر رادەیەك كۆمەڵە توانیویەتی خۆی لە ژێر فشاری بیر و بۆچوون و رەوشت و سیاسەتە سوننەتییەكان لە كوردستان دەربكێشی و سیاسەتەكانی خۆی دانستە، بە پێوانەی كرێكاری و كۆمنیستی دیاری بكا، پشت بە رەوتی خەباتی چینایەتی كرێكاران لە دژی سەرمایەداران و دەوڵەت و حیزبەكانیان ببەستی، بە هەمان رادە شاهیدی گەشە كردن و بە هێز بوونی سوننەتی سوسیالیستی لە زەمینەی كاری ئاشكرای جەماوەری دا بووین و ئولگووی بە نرخمان لەم زەمینەیەدا وەدەست هێناوە.

واقیعیەت ئەوەیە كە لە هەر حالدا خەبات بۆ وەدەست هینانی داخوازە ریفاهییەكانی كۆمەڵانی كرێكار و زەحمەتكیش و بە گشتی خەبات بۆ ئیسلاحات و باش بوونی هەل ومەرجی ژیان بە شێكی هەمیشەیی و جیانەبووەوەی دیمەنی خەباتكارانە لە كوردستان بووە سوننەتی سویالیستی ناتوانی لەگەڵ ئەم خەباتە بێگانە بێ و ئەو حیزبە سیاسییەی گوێ نەداتە ئەم خەباتە، پەیوەندی بە ژیانی واقیعی جەماوەرەوە نابێ ئەوشتە كە ئەمرۆ زیاتر لە هەمیشە پێویستە ئەوەیەكە جەرەیانی سیاسی كرێكاری لە كوردستان بە رۆشنی رابگەیەنی كە نەك تەنیا لە حاست ئەم حەرەكەتانە و چارەنووسیان كەمتەرخەم نیە بەڵكوو خۆی دەیەوی ببێتە بەشێك لەو ئیعتیرازە لەو حالەتە دایە كە دەتوانی هەموو تایبەتمەندییەكان و جیاوازییەكانی كۆمەڵی حیزبی و سیاسی كوردستان بۆ نزیك كردنەوە و وەدی هێنانی ئامانجی كرێكاران و"ستراتێژی كۆمەڵە لە بزووتنەوەی كوردستاندا" بگرێتە خزمەت ئەو كوسپە گرینگانەی لەسەر رێگای ئەم حەرەكەتەن، ئەمانەن،

الف: بە هێرشی نیزامی جمهووری ئیسلامی و میلیتاریزە بوونی كوردستان و سەرەكی بوونەوەی خەباتی نیزامی لە كوردستان بە پەیرەوی لە وەزعییەتی حاكم، تێكۆشانی تەشكیلاتی لە شوێنی كار و ژیان بۆ كۆمەڵە كەم رەنگ دەبێتەوە و ئەم لایەنە چارەنووس سازەی تێكۆشانی جەماوەری بە كردەوە دەكەوێتە حاشیەی كاری نیزامی پێشمەرگانە و بۆ دەورەیەكی چەند ساڵە كە كوردستان لە ژێر فشاری نیزامیدا بوو كۆمەڵە وەك جەرەیانێك كە بەشێكی بەرین لە كرێكاران و زەحمەتكیشانی كوردستان روویان تێ كردوە و پشتیوانی یان لێكردوە و لەم بابەتەوە گەلێك زەرفییەتی تایبەتی بووە،لە دەخالەت و تەئسیر دانانی كاریگەر لەسەرحەرەكەتە عەلەنییە جەماوەرییەكان لە كوردستان دوور كەوتەوە كاری ئاگاهانە و سیستماتیك لەم مەیدانەدا زۆر زەعیف بوو و حەرەكەتەكانی رۆژانە نەبوونە مایەی رێكخستنی جەماوەری و كۆمەڵە لە زۆر ئیمكانی واقیعی كە وجوودیان بوو و، ناسین و بە دەستەوە گرتنیان توانای ئەوەی بە جەرەیانی كۆمۆنیستی لە كوردستان دەبەخشی كە زۆر لەمە زیاتر تێكەلاوی بزووتنەوەی كرێكاری و جەماوەری بێ، مەحرووم بوو بەڵام ئەم وەزعییەتە خۆی میراتی سوننەتەكانی رابوردوو و فەرهەنگ و شێوە بە دەست و پێی ئەم جەرەیانەوە مابوون.

لەو سوننەتەدا كاری نیزامی وەك تاقە شكلێكی دەم و دەستی زەعیف و خەباتی شۆڕشگێرانە، چاوی لێدەكرا و رێكخراوی نیزامی و تەشكیلاتی عەلەنی سەر بەو رێكخراوە بۆشاییوە یا لاواز بوونی تەشكیلاتی شوێنی كار و ژیان و رێكخراوە جەماوەرییەكانی كرێكارانی دادەپۆشی.

ب: داگیر كرانی نیزامی كوردستان بە وەسیلەی هەزاران پایگا و قەرارگا و پادگانی نیزامی و حوزووری هەموو رۆژە و هەموو سەعاتەی هێزی سەركوتگەر لە ژیانی خەڵك دا، وجوودی فەزایەكی موقاومەتی گشتی بەرانبەر بە سەركوتی نیزامی، نەفرەت لە جمهووری ئیسلامی و هەروەها وجوودی خواستی رووخانی رژیم لە نێو توێژ و چینە جۆراوجۆرەكانی خەڵك دا، وە تێك هەڵچوون و بەرەورووبوونەوەی سیاسی و نیزامی كۆمەڵە و دیموكرات و...، بەبێ وجوودی سیاسەت و شێوە و رەوشتی رۆشن و رەواج پێدراو لە لایەن كۆمەڵەوە لە زەمینەی گرینگی و دەوری كاری عەلەنی لە خەباتی ئیعتیرازی جەماوەریدا، هەموو ئەمانە هەل ومەرجێكیان پێك هیناوە كە بەشێكی بەرچاو لە رابەرانی سیاسی و عەمەلی خاوەن نفووز لە نێو كرێكاران و زەحمەتكیشانی كوردستاندا نیسبەت بە پەی گرتنی داخوازە رۆژانەكانیان لە پێناو باش بوونی ژیانی خەڵك داوپێك هینانی هەل ومەرجێكی لە بارتر بۆكاری عەلەنی، بێ تەفاوەت بن وە لایان وابێ لە جێگایەكی تر دەتوانن دەور و نەقشی موسرتریان بێ لە نەتیجەدا بۆ ئەمانە بەشداری كردن لە حەرەكەتەكانی محەللی و مەحدوود دا لەچاو شیعارە رادیكالەكانی دژی رژیم و بە تایبەت لە چاو خەباتی چەكدارانە، وەك مەسەلەیەكی جیددی بە حیساب نەدەهات و رابەرانی خەباتی عەلەنی جەماوەری یان بەرەو خەباتی چەكدارانە رادەكیشران یان روویان دەكردە كاری نهێنی بە شێوەی سوننەتی كە لەو سوورەتەش دابەكردەوە

پێشڕەو

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٤ بەفرانباری _١٣٦٨ ژانویەی _ ١٩٩٠

بەشیکی زۆر لە زەرفییەتەکانی خۆیانیان بۆ تەئسیر دانان لەسەر خەباتی عەلەنی و جاری لە دەست دەدا.

ج: لە فەزای سیاسی جامعەی کوردستاندا حەرەکەت و ئاکسیونە عەلەنییەکان لەسەر ئامانجی بەرتەسك بە خیرایی لە شیعارە سەرەتاییەکانی خۆیان دوور دەکەوتنەوە هەتا خۆیان لە شیعار و ئامانجەکانی بزووتنەوەی چەکدارانەی مەوجوود نزیك کەنەوە بە هۆی نەبوونی رابەرانی کارزان و لیهاتووی کرێکاری لە محەل دا کۆنترولی ئاکسیونەکان دەکەوتە دەست هەلچوونیکی ماجەراجویانەی وردە بورژوایی ئەو داخوازانەی قابیلی وەدی هینان بوون دەخرانە حاشیەوە یان هەر وەلادەنران و ئەو ئاکسیونانە کە دەیانتوانی زۆر بەرینتر و جەماوەری‌تر بنەوەو زەمینەی گەشە و پەرە گرتنی داهاتووی خۆشیان هەر لە نیو دلی خۆیاندا پەروەردە بکەن دەبوونە حەرەکەتی بی نەتیجە و دەوریان چول دەبوو ئەگەر چی ئیمە لە کوردستان لەگەڵ جەرەیاناتیکی لە نەوعی چەپی سوننەتی وەردە بورژوایی بە ریبازی چریکی و شتی لەم چەشنەوە کە لە نیو جەماوەردا نفووزیان هەبی و لە هەمان کاتدا بە ئاشکرا کاری عەلەنی نەفی بکەنەوە و تەحقیری بکەن و دوور بوونی خۆیان لە خەباتی جاری کرێکاران و زەحمەتکیشان تیئوریزە بکەن، بەرەوروو نەبووین، بەڵام سەرەرای ئەمە شۆڕشگیریەتی وردە بورژوایی لە نیو موحیتی خەباتی کوردستاندا بناغەیەکی کۆمەڵایەتی نیسبەتەن بە هیزی هەیە کە بە تایبەت لەو هەل ومەرجی کۆمەڵی کوردستاندا توانیویەتی وەك کۆسپیك لەسەر ریگای شکل گرتن و جیگیر بوونی میکانیزمەکانی کاری عەلەنی لە رابەرانی خاوەن نفووزی محەللی عەمەل بکا حەرەکەتە عەلەنییەکان لەبەر شکلی خەباتیان و لەبەر بەرتەسك بوونی داخوازەکانیان لە لایەن ئەم گەرایشەوە وەك شتیکی چکولە و بی حاسل و غەیرە پیویست چاوی لیکراوە و تەنانەت تەحقیر کراوە و گالتەی پی کراوە و ئەگەریش بە هەر دەلیکلیك ناچار بووبن بەشداری و دەخالەتی تیدا بکەن بەردەوام بە چەپ و راست دا کەوتوون و بەم جۆرە بە کردەوە بوونەتە کۆسپی سەر ریگای ئەوە کە جەماوەریکی بەرینتر بە دلنیاییەوە روو بکەنە ئەو حەرەکەتە کەمتەرخەمی لە حاست بەرپا بوون و پەرەگرتنی شکلە جۆراوجۆرەکانی خەباتی عەلەنی و قانوونی لە پلە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵەش دا بەشیکی هەر بە هۆی رەنگدانەوەی جیگا و شوینی کۆمەڵایەتی ئەم تویژانە بووە.

د: سیاسەت و رەوشتەکانی حیزبی سیاسی بورژوازی—حیزبی دیموکرات—لە بنەرەتەوە لە دژی شکل گرتن و گەشەی خەباتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش عەمەل دەکا حیزبی دیموکرات بە درێژایی ساڵیانی سال ژیانی سیاسی خۆی لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی دژی دەوڵەتی مەرکەزی‌دا بە پیچەوانەی زۆر حیزبی هاوچەشنی خۆی لە جیگەکانی‌تر، نەك هەر دەور و نەقشیکی لە هیدایەت و ریکخستنی حەرەکەتە جەماوەرییەکاندا وەئەستو نەگرتوە بەڵکوو سیاسەت و رەوشتەکانی ئەو حیزبە بە کردەوەزیانی بەم بزووتنەوانە—بزووتنەوەی داخوازی‌گەیاندوە و تەنانەت کەوتووەتە بەرانبەریان حیزبی دیموکرات تەنیا کاتیك سەر و سوراغی جەماوەری گرتوە کە بتوانی لە جەماوەر وەك وەسیلە و ئامرازیك لە حیساباتی سیاسی دا بۆ پتەو کردنەوەی وەزعییەتی خۆی کەڵك وەرگری ئەم حیزبە، کۆمەڵانی زەحمەتکیش و زۆر لیکراوی نەك وەك کۆمەڵیك ئینسان کە حەقیان هەیە هەموو رۆژی بۆ باشکردن و ئینسانی‌تر کردنی هەل و مەرجی ژیانی خۆیان خەبات بکەن و لەم رەوتەدا خۆیان بۆ دەخالەت کردن و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆشیان ئامادە بکەن، بەڵکوو وەك پاشکوی سیاسەتەکانی خۆی و وەسیلەی بە دەسەلات گەیشتنی رابەرانی بورژوا و یەك لاکردنەوەی کیشە و ناکوکییەکانی بورژوازی کورد لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی چاو لی دەکا و، لەبەر ئەویە ئەم حیزبە هیچ ئاسویەکی بیجگە لە چاوەروانی دەرفەت و فورسەتی "موناسب" دانیشتن و پاشان بەشداری کردن لە سات و سەوداکاندا لەسەر وەدەست هینانی بەشیکی محەللی لە دەسەلاتی دەوڵەتی لەبەرچاو نەبووە، بە پیویستی نەزانیوە خۆی تیکەل خەباتی ئابووری و داخوازەکانی هەموو رۆژەی جەماوەر بکا لەم رووەوە حیزبی بورژوازی لە کوردستان تەنانەت بە پیچەوانەی زۆر حیزبی سوننەتی، یا بورژوا لیبرالی دیکەی وەك حیزبی توودە و جبهەی میللی و... قەت هیچ ئامادەگی‌یەکی بۆ هەنگاو هەڵگرتن لەگەڵ خەباتی عەلەنی لە دەورەکانی غەیرە شۆڕشگیرانە و پیش ئاخیزی جەماوەری دا لە خۆی نیشان نەداوە.

ه: بیجگە لەمانە دەبی ئەوەش بڵێین کە کرێکارانی کوردستان ئەساسەن لەبەرهەم هینانی بچووك و لە واحید و کارگاکانی پەراکەندەی بەرهەم هینانیدا خەریکی کارن و ئەوە کە لە بەر هەم هینانی گەورە دا نین خۆی هویەکی مەنفیە بۆ شکل گرتنی خەباتی بەرینی جەماوەری و عەلەنی کاریگەر لە سەر ویست و داخوازە ئەزموونی بەرتەسکی خەباتی شوورایی و سەندیکایی شیان هەر تەجرەبەی ئەم دە ساڵەیەو لەم بابەتەشەوە سوننەتی جیگیر بوو و سەقامگرتوو وجوودی نیە.

لابردن و لە نیو بردنی کۆسپ و گیر و گرفتەکان لە سەرەوە باسیان کرا تیکۆشانیکی جیددی و هەمە لایەنەی جەرەیانی رادیکال و کۆمۆنیستی لە کوردستانی پی دەوی لە پیناو شکل پیدانی کاری ئاگاهانەی عەلەنی لە خەباتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش دا.

( ٣ )

## ئایا هەر چەشنە تیکۆشانیکی عەلەنی لە هەمان کاتدا تیکۆشانیکی قانوونی‌یە؟

بی گۆمان وەلامی ئەم پرسیارە مەنفی‌یە.

حکوومەتی مەزهەبی بورژوایی لە ئێران و ئەو دیکتاتوری و خەفەقانە کە لەم دەورەیەدا بەسەر جامعەی ئێرانی داسەپاندوە هیچ جیگایەکی بۆ گەران بە شوین فورجە و ئیمکاناتی قابیلی اتکای قانوونی لە خەباتی جەماوەردا نەهیشتوەتەوە و قانوونەکانی مەوجوودی جمهووری ئیسلامی بە هیچ شیوەیەك ئەوەیان تیدا نیە کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش بۆ پەی گرتنی ویست و داخوازەکانیان پشتیان پی ببەستن و ئەم قانوونانە ناتوانن لەم خەباتەدا هیچ ئەمنییەتیکیان بۆ تەئمین بکەن لە لایەکەوە بە گشتی قانوونە رەسمی‌یەکان و ئەو قانوونانەی بەریوە دەچن خۆیان بە ئەندازەی کاف مەحدوود کەرەوە و دژی کرێکارین کە لە هەر لەحزەیەك دا پیویست بی لە دژی کرێکارانی تیکۆشەر کەڵکیان لی وەر بگیری و لە لایەکی دیکەشەوە لە ماوەی دەساڵی‌رابوردوودا رژیم بە ئاشکراترین شیوە نیشانی داوە کە بۆ بەرانبەرکی لەگەڵ خەباتی شۆڕشگیرانە و بەرانبەر بە خەباتی کرێکاران تەنانەت پابەندی بە لینەکان و قانوونە پەسند کراوەکانی خۆشی نیە و لە هەر لەحزەیەك دا بۆ پاراستن و درێژە پیدانی دەسەلاتی دژ بە شۆڕشی خۆی چ بە لازم بزانی ئەوە دەکا.

کەوایە کاری عەلەنی نەك هەر بە مەعنای تیکۆشان لە چوارچیوەی تەنیا قانوونی دا نیە بەڵکوو لە راستیدا خەباتیکە بۆ شکاندن و پووچەل کردنەوە و لە نیو بردنی هەموو ئەو مەحدوودییەتانە کە بە حوکمی قانوونە بورژواییەکان بەسەر جەماوەری موعتەریز دا تەحمیل دەکرین کاری عەلەنی ریگای خۆی بە نیو گەلیك زەرفییەت و ئیمکاناتی جۆراوجۆردا دەکاتەوە کە لە نیو کۆمەڵدا مەرج و وەزعییەتیکی سیاسی دیاریکراودا پیك هاتوون کاری عەلەنی دەتوانی خارج لە قانوونەکان و ئایین نامەکان و یاسا ئیداری‌یەکانی رژیم بەرەوپیش بچی و شیعارەکانی خۆی لە چوارچیوەی وا مەشرووع و جەماوەری دا بەیان بکا کە دەزگا ئیداری‌یەکانی رژیم و خاوەن کارەکان و دەزگاکانی سەربەوان خۆیان بە ناچار بزانن حەرەکەتە دەسپیکراوەکە بە رەسمی بناسن، خۆی لی نەدەن، حازر بن وت و ویژ و سازشی لەگەڵ بکەن و تەنانەت داخوازەکانی قەبوول بکەن سەرهەلدانی ئەم وەزعییەتە لە هەمان کاتدا کە بە مەعنای پەسند کرانی هیچ قانوونیك نیە بەڵام بە شیوەی واقیعی بۆ رژیم و خاوەن کارەکان تەسلیم بوونە لە حاست وەزعییەتیك ودانی ئیمتیازیکە کە لە ژیر فشاری خەباتی جەماوەری دا ناچار بوون قەبوولی بکەن بۆ نموونە رەنگە لە زۆر مەرکەزی کرێکاری لە نەتیجەی ئەم خەباتەدا ٨سەعات کار لە رۆژدا بەریوە بچی، کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران بە بی موزاحەمەتی مەئموورینی دەوڵەتی بەریوە بچی، مەراسمی سەر بە خۆی کرێکاران لە رۆژی کرێکاردا بگیری، سەندیکای کرێکاری‌ی بەشیکی دیاریکراو پیك بی و...، بە بی ئەوەی هیچکام لەمانە قانوون و بەلینی رەسمی و راگەیەندراوی جمهووری ئیسلامی‌یان لە پشت بی و تەنانەت بە بی ئەوەی بە شیوەی رەسمی و راگەیەندراو، لە لایەن رژیمەوە قەبوول کرابن مانگرتن لە رژیمی جمهووری ئیسلامی دا قانوونی نیە، بەڵام کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکان لە سەراسەری ئێران و لە کوردستانیش گەلیك جار دەستیان داوەتێ و زۆر جاریش ویست و داخوازی خۆیانیان پی وەدی هیناوە پیك هینانی اتحادیەی کرێکاری قەت بە شیوەی رەسمی لەلایەن رژیمەوە قەبوول نەکراوە بەڵام وجوودی ژمارەیەکی زۆر اتحادیەی سنفی کرێکاری بە رژیم تەحمیل کراوە لە زۆربەی ئەم نموونانەدا رژیم و سەرمایەداران بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم حەرەکەتانە و بۆ ئەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی خەباتی کرێکاران بە ناچار نەك بە شیوەی رەسمی و لە ریگەی قانوونە جاری‌یەکانی خۆیانەوە، بەڵکوو بە شیوەی ناراستەوخۆ و فریوکارانە جوولاونەتەوە و پەنایان بردوەتە بەر فیل و فریو.

بزووتنەوەی جەماوەری کرێکاران پیش ئەوەی بە شوین ئەوەوە بی هەندیك قانوون دیاریکراو بە سەر رژیم دا بسەپینی بۆ هینانی هەندیك ئال و گۆری واقیعی لە هەل ومەرجی خەبات و لە پیویستی‌یەکانی ژیانی رۆژانەی کرێکاران دا هەول دەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاشکرایە کە ئەگەر فشاری خەباتی جەماوەری بتوانی رژیم بە شیوەی رەسمی و لە ئاستی هەندیك قانوونی راگەیەندراودا ناچار بە پاشەکشە بکا، بیگۆمان پیك هاتنی ئەم وەزعییەتە بە قازانجی کرێکاران تەواو دەبی و فەزای سیاسی کوللی کۆمەڵیش بۆ لە رزوك کردنی بناغەکانی حکوومەتی دیکتاتوری مەزهەبی زیاتر ئاوالە دەکاتەوە بەڵام لیرەدا مەسەلەکە ئەوەیە کە یەکەم، دانانی ئەم ئامانجە لە دەستووری خەباتی ئەمرۆی کرێکاران دا—بەتایبەت لە کوردستان— ئالوز کردن و لە دەسرەس دوورخستنەوەی ئەو سەرکەوتنە کۆنکریت و هەنگاو بە هەنگاوانەیە کە بە کردەوە دەبنە هۆی باش بوونی هەل و مەرجی ژیان و خەباتی کۆمەڵانی کرێکار بۆ ئەوەی ماف و داخوازەکانی جەماوەر ببنە قانوون و بەلینی رەسمی پیویستە ئەم ماف و داخوازانە پیشتر بە شیوەی واقیعی لە خەباتی جەماوەردا وەدەست هاتبن رابەرانی کرێکاران بۆ دوزینەوەی ریگە دەست و ئیمکاناتی واقیعی بۆ حەرەکەتی عەلەنی جەماوەر ئەساسەن لە نیو کتیبەکانی قانوون داناگەرین بەڵکوو بە هەلسەنگاندنی ئەو وەزعییەتە موشەخەسەی کە تییدان کاری خۆیان بەرەوپیش دەبەن ئەو شتە کە توانایی ئەوەمان پی دەبەخشی داخوازەکانی خۆمان بە قودرەتەوە بەیان بکەین و بکەوینە شوین وەدی هینانیان، قانوونەکانی مەجوودی جمهووری ئیسلامی نین بەڵکوو ئەساسەن میزانی ئەو هیزە کۆمەڵایەتی‌یە واقیعی‌یەیە کە پیشتر دەتوانی لە دەوری ئەم داخوازانە کۆ بیتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا قانوونەکان و بەلینە رەسمی‌یەکان رژیمیش ئەگەر هەبن ئەو وەسیلە و ئامرازانەن کە کەڵك لی وەرگرتنیان ئیمکانی ئەوە بە رابەرانی کرێکاران دەدا داخوازەکانی خۆیان وا بیننە مەیدان کە هیزیکی زیاتر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و هاودەردی و پشتیوانی‌یەکی کۆمەڵایەتی بەرینتر بۆ لای خۆی راکیشی کەوایە بەکورتی بڵێین کاتیك باسی کاری عەلەنی و قانوونی دەکەین مەبەست گەران بە شوین هەل و مەرجی کار و تیکۆشانی حیزبی سیاسی لە چوارچیوەی قانوونەکانی جمهووری ئیسلامی دا نیە و ئاشکرایە کە لە تویی ئەم قانوونانەدا هیچ جیگا و ریگە دەستیك بۆ تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نادوزریتەوە، بەڵام بزووتنەوەی ئیعتیرازی و چینایەتی کە حیزبی کۆمۆنیست دەبی ببیتە بەشیکی جیا نەکراوەی ئەو بزووتنەوەیە، دەتوانی لە زۆر ریگەی ئیداری و قانوونی مەشرووع و بە کردەوە سەلمیندراو کە وجوودیان هەیە، بۆ هەرچی جەماوەری‌تر بوونەوە و هیز هەلخراندن بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانی خۆی کەڵك وەربگری.

رابەرانی کرێکاری و تیکۆشەرانی کۆمەڵە دەبی شیوەکانی کەڵك وەرگرتن لەم ئیمکانات و ریگە قانوونی یانەش فیربن ئەوە کە چلون دەکری و دەبی ئەم بزووتنەوە عەلەنی‌یە لە چوارچیوەی قانوونە جاری‌یەکان واوەتر ببری، ئەساسەن لە مەسەلەی سەنگ و سووکی واقیعی هیزەکان لە نیوان کۆمەڵانی موعتەریز و رژیم و سەرمایەداران دا گری دراوە.

( ٤ )

تیگەیشتنی دروست لە تەوازونی قوا مەسەلەی سەرەکی و چارەنووس سازی هەر خەباتکی عەلەنی‌یە هیچ حەرەکەتیك بە بی دوزینەوەی وەلامی واقیعی بینانە بۆ پرسیاری وەك ئەوەکە چ هیزیك لە دەوری شیعارەکانمان کۆ دەبیتەوە؟ چ دەرەجەیەك لە هاودەردی و پیشوازی گشتی لە داخوازەکانمان هەیە؟ یەکگرتوویی و هاوپشتی هیزی موعتەریز هەتا چ ئەندازەیەك حیسابی لەسەر دەکری؟ وەزعییەتی گشتی رژیم چونە و شیوەی بەرخوردی عەمەلی رژیم چونە و شیوەی بەرخوردی عەمەلی رژیم بە مانگرتنە کرێکاری‌یەکان و ویست و داخوازەکانی خەڵك چون دەبینن؟ وە گەلیك پرسیاری تری لەم چەشنە، تەنانەت یەك هەنگاویش بەرەوپیش هەلناگیری بە هەلسەنگاندنی دروستی ئەم مەسەلەیە کە رابەرانی خەباتی عەلەنی دەتوانن شکلی موناسبی ئیعتیرازی خۆیان دیاری بکەن شیعارەکان و داخوازەکانی لە قالبی مەشرووع و جەماوەری دا مەترەح بکەن، لە جەریانی عەمەلی دا دەست بدەنە مانورو انعتاف دروست و بەجی، لە کاتی خۆیدا پیشرەوی یان پاشەکشە بکەن و هیزی موعتەریز هەتا کۆتایی حەرەکەتەکە یەکگرتوو رابگرن.

ئەم موحاسەباتە لە غالبی ئەو حەرەکەتە کرێکاری‌یانەدا کە رۆژانە بەریوە دەچن، بە بی ئەوەی لە جیگایەك بنووسری‌یان تەنانەت بەیان بکری، بە هۆی رابەرانی عەمەلی کرێکاران لە ئاستی محەللی دا و لە هەر ئاکسیونیکی دیاریکراو دا دەکرین و بە پیی ئەو موحاسەباتە ریگە دیاری دەکری تەجرەبەی راستەوخۆی خەبات و فشاری پیویستی‌یە واقیعی‌یەکان و ئەو مەسئولییەتانەی لە ئەستویانە، رابەرانی کرێکاران و لەم بابەتەوە زۆر تیژبین و بەرچاوروون و وریا بار دینی.

هەڵسەنگاندنی واقیعی سەنگ و سووکی نیوان هیزەکان نابی تەنیا بە هەلسەنگاندنی ئەو هیزانە کە لەو رۆژە دیاریکراوە دا و لەو حەرەکەتە کرێکاری و جەماوەری‌یە دیاریکراوە دا بەشدارن وەدەست بی ئەم تەعادولی قوا چینایەتی‌یە نەك هەر تەنیا محەللی نیە بەڵکوو زۆر هۆ و عامیلی سەراسەری لە ئاستی کوردستاندا، لە ئاستی ئێراندا و تەنانەت لە ئاستی جیهاندا، بۆ ناسینی دروستی سەنگ و سووکی هیزەکان دەبی حیساب بکرین بۆ نموونە ئەوە کە رژیم بەریوە چوونی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری لە رۆژی جیهانی کرێکار دا کەم تا زۆر قەبوول دەکا، ناکری تەنیا بە حیسابکردنی ئەو تەعادولی قوایە کە لە کوردستان لە نیوان هیزی رژیم و چینی کرێکاردا هەیە پیی بگەی دەیان ساڵ خەباتی چینی کرێکار لە ئاستی جیهاندا ئەم رۆژەی کردوەتە رۆژی هاوپشتی چینایەتی جیهانی چینی کرێکار و لموزی دەیان دیکتاتوری لە خۆڵ وەرداوە کە لە سەتحی جیهاندا بەرانبەر بە رەسمی بوونەوە و بەریوە چوونی عەمەلی ئەم رۆژە موقاوەمەتیان کردوە لە ئێران لە چەند دە ساڵی رابوردوو دا ئاگری خەبات بۆ بە رەسمییەت ناسرانی ئەم رۆژە و بەرێچوونی ئەو رۆژە بە کەڵك وەرگرتن لە هەر دەرفەت و هەل و مەرجیکی مومکین، قەت خاموش نەبووە، لە کوردستانیش نزیکەی دە ساڵە کە هەموو ساڵی کرێکاران لە ئەبعادی جۆراوجۆردا توانیویانە مەراسمی سەربە خۆی ئەم رۆژە بەریوە بەرن کەوایە کاتیك لە شاریکی دیاریکراو کرێکاران عەزم دەکەن جەژنی چینایەتی خۆیان لە رۆژی ئەوەلی مانگی مەی دا بە شیوەی عەلەنی بەریوە بەرن هەموو ئەم خەبات و تەجرەبە و دەسکەوتانەیان لە پشت سەرە و پشتی پی دەبەستن. خەبات بۆ رۆژکاری ٨ سەعاتە، خەبات بۆ تەئمینی بیمەی بیکاری، خەبات بۆ وەدەست هینانی ئازادی پیك هێنانی ریکخراوە جەماوەری‌یەکان، خەبات بۆ وەردەست هینانی مافی ئازادی مانگرتن و شتی‌تری لەم چەشنە هەموویان لەو داخواز و شیعارانەن کە تەعادولی قوای خەباتکارانە بۆ وەدەست هینانیان لە سەتحی محەللی واوەتر دەچی فاکتورە ئەساسی‌یەکانی هەلسەنگاندنی ئەم تەعادولی قوایە دەبی لە هەل ومەرجیکی کۆمەڵایەتی گشتی‌تر دا بەدی بکری، ئەو هەل ومەج و وەزعییەتە کە سەرەرای هەموو ئالوز و پیچیدە بوونی ئەغلەب بە شیوەی خودبەخودی لە زەینی رابەرانی کرێکاری دا عەمەل دەکا ئەم عامیل و فاکتورانە کۆمەڵایەتین و بە شیوەی کۆمەڵایەتیش عەمەل دەکەن نموونەی ئەوەلی مانگی مەی پیشتر ئیشارەی پی کرا گەلیك نموونەی تریش بۆ تەوزیحی ئەم مەسەلەیە دەکری باس بکەین بۆ نموونە، لە بابەت لایحەی قانوونی کاری رژیم دەکری بڵێین کە جەمع بەندی دەورەیەك لە دەرگیری و بەرانبەرکیی لیرە و لەوی و پەراکەندەی کرێکاران لەگەڵ سەرمایەداران و دەوڵەت لەسەر مەسەلەکانی مەربووت بە قانوونی کار، هەلسەنگاندن و ناسینی زەرفییەتەکانی بالقوەی چینی کرێکار و نیگەرانی بورژوازی ئێران لە حەرەکەتەکانی ئەم چینە، نیگەرانی لە گەشە کردنی جەرەیاناتی رادیکالی کرێکاری و پەرەگرتنی کار و تیکۆشانی کۆمۆنیستی لە نیو کرێکاراندا و شتی دیکەی لەم نەوعە رژیم ناچار دەکا باسی قانوونی کار لە سەتحی جامعەدا مەترەح بکا و لایحەکەی بەریتە مەجلیس و هەول بدا بەم مانورە هەتا ئەو جیگایەی دەتوانی ویست و داخوازەکانی کرێکاران داشکینی و لە قالبەکانی خۆیدا دایان رێژی ئەمە سەنگەریکە کە سەرەرای هەموو فریوکاری و ریاکاری‌یەکانی دوژمن پیی تەحمیل کراوە و کرێکاران هەر لیرەوە درێژە بە

خەباتی خۆیان دەدەن نەفسی قەبوول کردنی ریکخراوە کرێکاری‌یەکان وەك "خانەی کارگەر" و تەنانەت شوورا ئیسلامی‌یەکانی کارخانەش – سەرەرای ئەوەی استفادەی کۆنەپەرستانە و دژی کرێکاری لی دەکری–نیشاندەری نیگەرانی واقیعی رژیمە لە گەشە کردنی خەبات بۆ ریکخراو بوونی سەربەخۆی کرێکاری ریکخراو بوونی.

ریکخراوە کۆنەپەرست و زەردەکان لە راستیدا سەنگەری دیفاعی دوژمنن بەرانبەر بە چینی کرێکار و بەرانبەر بە خەباتی ئەو چینە بۆ پیك هینانی شوورا واقیعی‌یەکان، کۆبوونەوەی گشتی، سەندیکای سەربەخۆ و ریکخراوی دیکەی کرێکاری.

لە بابەت کوردستانەوە ئەم نموونانەی خوارەوە مەسەلەکە زیاتر رۆشن دەکەنەوە، ئەوە کە رژیم بەرانبەر بە موقاومەتی خەڵکی چەند ئاوایی لەسەر مەسەلەی سەربازگیری بۆ جەبهەکانی شەر، پاشەکشەی دەکرد لە مەرقعییەت و وەزعییەتیکی گشتی ترەوە سەر چاوەی دەگرت کە رژیم لە کوردستان تییدا بوو، وە بەرانبەر بە کوللی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگیرانە پاشەکشەی پیکرا بوو نەك تەنیا بەرانبەر بەو هیزەی لەو چەند ئاوایی‌یە لە دژی ئەم سیاسەتە کۆ ببوونەوە موقاومەتی شاری سنە بەرانبەر بە لەشکر کیشی و موحاسەرەی جمهووری ئیسلامی تەنیا بە دەلیلی ئەو تەناسوبی قوا نیزامی‌یە نەبوو کە لە نیوان هیزی پیشمەرگە و رژیم دا بە وجوود هاتبوو، بەڵکوو موقاومەتیکی جەماوەری بوو کە نزیکەی مانگیك هیزەکانی رژیمی لە پشت دەروازەکانی شار چەقاند لە مانگرتنەکانی کوورەخانەکاندا کە مەرکەزی کووە بوونی بەشیکی زۆر لە کرێکارانی کوردستانن و هەموو ساڵی سەرکەوتوانە بەریوە دەبری، تەوازونی قوا تەنیا لە هیزی چەند کۆمەڵی کرێکاران لە چەند کوورەخانەی ئیرە و ئەوەی پیك نەهاتوە بەڵکوو ساڵەها خەباتی کرێکارانی ئەم بەشە و تەجرەبە و لیهاتوویی رابەرانی کرێکاری لەم مەیدانەدا لانی کەم لە سەتجی کوردستانی دا ئەوە دیاری دەکا.

دیمەنیك لە تەناسوبی واقیعی هیزەکانی نەك تەنیا لە حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یە کرێکاری و جەماوەری‌یەکاند بەڵکوو لە حەرەکەت و عکس العمل و تاکتیکەکانی دوژمنیش دا بەدی دەکری رژیمی دیکتاتوری مەزهەبی کە بیجگە لە زمانی ئیعدام و شکەنجە و سەرکوت بە هیچ زمانیکی تر لەگەڵ موخالیفانی خۆی نەدواوە، رووهێنانی بەرەو تاکتیکی فریو کارانە و وەعدە و بەلین لە حاست کرێکاران و جەماوەری خەڵکی بی‌بەش ناتوانی حاسڵی هیچی‌تر بی بیجگە لە فشاری بالقوە و بالفعلی واقیعی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری.

رێکخراوەی کرێکاری ئیسلامی پیك دەهینرین، رۆژنامەی تایبەتی کرێکاران بڵاو دەکریتەوە، بەرنامەی رادیو و تلویزیونی تایبەت بۆ کرێکاران تەرخان دەکری و یەکێك لە نوکەرانی رژیم وەك "نوێنەری کرێکاران" دەبریتە مەجلیس و دەگاتە وەزارەت، باسی قانوونی کار و بیمەی بێکاری پەرەی پی دەدری، باسی ئەوەلی مانگی مەی دەبریتە نویژی جومعە و هەموو ئەم کارانە لە جەرگەی وەحشیانەترین چەوساندنەوەی کرێکاران و هەژاری و بی مافی موتلەقی کرێکاراندا دەکرین رژیمیك کە ئەوکات کە هیشتا خوشباوەری بەشیکی بەرین لە چینە ناونجی و ژیان خۆشەکانی جامعەی بە پشتەوە بوو و خۆی بە سەمەرە و حاسڵی ئینقلابی ٥٧دادەنا تەنانەت حاشای لە مەوجوودییەتی چینی کرێکار دەکرد ئەمرۆ ناچارە لە زمان رفسنجانی‌یەوە لە نویژی جومعەدا را بگەیینی:" ئەم رۆژی ١١ی ئوردیبهشە هەلبەت خۆ ئیمە دیاریمان نەکردوە بەڵام ئێتر جەژنی کرێکارانە و ئیمەش ئیحترامی دەگرین"!

رۆشنە کە توازونی قوا پەیوەندی‌یەك نیە نەگۆری دەبی هەول بدری ئەم رابیتەیە بە کاری ئاگاهانە هەتادی بە قازانجی کرێکاران بگوردری نەفسی پەرەگرتنی خەباتی عەلەنی و هیدایەت کردنی ئاگاهانەی ئەو خەباتە یارمەتی بە گۆرانی ئەم رابیتەیە دەکا لە جەرگەی ئەم خەباتە دایە کە جورئەت و جەسارەتی ئیعتیراز کردن دەچیتە سەر، پلەی تەوقوعاتی جەماوەری دەچیتە سەر، رابەرانی عەمەلی خاراوتر و لیهاتووتر دەبن، جەماوەری کرێکاران لە ئاستیکی گشتی‌تردا دەرسی خەبات فیر دەبن، ریگای پیك هێنانی ریکخراوەجەماوەری‌یەکان خۆش دەبی و لە هەل ومەرجیك دا کە تەرازووی هیزەکان بە قازانجی کرێکاران بی، موقاومەتی کارفەرمایان و دەوڵەت پووچەل دەبیتەوە و ئەو ریکخراوانە پیك دین، و هەموو ئەم رووداوانەیە کە تەرازووی هیزەکان بە قازانجی کرێکاران دەگوری کۆمەڵە بە کەلك وەرگرتن لە زەرفییەتەکان و لەو جیگاوشوینە کە لە کوردستان و لە نیو کرێکاراندا وەدەستی هیناوە دەتوانی لە باشکردنی ئەم تەناسوبی قوا چینایەتی‌یەدا بە قازانجی کرێکاران، دەوریکی چارەنووس سازی لە ئەستو بی. بردنە سەری پلەی وشیاری و ئاگادار بوون لە بەرژەوەندی سەربەخۆی چینایەتی بە تەبلیغات و ئاموزشی کەتبی و شفاهی، کەمپەینی تەبلیغی و تەرویجی بەنامەدار، گشتی کردنەوەی شیعار و داخوازەکانی کرێکاران و سەراسەری کردنەوەیان و بردنە سەری پلەی تەوەقوعاتی جەماوەر لەم ریگایەوە، کۆ کردنەوە سەریەکی دەسکەوتەکانی خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران و هەولدان بۆ تەبدیل کردنی ئەم نەتیجەگیری‌یانە بە تیگەیشتن و بوچوونی گشتی کرێکاران، کاری تایبەت و پر بە پر بۆ پووچەل کردنەوەی هویەکانی پیك هینەری تەفرەقە و چەند بەرەکی لە نیو کرێکاراندا وەك رەقابەت لەسەر پەیدا کردنی کار، پەیدا بوونی نموونەی مانگرتن شکاندن، جیایی کۆنەپەرستانە بە پیی کورد و تورك و فارس و ئەفغانی و شیعە و سوننی و شتی‌تر بوون، وە لە سەرووی هەموو ئەمانەوە هەول و تیکۆشانی سیستماتیك بۆ جیگیر کردنی هەموو دەسکەوتەکانی خەبات بە پیك هینانی ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران، ئەمانە سەر خەتی ئەو هەنگاوانەن کە دەبی بۆ گورینی تەناسوبی قوای خەباتکارانە بە قازانجی کرێکاران، لە هەر مەقتەعیکدا لە لایەن ئێمەوە شوینیان بگیری.

( ٥ )

### شیعار و شیوەی هیزی هەلخرین:

فەعالییەتی عەلەنی بە پیی قاعیدە فەعالییەتیکە کە بە خەباتی جەماوەر پشت ئەستوورە، کە وایە شیعارەکان و داخوازەکانی دەبی جەماوەر کۆبکەنەوە و لە هەر ئاکسیونیکی دیاریکراو دا پشتیوانی جەماوەریکی هەرچی بەرینتر بۆلای خۆیان راکیشن، هەر بۆیە دەبی مەسەلە سەرەکی‌یەکانی نارەزایەتی کرێکاران بگرنە بەر لە هینانە گۆر و شیوەی بەیان کردنی ئەم داخوازانەدا دەبی لەسەر ئیمکانی بە سەرکەوتن گەیاندنیان و جیگیر کردنیان وەك دەسکەوتیك بە شیوەی جیددی حیساب بکری ئەم دەرك و تی گەیشتنە بە رابەری محەللی خەباتی عەلەنی ئیمکان دەدا لە هیدایەت و بەرەوپیش بردنی خەباتیك دا کە رابەری‌یەکەی گرتوەتە ئەستو، توانایی‌یەکانی جەماوەری موعتەریز لەبەرچاو بگری نە بەرەو ئامانجی غەیری قابیلی وەدی هاتنیان بەری و نە بیانکاتە شوین کەوتووی مەیل و خواستی بەشی خۆپاریز و محافزەکار ئەو شیعارانە کە لە تەوازونی قوای مەجوود دا غەیری قابیلی وە دی هاتن بن و جەماوەری موعتەریز پییان وا نەبی دەتوانن بەهیزی خۆیان وەدەستیان بینن، هیچ خاسییەتیکیان نیە بیجگە لە پرژ و بڵاو کردن و لیك دابرانی جەماوەر لەو حەرەکەتە دیاریکراوەدا لە دەورەی شۆڕشگیرانەدا و لە هەل ومەرجیك دا کە مەسەلەی قودرەتی سیاسی لە نیو جامعەدا دیتە گۆر و دەسەلاتدارەتی رژیم دەکەویتە بەر هیرش دیارەئامانجی خەباتی عەلەنی لە چوارچیوەی داخوازی ورد و داخوازی سنفی واوەتر دەچی و شیعار و داخوازی ئابووری–سیاسی هاوبەش و سەراسەری دەبیتە ناوەروك و ئامانجی خەباتی عەلەنی جەماوەری و لە راستیدا ئەو شیعارانە کە حیزبی سیاسی کرێکاری هەمیشە تەبلیغی دەکردن لەم هەل ومەرجە داجەماوەرلە دەوریان کۆ دەبیتەوە و بە شیوەی بەرینی کۆمەڵایەتی پشتیوانی‌یان لی دەکری.

بەڵام ئەو شتە کە ئەمرۆ تیکۆشەرانی محەللی و رابەرانی کرێکاری بە تایبەت لە کوردستان دەبی لەبەر چاوی بگرن، فەراهەم کردنی پیویستی‌یەکانی پیك هینانی ئەو هەل ومەرجەیە و ئەم کارە تەنیا بە پشتیوانی لیکردن و هینانە گۆری ئەو داخوازانە دەکری کە لە تەناسوبی قوای واقیعی ئەمرۆ و لە حەرەکەتی دیاریکراودا قابیلی وە دی هاتن بن.

بەڵام بۆ ئەوەی لەو هەل ومەرجەدا ویست و داخوازەکانی حەرەکەتی عەلەنی لە لایەکەوە جۆرئەت و جەسارەتی بەشداری کردن لە خەبات دا بۆ وە دی هێنانیان، لە نیو ژمارەیەکی هەر چی بەرینتری کرێکاران و خەڵکی موعتەریزدا بەریتە سەر و لە لایەکی دیکەوە هاودەردی و پشتیوانی کۆمەڵایەتی لە دەورەوی ریزەکانی خۆشی بەرەو لای ئەو حەرەکەتە راکیشی، پیویستە ئەم شیعارانە بە مەشرووعییەتی هەرچی زیاتر و لە قالبی وا دا کە لە لایەن بەشیکی هەرچی بەرینتری کرێکارانەوە قابیلی دیفاع بی بهینریتە گۆر رابەرانی کرێکاران بە تەجرەبە فیر دەبن کە چلون ویستی خۆیان بە بەیانیکی جەماوەری بیننە گۆر، چلون سەبارەت بە حەقانییەت و رەوا بوونی داخوازەکانیان دەلیل بیننەوە، لە حەیاتی بوونیان بۆ دابین کردنی لانی کەمی ژیان و دابین کردنی هەل ومەرجی ئینسانی دیفاع بکەن، نیشان بدەن کە ئەمە سەرەتایی‌ترین و ئاشکراترین مافیانەکە حاشای لیدەکری و بەم جۆرە فەزایەك لە پشتیوانی و هاو دلی لە دەو+روبەری خۆیان پیك بینن و بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ ئەم فەزایە بۆ کارفەما و رژیم هەر چی دژوار و دژوارتر بکەنەوە.

دیارە کرێکاران خۆیان بۆ "قانع بوون" و تیگەیشتن لە هەل ومەرجی ژیانیان و حەقانییەت و رەوا بوونی و ویست و داخوازەکانیان پیویستی‌یان بەم دەلیلە سادە و روشنانە کە لە قالبی قانوونی و مەشرووع دا بەیان کراون نیە ئەوان خۆیان ئەو شتەی بە سەریان دی و ئەو هەل ومەرجەی تییدان بە گوشت و پیستەوە هست پی دەکەن بەڵام لیرەدا ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئەم جۆرە هێنانە گۆرەی داخوازەکان بە بەیانی موناسب و لە قالبی وا دا کە مەشرووعییەتیان لە لایەن ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵکی شەرافەتمەند و حەقخوازەوە قەبوول بکری لە لایەکەوە بە کۆمەڵانی موعتەریز لە تەعادولی قوای ئێستا دا جۆرئەت و هیزیکی زیاتر دەبەخشی و لە لایەکی دیکەوە ریاکاری و فریو کاری دوژمنانی کرێکاران بۆ پەردە پوش کردنی سیمای چەوسینەر و دژی کرێکاری خۆیان، لە لای هەموان ئاشکرا دەکا و سەرمایەداران دەنیتە بەرانبەر ئیددیعا ورد و درشتەکانی هەموو رۆژەیان.

( ٦ )

### فەعالییەتی عەلەنی و رابەرانی عەلەنی

هۆی چارەنووس ساز لە بەرپا کردنی هەر حەرەکەتیکی عەلەنی‌دا وجوودی رابەرانیکە کە هەمیشە و بە شیوەی تەبیعی بتوانن بکەونە رێزی پێشەوەی ئەو خەباتە و، بەردەوام بوون و پەرەگرتنی ئەم جۆرە ئاکسیونانە خۆی باشترین مەدرەسەیە بۆ وەدەست هێنانی تەجرەبە و پەروەدە بوون وخەمیلینی توانایی‌یەکانیان لەم زەمینەیەدا هەموو حەرەکەتە عەلەنی و جەماوەری‌یەکان لە مەرکەزە کرێکاری‌یەکان و لە شارەکانی کوردستان بە دریژایی دەساڵی رابوردوو بە دەور و نەقشی هەڵسووراوانەی ئەم رابەرە محەللی‌یانە بەرەوپیش چووە و لە جەرگەی ئەم خەباتەدا بووە کە نفووز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی ئەو رابەرانە چووەتە سەر، لیهاتووتر و پوختەتر بوون و شکل و شیوەی جۆراوجۆرتر و پیچیدەتریان لە هیدایەتی خەباتی جاری لە چوارچیوەی مەشرووع و قانوونی دا هەڵبژاردوە بەڵام لە هەمان کاتدا پەرە نەگرتنی ئەم حەرەکەتە جەماوەرییانە بەوجۆرەی پیویستە و کەحدوود مانەوەیان لە سەتحی محەللی‌دا بە تایبەت لە ساڵانی ئەخیر دا ناشی بووە لە وجوودی کەم و کووری‌یەکی واقیعی لە کاری ئێمەدا لە زەمینەی پەروەردە کردنی رابەرانی عەمەلی بزووتنەوە عەلەنی یەکاندا.

یەکێك لە تایبەتی‌یەکانی مەوقعییەتی ئێستا لەم بابەتەوە، لە کوردستان ئەوەیەکە بەشکی زۆر لە رابەرانی کرێکاری بزووتنەوەی جەماوەری لە دە ساڵی رابوردوودا هاتوونەتە نیو سازمانی عەلەنی و چەکداری کۆمەڵە و ئەمرۆ پر بوونەوەی جیگای خالی ئەم ژمارە نیسبەتەن زۆرەی رابەرانی خاوەن نفووز کە لە مەنتەقەیەك دا وە یا لەوەش واوەتر، دەیانتوانی دەوری رابەری بگرنە ئەستو، پیویستی بە کاریکی تایبەت لە لایەن ئێمە هەیە لە لایەکەوە ئەو رەوشت و میکانیزمانە کە ئەمنییەتی ئەم رابەرانە وەك سیمای عەلەنی بزووتنەوەی جەماوەری دەپاریزن دەبی بە دروستی بناسرین و بە تەواوی ریعایەت کرین و لە لایەکی دیکەشەوە بە کاری تەرویجی و وشیاریدەرانە و لیکدانەوە و هەلسەنگاندنی سیاسی واقیعی و رۆشن یارمەتی ئەم هاوری‌یانە بکری بۆ ناسینی تەوازونی قوا و هێنانە گۆری شیعاری هەڵخرینەر و شیعاری وا کە هیز لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و هەروەها بۆ رەچاو کردنی تاکتیکی بە جی ئەو شتە کە بە تایبەت لیرەدا دەبی تەئکیدی لەسەر بکری، مەسەلەی ئەمنییەتی ئەو رابەرانەیە سیاسەتە تەشکیلاتی‌یەکانی ئێمە نەك هەر نابی مەوقعییەتی ئەم هاوری‌یانە لە باری ئەمنییەتی‌یەوە تووشی خەتەر بکا بەڵکوو دەبی ئەوان بە پەی گرتنی ئەو رەوشت و سیاسەتە عەمەلی‌یانە کە ئێمە تەرویجیان دەکەین، ئەمنییەتیکی زیاتر وەدەست بینن و بە خەیالیکی ئاسوودەترەوە کاری خۆیان لە شوینی خۆیان بەریوە بەرن ئەوان بە شیوەی تەبیعی لە نیو خەڵك دا خۆشەویست و خاوەن نفوزن، ئەو داخوازانەی دیفاعیان لی دەکەن هەموویان مەشرووعن و بە شیوەیەکی بەرین پشتیوانی‌یان لی دەکری ئالوودەگی ئەمنییەتی و تەشکیلاتی نابی ئەم مەوقعییەتە بەنرخەی ئەوان تووشی خەتەر بکا.*

( ٧ )

### فەعالییەتی عەلەنی و تاکتیکی شۆڕشگێرانە

ئایا تەئکیداتی تا ئێستامان لە زەمینەی کاری عەلەنی و رەواجی ئەو ئاموزشانە دا کە بە کەڵك لی وەرگرتنیان بکری لە هەر هەل ومەرجیك دا و لە چوارچیوەی مەحدوود دا و تەنانەت لە ریگەی ئیداری و قانوونی و ئەم جۆرە شتانەشەوە، خەباتی عەلەنی بەرەو پیش بەری بە مەعنای ئەوەیە کە ئێمە پیمان وانیە هیچ سنووریك بۆ مەحدوود کردنەوەمان هەیە و لە باری رەوشت و سیاسەتە عەمەلی‌یەکانەوە فەرقیك لە نیوان ئێمە و ئەحزابی لیبرال – ریفورمیست دا نیە؟ قەتعەن لەم بابەتەوە جیاوازی بنەرەتی وجوودی هەیە. پیش هەموو شتیك ئەو سیاسەت و تاکتیکانە کە ئێمە لەم نیوەدا وەك جەرەیانیکی کۆمۆنیستی بە شوینیانەوەین، لە راستیدا بەش بەشی ستراتیژی‌یەکی گشتین کە قەرارە کرێکاران بنیتە سەرووی دەسەلاتی سیاسی‌یەوە و جامعە لە مەوقییەتی پیچەوانە و غەیرە عادلانەی دەسەلاتدارەتی کە مایەتی‌یەکی چەوسینەر رزگار بکا و مالکییەتی خوسووسی و کاری کری‌گرتە هەلوەشینیتەوە هەموو تەئکیداتی ئێمە لەسەر کاری قانوونی و عەلەنی، بێجگە لە خەباتی پەیگیرانە بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو زەرفییەت و ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی کرێکاران بۆ بەرپا کردنی شۆڕشیکی کرێکاری و نزیك بوونەوە لەم ستراتیژی‌یە کۆمۆنیستی‌یە هیچی‌تر نیە ئەم ئاسویە بیگۆمان ئێمە لەباری شیوە عەمەلی‌یەکان و تاکتیکی خەباتکارانەوە لە بزووتنەوەی عەمەلی جەماوەریش دا لە ئەحزاب و جەرەیاناتی غەیرە کرێکاری جیا دەکاتەوە ناسینی دروستی ئەم جیاوازی یە لە هەر خەباتیکی دیاریکراودا دەگەریتەوە بۆ رۆشن بینی سیاسی و تعلقی ئیدئولوژیکی رابەرانی محەللی بە جەرەیانی کۆمۆنیستی و ئامانجە ستراتیژیکەکانی کرێکاران.

واقعییەت ئەوەیە کە رابەرانی محەللی و عەمەلی کرێکاران لە جەریانی هیدایەت و بەرەوپیش بردنی ئاکسیونیکی دیاریکراو دا هەندیك جار دەست دەدەنە شکل و شیوەی وا و سازش و مانوری وا بۆ بەسەر کەوتن گەیاندنی خەباتی خۆیان هەڵدەبژیرن کە مەرج نێیە بە ئوسوولی کاری عەلەنی و فەعالییەتی کۆمۆنیستی دا بنرین بەڵام دەکری لە چوارچیوەی فەعالییەتی محەللی دا جیگەی خۆیانیان هەبی و قابیلی قەبوول بن لە هەر حاڵدا ئەم جۆرە انعتاف و مانورانە تەنیا لە چوارچیوەی سیاسەتیکی کۆمۆنیستی کرێکاری‌دا دەکری جیگەیان بدریتی مەبەست ئەوەیە کە کرێکارانی پیشرەو بە رەچاو کردنی سیاسەتە کۆمۆنیستی‌یەکان حەرەکەتی ئیعتیرازی خۆیان جەماوەری بکەنەوە ئیمە بە شیوەی جیددی موخالیفی ئەو سیاسەت و رەوشتانەین کە خەبات بۆ باش بوونی(هەل ومەرجی ژیان و خەبات) و ئیسلاحات دەکەنە ئامرازیك بۆ دوور کردنەوەی کرێکاران لە تاکتیکەکانی شۆڕشگێرانە و دژی سەرمایەداری، وە لە جەرگەی خەباتی رۆژانەی کرێکاراندا ئامانجی دریژ خایەنی سوسیالیستی و بەرژەوەندی کوللی چینی کرێکار وەك چینیکی جیهانی کەم رەنگ دەکەنەوە و لە بیریان دەبەنەوە تاکتیکەکانی خەباتی کرێکاران لە بزووتنەوەیەکی عەلەنی‌دا بۆ داخوازی بچووکیش دەکری و دەبی ببنە هۆی تەقویەتی هاوپشتی چینایەتی و چوونە سەری پلەی ریکخراو بوونی کرێکاران، بە هیز بوونی رێزی خەبات لە دژی مالکییەتی خوسووسی، لە دژی کاری کری گرتە و بۆ پیك هێنانی جامعەی سوسیالیستی تاکتیکی شۆڕشگێرانە رەوشتی خەباتکارانەی ئوسوولی دەبی لەم واقعییەتەوە دەر بکیشرین وەك پیوانەی کوللی لەم زەمینەیەدا دەکری ئیشارە بەم خالانەی خوارەوە بکەین:

ئەو رەوشت و تاکتیکانەی خەبات کە کرێکارانی پیشرەو و رابەرانی عەمەلی لە حەرەکەتیکی خەباتکارانەی عەلەنی‌دا دەکەونە شوینیان نابی جەوهەر و ماهییەتی واقیعی دوژمنانی چینایەتی و سیمای دژی کرێکاری و چەوسینەر و سەرکوتگەریان لە چاوی جەماوەر بشاریتەوە و بەم مەعنایە خۆشباوەری دروست بکا کرێکاران ئیمکاناتی خەباتی عەلەنی بە هیزی یەکگرتوویی و هاوپشتی خۆیان و حەقانییەتی شیعارەکانیان وەدەست دینن کەوایە هیچ پیویستی‌یان بەوە نیە شیوە و رەوشتی وا هەڵبژیرن کە سەرمایەداران و دەولەتەکەیان نەرەنجینی کرێکاران لە حەرەکەتەکانی خۆیاندا موری تەئیید نانینە سەر خەسلەتی فریو کارانەی هیچ بەش و لایەنیکی بورژوازی، بەڵکوو کاری خۆیان بە پشت ئەستووری ئەو میزان هیزەی کە بۆ وەدی هینانی داخوازەکانیان کویان کردوەتەوە بەرەوپیش

دەبـــەن حیزبـــی وەك حیزبـــی تـــوودە ئیمكـــانی فەعالییەتی عەلەنی خۆی بە قیمەتی پی هەڵگوتنی جمهـووری ئیسلامی و خزمـەت بـە سیاسـەتی سـەركوتگەرانەی ئەو رژیمـە وەدەسـت دینـی بـەڵام كرێكـارانی شۆرشـگێر، خـەباتی عەلـەنی لـە پینـاو داخوازەكانیاندا لە چوارچیوەی كوللی ئەو ئیمكانات و هەل ومەرجەدا كە بە هیزی خەباتی جەماوەر وەدەست هاتوە بەرەوپیش دەبەن.

خەباتی عەلەنی نابی تەفرەقە لە نیو كرێكاراندا پەرە پی بدا پەرە گرتنی یەكگرتوویی چینایەتی لە خەبات دژی سەرمایەداران و دەوڵەتەكەیاندا یەكەمین ئامانجی هـەر خـەباتیكی كرێكاری‌یـە لـەم رووەوە تاكتیكـە ئۆسوولی‌یەكانی رابەرانی محەللی كرێكاران لە خەباتی عەلـەنی‌دا نـاتوانی و نـاكری بیجگـە لەمـە هـیچ نەتیجەیەكی بی بە تایبەت لە هەل ومەرجی ئێستادا كـە هـەژماریكی بـەرینی بێكـاران لـە ئێـران هـەن و سەرمایەداران و دەوڵەت لە جیایی مەزهەبی و میللی وشتی‌تر بۆ وەدەسـت هێنـانی هیـزی كـاری هەرچی هەرزانتر، بە شیوەی بەرین بەهرە بەرداری دەكەن، ئەم مەسەلەیە گرینگی و ئەهمییەتیكی زیاتریشی هەیە.

خـەباتی عەلـەنی دەبـی وەدی هێنـانی عەمـەلی ئەو شیعارانە بە ئامانجی خۆی دابنی كە بوخۆی دیاری كردوون كەوایە هەڵبژاردنی شیوەی‌وا كە كرێكاران لە وەدەسـت هێنـانی نەتیجـەی مـاددی و بـاش بـوونی واقیعی لە هەل ومەرجی كار و ژیانیان دا دوور كاتەوە، غـەیری قـابیلی دیفاعـە و نادروسـتە تـەنیا بـە هـەول و تیكۆشـانی بی‌وچـان و پەیگیرانـە و مەسـئوولانە بۆ بـە سـەركەوتن گەیانـدن و وەدەسـت هێنـانی نەتیجـەی مـاددی لـە رابـەری حەرەكـەتی عەلـەنی دایـە كـەدەكری ئەگـەر بـە هـەر دەلیلیك ئـەم خەباتـە دیاریكراوە ناكـام مایـەوە و نـەیتوانی ئیرادەی خۆی بـە سـەر دوژمـن دا فـەرز بكا، دیسـانیش بكریتـە پالپشتیك بۆ حەرەكـەتی داهاتووی كرێكاران لەم سوورەتە دایە كە دەرسـەكانی ئـەم خەباتـە كرێكـاران لـە بەرانبـەركی و كیشـەی بەردەوامیانـدا لـە دژی سـەرمایەداران هـەنگاویك بـەرەوپیش دەبـا و بـە سـەركەوتن نەگەیشـتنی ئـەو ئاكسـیونە روحیـەی ناهومیـدی پیـك نـاهێنی و بـە پیچـەوانە كرێكـاران تەجرەبـەكانیان وەك دەسـكەوتی خـەباتی خۆیـان دەپـارێزن و دەیكەنـە سـەرمایەیەك بۆ حەرەكەتی داهاتووی خۆیان.

بـە كـورتی حەقانییـەتی تاكتیكـەكان و شـیوەكانی خـەبات كـە لـە كـاری قـانوونی و عەلـەنی دا رەچـاو دەكـرین دەبـی لـە كـردەوە دا بـە ئیسـبات بگـەن بـەم مەعنایە كە ئەم خەباتە دەبی ببیتە هۆی باش بوونی ژیانی كرێكاران جا هەر چەند ئەم باش بوونە كەمیش بـی، تەجرەبـەی كرێكـاران لـە خـەباتی چینایـەتی دا بەریتە سەر، یەكگرتوویی و هاوپشتی لە نیو كرێكاران دا زیاتر بكا و تەفرەقە پیك نەهێنی و نەبیتە هۆی پیك هاتنی خۆشباوەری لە حاست هیچ بەشیكی بورژوازی.

( ٨ )

## ئایا فەعالییەتی عەلەنی و قانوونی دەكەویتـە بەر هێرشی دوژمن؟

پیشـتر وتمـان كـە لـە دەسـەلاتدارەتی رژیمـی دیكتاتوری مەزهەبی لە ئێراندا هیچ قانوونیكی و هیچ قـەرار و بـەلینیكی رەسمـی نـاكری وەك هویـەك بـۆ تـەئمینی ئەمنییـەت و بـە مایـەی دلنیـایی لـە كـاری عەلـەنی دا حیسـاب بكـری تـەنیا هیـزی واقیعـی بزووتنـەوەی جـەماوەری و فشارە واقیعی‌یـەكانی هـەل ومەرجی سیاسی و كۆمەڵایەتی‌یە كە رژیم وادار دەكا نـەرمتر بجوولیتـەوە و لـە حاسـت حەرەكـەتـە عەلەنی‌یەكان بە پاریزەوە هەنگاو هەڵگری ئەگەر بەرپا بـوونی حەرەكـەتـە عەلەنی‌یـەكان و پـەرە گرتنیـان میكـانیزمی تـەبیعی بیـداری و خـەباتگیری و ركیخراو بوونی جەماوەری كرێكار و زەحمەتكیشە، كەوایە بە هـەمان دەرەجـەش تەبیعی‌یـە كـە رژیـم بـۆ بـەر پـەرچ دانەوەی و پیش گرتن بە گەشە و پەرە گرتنی خۆی ئامادە بكا بە پیچەوانەی ئەو شتە كە رژیم بە زاهیر لە خۆی نیشان دەدان پیی خۆشە خەباتی كرێكاران و تیكۆشانی كۆمۆنیستی لە ئالقەی كاری مەحدوود و نهێنی و تیكۆشان لە چوارچیوەی تەنیا تەشكیلاتی دا بمینیتەوە و تیكۆشانی كۆمۆنیستی كرێكاران قودرەت و ئیمكانی ئەوە پەیدا نەكا كە بە شیوەی عەلەنی خۆی دەرخا و جەماوەر لە دەوری شیعار و سیاسەتەكانی كۆ بنەوە هەر بەم مەبەستەش ئەم حەرەكەتانە دەنیتە ژیر فشار هەتا حیزبی سیاسی ناچار بكا بە تەواوی بكشیتەوە نیو سەنگەرەكانی كاری نهێنی بەڵام بە هەمان رادە كەوجوودی خەباتی چینایەتی عەینی و حاشا هەلنەگرە، بە هەمان رادەش موقاوەمەت بەرانبەر بەم فشارەنەن وادار كردنی دوژمن بە پاشەكشە و سـەلماندنی واقیعییـەتی ئـەم حەرەكەتانـە شـتیكی واقیعی‌یە حەرەكەتە عەلەنی‌یەكانی كرێكاران بە حیلە و فشار و سەركوتی رژیم ئەگەر چی تووشی هەلس و كەوت دەبن و ژمارە و بەرینایی‌یان ئال و گۆری بەسەر دا دی بـەڵام لەمەیدان دەرناچـن و كـاری ئاگاهانـە و پەیگیرانـەی حیزبـی سیاسـی كرێكـاران ئەوەیـە كـە لـە هـەموو هـەوراز و نشیوەكانی ئـەم خەباتـە بـۆ بـەهێز كردنـی یـەكگرتوویی كرێكـاران و پیشـرەوی بـەرەو سـتراتیژی كرێكـاران بـە باشـی كـەڵك وەر بگـری و بەهەرسـەر كوتیـك كـە لـە لایـەن دوژمنـەوە دەكـری بزووتنـەوەی عەلـەنی بتـوانی هێـزی پیویسـت بـۆ فەعالییەت لە مەیدانەكانی‌تر (یانی لە مەیدانی كاری نهـێنی) دا، وە تەجرەبـەی پیویسـت بـۆ تـەدارەك و گورینی مەسیر و غەنی بوونەوەی حەرەكەتی عەلـەنی پاشە كەوت بكا.

ئەگەر هیدایەت كردنی خەباتی عەلەنی جەماوەری شـیوە و رەوشـتی جۆراوجـۆر و پیچـیدەی هەیـە كەكرێكارانی پیشرەو و كۆمەڵانی موعتەریز بەرە بەرە فیری دەبن، دیارە رژیم یش بەرانبەر بەم حەرەكەتانە شگرد و شیوەی جۆراوجۆر دەگریتە پیش لە خەباتی عەلەنی دا دوژمنیش پەی بە میزانی قودرەت و هیزی حەرەكەتی ئیعترازی دەبا و بە پیی ئەوە بۆ بەرەوروو بوونەوەی تەرح دادەرێژی.

بەرانبەركی لەگەڵ حەرەكەتە عەلەنی‌یەكان لە لایـەن سـەرمایە داران و دەوڵەتـەوە هەمیشـە بەشـیوەی سـەركوتی موسـتەقیم و گـرتن و زینـدان و ئـەم جـۆرە شتانە نیـە هـەر وەك كرێكـارانی وشـیار هـەول دەدەن ئیعـتیراز و خـەباتی خۆیـان بـە شـیوەی جـەماوەری و كۆمەڵایـەتی بیننـە مەیـدان، دوژمنـیش هـەول دەدا مەسـەلەكە لـە مەیـدانی كۆمەڵایـەتی‌دا چارە بكـا و ببیریتەوە بۆ نموونە بە گرتنی تیكۆشەرانی سیاسی، ئیعدام لە بەرچاوی هەموان و شەللاق لیدان بە هەموو بەهانەیـەك و هیرش كردنـە سەر ژنانی بی حیجاب و ئیقدامی تری لەم نەوعە، فەزای ترس و نیگەرانی پیك دینی و پـەرەی پـی دەدا لـە راسـتیدا هـەول دەدا لـەم ریگایـەوە كـوللی جـەماوەری موعتـەریز لـە سـەتحی كۆمەڵایـەتی دا بخاتـە ژیـر فشـاری روحـی و قـودرەتی ئیعـتیرازی كۆمەڵایـەتی‌یان لـەم ریگایـەوە مەحـدوود كاتەوە گەشتی جۆراوجۆر و مانوری هەموو رۆژەیان لە خیابان و كووچە و كولانەكان و كـاری تـری لـەم نەوعە جـۆرە قـودرەت نیشـاندانیكە كـە رژیـم هـەول دەدا بـەم جۆرە و بە شیوەی غەیرە موستەقیم زەمینـەی بالقوەی حەرەكـەتی ئیعتیرازی داشكینی و كـەمی بكاتـەوە. وە یا بە شیوەیەكی‌تر و هەرلەئیدامـەی ئەمـە دا، پـەنا دەباتـە بـەر وەعـدە و وەعیـد دان و هـەول دەدا بـە دروسـت كردنـی حاڵـەتی چـارەروانی، كۆمـەڵانی كرێكـار لـە ئیعتیراز بگیریتەوە هەتا بەڵكوو بەرە بەرە هیزی ئامادە بـۆ حەرەكـەتیان لـە نیـو سـەختی و دژواری‌یـەكانی ژیانیان دا دامركی و لیی كەم بیتەوە جاری وایە تـەماع وە بەر هەندیك كەس دەنی و لـەم ریگایـەوە هـەول دەدا لە رێزەكانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی‌دا تەفرەقە ساز بكا و زۆر رەوشت و شیوەی تر كە هەر كامیان بەشیكە لـە سیاسەتی بەرانبەركیی دەوڵەت و سەرمایەداران لەگەڵ كرێكاران و زەحمەتكیشانی موعتەریز.

دوو خالی سەرەكی كە وەك نەتیجە گیری، لەم باسە دا دەبـی تەئكیدیان لـە سـەر بكـری ئەوانـەن: یەكـەم، دەركـی ئـەو واقعییەتـە كـە نـابی دلنیـابی نیسـبەت بـە كارایی قانوون و بەلینی رەسمی دەوڵەت لە بەر سـەمەر گەیاندنی حەرەكەتە عەلەنی‌یەكاندا حەرەكەتی عەلـەنی سـەرەرای هـەموو وریـایی و ورد بـینی و ناسـینی میكـانیزمـەكانی بـەرەوپیش بردنـی مومكینـە بكەویتـە بـەر هیرش و سـەركوتی دوژمـن و ئـەو شـتەی گرینگـە ئەوەیـە كـە كرێكـارانی وشـیار و حیزبـی سیاسـی كرێكاری ئەم قابلییەتەیان هەبی كە لە شكستی ئەم خەباتە بۆ دارژتنی بناغەی حەرەكەتەكانی داهاتوویان بە باشی كەڵك وەرگرن وە دووهەم، رابەرانی محەللی و بـاوەر پیكـراوی خـەباتی عەلـەنی كرێكـاران لـە دەورەیـەكی وەك ئێسـتادا – هـەتا ئـەو جیگایـەی دەگەریتەوە سەر ئیرادە و نەقشە و پیش بینی‌یەكانی خۆیـان – دەبـی هـەول بـدەن ئـەو حەرەكـەتـەی لـە نەزەریاندایە وا هیدایەت بكەن كە ئەم یەك حەرەكەتە دیـاریكراوە نەبیتـە مەیـدانی تـەعینی تـەكلیف لەگـەڵ رژیـم و سـەرمایەداران، وە بـە پیچـەوانە دوژمـن لـە چوارچـیوەی هێـز و توانـایی وەگـەر كـەوتووی كرێكارانـدا عەمەلـەن بخاتـە مەوقعییـەتیك كـە لـە رووبـەروو بوونـەوەی قـەتعی و سـەركوتی موسـتەقیم خـودداری بكـا و داخوازەكـانی حەرەكـەتی ئیعـتیرازی

# (پاشمـــاوەی) چـــەند هـــەاول لـــە پـــەلاماری پیشمەرگەكانی كۆمەڵە

پیشـــمەرگەكان ویـــرای پـــی گەیاندنی زەرەر و زیانیكی گیانی و مـالی بـە هیزەكـانی رژیـم و بـــەریوەبردنی ســـەركەوتوانەی عەمەلیاتەكە هەموویان بە سلامەت دریـژەیان بـە مەئموورییەتەكـەیان دا.

رۆژی ٢٧ی خـــەزەلوەر چـــەند واحیـد لـە پیشـمەرگوردانی كـاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە بۆ بەریوە بردنـی عەمـەلیاتیك چـوونە نیـو ئـاوایی چالی‌سـوور لـە بەشـی سەرشیوی مـەریوان و لـە چـەند شوینی زال بەسـەر پایگـای رژیـم دامەزران.

عەمەلیاتەكە ساعات ٥ی ئیوارە لـە حالیكـدا دەسـتی پیكـرد كـە واحیـدیكی تـەبلیغی رژیـم لـە ئـاوایی‌دا بـوون و بـەكریگراوانی پایگـا بـەم بۆنـەوە لـە حالـەتی ئامـادە باشـی كامـل دا بـوون پـەلاماری پیشـمەرگەكان مـاوەی ساعاتیك بە چەكی سووك و نیو قورس دریژەی هەبوو.

لــە جـەرەیانی ئـەم پـەلامارە دلیرانـەدا زەرەر و زیـانیكی گیـانی و مـالی لـە بـەكریگراوانی رژیـم و پایگا كەوت.

هاوریـیان پـاش بـەریوە بردنـی سـەركەوتوانەی ئـەم عەمەلیاتـە هەموویان بە س

لامـەت ئـەم شـوینەیان بـە جی‌هیشت .

سـاعات ١٠ی شـەوی ٢٧ی خــــەزەلوەر پیشـــمەرگەكانی گوردانی كاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە بە چەكی سووك و نیو قورس پـەلاماریان بـردە سـەر پایگایـەكی هیزەكـانی رژیـم لـە ئـاوایی "دوەیسـە" و زەرەر و زیـانیكی گیانی و مالی‌یان پی گەیاندن.

پـاش تـەواو بـوونی ئـەم عەمەلیاتە كە سەعاتیكی خایاند هـەموو پیشمەرگەكان بە سلامەت شـوینی شـەرەكەیان بـە جـی هیشت.

رۆژی ٣٠ی خـــەزەلوەر چـــەند واحید لە پیشمەرگەكانی گوردانی ٢٦ی سـەقز چـوونە نیـو ئـاوایی "سیانەزار" و پاش ٢سەعات گفت و گـۆ لەگـەڵ خـەڵك و تـەبلیغی سیاسی ئاوایی‌یان بەجی هیشت و بە پیی تـەرحی پیشـوو سـەعات ١١ی شەو بە چەكی سووك و نیوە قـورس پـەلاماریان بـردە سـەر پایگایـەكی رژیـم لـە نیزیـك ئـەم ئاوایی‌یە.

لـە جـەرەیانی ئـەم عەمـەلیاتـە دا كە ٢٥دەقیقەی خایاند تەلەفات و خەسـاراتیك لـە هیزەكـانی رژیـم كەوت و پیشمەرگەكان پاش تەواو بـــوونی ســـەركەوتوانەی عەمەلیاتەكە هەموویان بە سلامەت مەنتەقەی شەریان بە جی هیشت.

رۆژی ٤ی ســـــەرماوەز پیشـمەرگەكانی گـوردانی كـاوە، مەركــــەزی فەرمانـــــدەهی ســـەركوتگەرانی جمهـــووری ئیسلامی‌یان لە ئاوایی"مـەولان ئـاوا" ی دیوانـدەرەدایـــە بـــەر پەلامار.

بەرزایی‌یەكانی ئەم مەركەزە كە هەر ئەو رۆژە چەندین ماشینی پر لـە هیـزی كۆمـەكی تـی خـزا بـوو، سـەعات ٥/٥ كەوتـە كـۆنترولی پیشـــمەرگەكان و ســـەعات ٦ی ئیـوارە سـەنگەر و پایگـای رژیـم كەوتەبـەر پـەلاماری دلیرانە و بـە دەست و بردی هاوریـیان و ئـاگر بـارانی چـەكی سـووك و نیـوە قورسی ئەوان.

لەم عەمەلیاتەدا كە سەعاتیكی خایانـد، ژمارەیـەكی زۆر لـــە بـەكریگیراوان كـوژران و زەرە و زیـــانیكی زۆر لــــە پایگـــا و سەنگەرەكانی كەوت و ٥ماشینی رژیم تیك شكا.

هاوریـیـانی پیشـمەرگە پـاش تـەواو بـوونی عەمەلیاتەكـە هەموویان بە سلامەت دریژەیان بە مەئمورییەتەكەیان دا.

## ١٨كەس لە دیلەكانی مەیدانی شەر لە زیندانی كۆمەڵە ئازاد كران

بـە پیـی هـەوالی زینـدانی مەركـــەزی كۆمەڵـــە رۆژەكـــانی ٢٦و٢٧و٢٨ی رەزبـەر ١٨ كـەس لە هیزەكانی رژیم كە لە جەرەیانی گرتنی دوو پایگای "سەردەرە" و "گیلـی كـەران" دا بـە دیـل گـیرا بـوون، لەسـەر بریـاری كۆمیتـەی ناوەنـدی كۆمەڵـە لـە زینـدان ئـازاد كـران نـاوی ئـازاد كراوەكـان بـەم جۆرەیە:

١_محمد فتحی نژاد، ٢_حسن عنـبری، ٣_محمـد قـارداش، ٤_مزفـر رحمـانی، ٥_صـلاح دهقـانی، ٦_قاسـم جلیلونـد، ٧_علی قاسم خانی، ٨_شهرام قربانیـــان ٩_ابـــراهیم هـدایتی،١٠_حسـین فـروتن ١١_علی سوداگر، ١٢_محمد مراد پور، ١٣_رمزان ویسی، ١٤_جبار سیدی، ١٥_سیدعبدالله حسینی، ١٦_هیبـت اللـه محمـدی، ١٧_شمـس علـی مـومن زادە، ١٨_یدالله رشیدی.

## دوو كەس لە هاوكارانی رژیم لە زیندانی كۆمەڵە ئازاد كران

زینـدانی مرەكـەزی كۆمەڵـە رای گەیاند ٢كەس لە هاوكارانی رژیم رۆژی ١٩ی خەزەلوەر لە زیندانی كۆمەڵـە ئـازاد كـران نـاوی ئـازاد كراوەكـــان و تاوانـــەكانیان ئەمانەیە:

١_عدنان زبیحی، كوری عـەلی، خـەڵكی بیسـاران كـە رۆژی دەی گەلاویـژی سـالی ٦٦ بـە تـاوانی هاوكاری رەسمی لەگەڵ جمهووری ئیسلامی لە لایەن پیشمەرگەكانی كۆمەڵـەوە گـیرا و لـە دادگـای ناوچـەیی كۆمەڵـە موحاكەمـە و مەحكووم كرا.

٢_ حبیب الله نادر پور، كوری محمـــود خـــەڵكی ئـــاوایی "بلچەسوور"ی ناوچەی مەریوان كـە رژی یـەكی رەزبـەری سـاڵی ٦٦بـە تـاوانی خولقانـدنی فـەزای ترس و وەحشەت لە نیو خەڵكدا، هاوكاری لەگەڵ رژیم و ئەزیەت و ئازاری زەحمەتكیشان، لـە لایـەن پیشمەگەكانی كۆمەڵەوە گیرا و لە دادگـای ناوچـەیی كۆمەڵـــەدا موحاكەمە و مەحكووم كرا.

ئەو دوو هاوكارەی رژیم كە لە پیشدا لە لایەن كۆمیتەی ناوەندی كۆمەڵـــەوە بەشـــیك لـــە موجازاتەكـەیان بەخشـرا بـوون لەسـەر بریاری كۆمیتـەی ناوەندی كۆمەڵـەوە بـۆ جاری دووهـەم بـە تـەواوی بەخشـران و رۆژی ١٩ی خەزەلوەر لە زیندان ئازاد كران.

# تەنگانە

## ئەحمەدی شاملوو



دین بون بە دەمتەوە دەكەن
نەكا رۆژیك وتبیتت خۆشم دەویی.
دین بون بە دلتەوە دەكەن
رۆژگاریكی سەیرە گۆلم.
خۆشەویستی
لە دارتەلی قەراخ ریگەی بەربەست كراو شەتەك دەدەن
دەیدەنە بە رقەمچی و شەللاق
دەبی ودمی خۆشەویستی لە كەلین و لە پەسیوی مال
پەستیون
بشارنەوە.
لە كولانی بەربەستراوی سارد و سر دا
ئاوردووە شیعر و سروود
ئاگری پی دەكەنەوە
باسی سەرە بیر كردنەوە
رۆژگاریكی سەیرە گۆلم.
ئەوە شەوان درگا دەكوتی
هاتوە چرا بخنكینی
دەبی تیشكی رووناكایی لە كەلین و لە پەسیوی مال
پەستیون
بیشارنەوە.
وا قەسابان
سەر ریگەكانیان گرتوە
تیغ و چەقوی خۆیناوی یان بە دەستەوە
رۆژگاریكی سەیرە گۆلم.
توی توی بزە لە برینی لیو دادەتاشن
گورانی لە برینی گەروو
دەبی شـەوق و شـادمانی لـە كـەلین و لـە پەسیوی مال
پەستیون
بیشارنەوە.
دین قەناری
بە ئاگری یاس و سویسن دەبرژینن
رۆژگاریكی سەیرە گۆلم.
ئیبلیسی سەركەوتووی سەرخۆش
لە سەر سفرەی شینی ئێمە شایی دەكا
دەبی خودا لە كەلین و لە پەسیوی مال پەستیون
بیشارنەوە.

# (پاشماوەی) حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کرێکاری

سیاسەتە کرێکاری‌یەکەی سەندیکالیستی‌تر و سنفی ترە.

بەڵام مەسەلەی جیگای سەرنج، تێگەیشتنی چەپی رادیکالی فیرقەیی لە سەندیکا و سەندیکالیزمە کرێکار بۆ ئەمانە سنفە و لە نەتیجەدا سەندیکالیزم بە مەیلی "غەریزی و خود بە خودی"ی کرێکار دادەنین نەك بە یەکیك لە سوننەتە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری دا جیاوازی سەندیکالیزم ئەمان لەگەڵ حیزبی توودە لە دەورەی پیش ١٣٣٢دا ئەمەیە حیزبی توودە خۆی سوننەتیکی حیزبی بوو کە پشتی بە جەرەیانی سەندیکالیستی نیو چینی کرێکار بەستبوو سەندیکالیزمی کرێکاری وەر گرتبوو بەشیك لە پراتیکی خودی حیزبی توودە سەندیکا سازی بوو بەڵام بۆ چەپی تازە، سەندیکالیزم وەسیلەیەکە بۆ ئەوەی دل و سەرنجی کرێکار وەك سنفیك بولای خۆی راکیشی کاری خودی ئەو چەپە نیە ریك هەر وەك چون بەلینی زەوی بە جووتیار دەدەن، ئاواش بەلینی سەندیکا بە کرێکار دەدەن ئەو جەرەیاناتە کە کاتیك مەسەلەی بزووتنەوەی دانشجوویی دیتە گۆر لەسەر ئەوە پی دەچەقینن کە خەتە سیاسی‌یە جۆراوجۆرەکان لەو بزووتنەوەیەدا لە باری ئیدئولۆژیك و تەشکیلاتی یەوە سنووری خۆیان جیا کەنەوە، لە حاست کرێکار بیجگە لە راگەیاندنی وەفاداری بە ئیدەی سەندیکا، کە پییان وایە دلخوازی کرێکارە وەك سنفیك، هیچ کاریکی‌تریان نیە بیکەن هەروەها ئەوەش جیگای سەرنجە کە بە هەر دەرەجەیەك کرێکار وەك چینیك هاتوەتە مەیدان و خەباتی نیوان خەتەکانی نیو خۆی و وجوودی ژیانیکی سیاسی لە نیو چینی کرێکاری نیشان داوە، ریبازی چەپی رادیکال لە حاست ریکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان تووشی گۆڕان بووە کاتیك کرێکار لە شۆڕشی ساڵی ٥٧دا وەخو دەکەوی و سوننەتی خەباتی شوورایی لە چینی کرێکار دا دەبیتە سوننەتیکی بالا دەست، چەپ وەفاداری خۆی بەم سوننەتە رادەگەیەنی و هەر کە کرێکار پاشەکشەی پی دەکری، سەر لە نۆی "شوورایی‌یەکانی پیشوو" لە چەپی غەیرە کرێکاری دا دەگەرینەوە سەر ریبازی کورنش بردن بۆ سەندیکا.

بە کورتی کرێکار وەك چینیك لە دەرەوەی سنوورەکانی سازمان، مەیدانیك نەبووە بۆ تیکۆشانی ریکخەرانەی چەپی تازە ئەم چەپە نوێنەری سیاسی و ئامرازی حیزبی هیچ گەرایشیکی نیو خۆی بزووتنەوەی چینایەتی نەبوو بۆیە تەنانەت لەو جیگایەش کە کرێکار لە چوارچیوەی تیکۆشانی جەماوەری و چینایەتیدا دیتە دەر و بەرەو ئەم چەپە دی و دەچیتە نیو قەوارەی ریکخستنی ئەو چەپە، پیش هەموو شتیك جیگا و شوین و مەوقعییەتی خۆی وەك تیکۆشەریکی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینایەتی لە دەست دەدا رەنگە کرێکار هەتا ماوەیەك لە هەمان شوینی تیکوشانی پیشووی خۆی لە نیو بزووتنەوەی کرێکاریدا بمینیتەوە بەڵام دەورونەقشی بەرەبەرە، بە ناچار، دەگوری لە جیاتی تیکۆشەری بزووتنەوەی سەندیکایی، "کرێکاری سازمانی" وردە وردە دەبیتە راپورت دەری تایبەتی سازمان، مەئمووری بڵاو کردنەوەیان دەبیتە مەئمووری راکیشانی کەسانی تازە بەرەو سازمان بەم جۆرە بۆ رەخنە گرتن لە ئەندامەتی کرێکاری لە سازمانە چەپە غەیرە کرێکاری‌یەکاندا، بە هەر حال دەبی لە پەیوەندی فەردی و تاکە کەسی کرێکار لەگەڵ سازمان، ورد بینەوە چونکە ئەمە تاقە شکلیەکە سوننەتی چەپی غەیرە کرێکاری، کرێکار دینیتە نیو چوارچیوەی ریکخراوی خۆی و بە وتەیەکی‌تر "دەیکاتە ئەندامی خۆی".

هەر لیرەدا یەکەمین جیاوازی بنەرەتی نیوان سوننەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چەپی رادیکال لە مەسەلەی بە ئەندام وەر گرتنی کرێکاراندا، بەدی دەکری بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبە کۆمۆنیستی‌یە کرێکاری‌یەکان، وەرگرتنی کەسانیك بۆ ئەندامەتی حیزب، بێجگە لە رەوتی هەڵبژاردنی باشترین کەسانی خەباتی چینایەتی و کرێکاری بۆ حیزبی پیشەنگج و ریکخەری ئەو خەباتە، هیچی‌تر نیە ئەندامەتی لە حیزبدا یانی ئەوە کە کرێکاریك کە هەر ئیستا و حالی حازر خەباتکار و تیکۆشەری ئیعتیرازی کرێکاری‌یە، دیتە نیو ریکخراویکی بەرنامەدار و ئامانجداری سوسیالیستی کرێکاران و دەبیتە بەشیك لە حەرەکەتیکی یەکگرتوانە و وشیارانە ئەندامەتی لە حیزبدا یەکەم هەنگاوی کرێکار بەرەو تیکۆشەر بوون نیە بە پیچەوانە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیزبی ریکخەری کەسانیکە کە حالی حازر لە خەباتیکی کۆمەڵایەتی‌دا کە لە نیوان کرێکار و سەرمایەدار هەیە، دەور و دەخالەتیان هەیە.

بۆ چەپی رادیکال تائیستا، ئەندامەتی تەنانەت ئەندامەتی کرێکاران، مەعنایەکی دیکەی هەیە پیشتر وتوومە کە چلون سوسیالیزمی رادیکالی غەیرە کرێکاری خەباتی چینایەتی عەینی و کۆمەڵایەتی دەرەوەی خۆی نابینی خەبات لەو جیگایەوە دەست پیدەکا کە کەسیك دەبیتە ئەندامی سازمان ئەرکی سازمانی مەوجوودییەتی سیاسی ئەو کەسە دیاری دەکا و هەر بەمەشەوە دەناسری لەو سوننەتەدا، ئەوە ئەندامەتی و پەیوەست بوون بە تەشکیلاتەوە کە قەرارە خەسلەتیکی کۆمەڵایەتی بدا بە تیکۆشەر بوونی کەسان ئینسانەکان نەك بە سیمای خەباتکارانەیان لە کۆمەڵدا، بۆ نموونە ئەوە کە فلانکەس تیکۆشەری شوورای فلانە کارخانەیە، ئاژیتاتوری کرێکاری‌یە لە فلانە واحید، رابەری فلانە مانگرتن بوو، نوێنەری کرێکاران بووە لە فلانە ساڵدا و شتی تری لەم بابەتە، بەڵکوو بە پیی ئەوە کە سەر بە کام تەشکیلاتن هەلدەسەنگیندرین، وەك فیدایی، پەیکاری، راەکارگەری، رەزمەندەگانی و... هتد سازمانەکە خۆی شوینی فەعالییەتی سیاسی بۆ کەسە کە دیاری دەکا و دەینیتە نیو خستەی کاردا بە شکردنیکی سازمانی و بەم جۆرە رەنگی کۆمەڵایەتی لە فەعالییەتەکەی هەلدەسوون لە سوننەتی چەپی رادیکالی غەیرە کرێکاریدا، سازمانە کە بۆ فەرد کانالی خەباتی کۆمەڵایەتی‌یە بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، حیزب ریکخەر و بەرەوپیش بەری ئەو خەباتە کۆمەڵایەتی‌یەیە کە لە نیو کۆمەڵدا هەیە، خەباتی بی‌وچانی کرێکار لە دژی سەرمایە و سەرمایەدار.

ئەم جیاوازی‌یە، بە رۆشنی لە سیاسەتەکان و رەوشتەکانی هەڵبژاردنی ئەندام دا، لەو دوو سوننەتەدا، خۆی نیشان دەدا کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆی گەرایشیکە لە نیو جەرگەی خەبات و ئیعتیرازی چینایەتی‌دا و بەم بۆنەوە باشترین و تیکۆشەرترین و پرنفوززترین کەسانی ئەم خەباتەبەرەوخۆی رادەکیشی سازمانی چەپی غەیرە کرێکاری، لە بەرانبەردا، جیاواز لەوەی چەندەبەرین بی یان بچووك، فیرقەیەکە کە یەکەم شوینی دەسپیکردنی خەباتی کسەکەیە، وە هەر بەم بۆنەوە کە سانیك هەلدەبژیری کە لەگەڵ تایبەتمەندی‌یە ناوخۆیی‌یەکانی ئەو سازمانە بگونجین بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەندامی تازە، ئینسانیك و تیکۆشەریکی کۆمەڵایەتی‌یە کە هەر ئیستا دەرگیری خەباتە بۆ چەپی غەیرە کرێکاری، ئەندامی تازە ئینسانیکی لە کۆمەڵ دا براوی بی پیشینەیە کە تایبەتمەندی‌یە فەردی‌یەکانی بۆ ئەوە دەبن سازمان کەڵکیان لی وەر بگری تاقە یەك ئەتومە کە هەر کات هاتە نیو سازمان و لەگەڵ ئەتومەکانی‌تری وەك خۆی تیکەل بوو دەتوانی جۆرە فەرعالییەتیکی دەستە جەمعی بکاکۆمۆنیزمی کرێکاری دیارە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکەی خۆی دەروانی و هەول دەدا تیکۆشەرانی ئەو بزووتنەوەیە بەرەو خۆی راکیشی چەپی رادیکالی غەیرە کرێکاری بۆ کۆمەڵ بە گشتی و بۆ کۆمەڵە ئەتومیکی ئینسانی کە لەو جامعەیە دان دەروانی و بە شوین کەسانیکەوەیە کە ئامادەن بۆ قەبوول کردنی بیر وباوەری سازمان و قالبەکانی خەباتی سازمان و ئەو ئەرکانەی سازمان دەست نیشانی کردوون هەر سازمانیك و هەر سوننەتیکی خەبات بەهەر حال ئەندامی خۆی و تیکۆشەری خۆی هەلدەبژیری جیاوازی‌یەکە لەوە دایە کە بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران، بەشیکی گرینگی ئەو هەڵبژاردنە، هەر ئیستا لە جەرگەی خەباتی کرێکاری‌دا کراوە ئەندامەتی بۆ ئەم سوننەتە، یەکانگیر بوونی تیکۆشەریکی‌تری ریگەی کرێکارانە لە حیزبی سیاسی ئەو چینەدا بۆ بەرەوپیش بردنی نەقشەی هاوبەش بوچەپی غەیرە کرێکاری، تەواوی ئەم هەڵبژاردنە، سازمان دەیکا، ئەویش بە سەنگ و پیوانەی خۆی، ئەندامەتی هەر کەس بە مەعنای ئەوەیە کە ئەو کەسە پی دەنیتەنیو ئەو مەیدانە پراتیکی و ئاکسیونی‌یە کە تەشکیلات لەبەرچاوی گرتوە.

## تان و پۆی غەیرە کرێکاری: بیانووەکان و واقیعییەتەکان

هەتا ئیرە ئەوە دەرکەت کە لە باسی ئەندامەتی کرێکاری و چەپی رادیکال دا دەبی بە گشتی مەسەلەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌ی سازمان لەگەڵ چینی کرێکا و ئینتیزاری ئەوە کە سازمان پشت بە گەرایشیکی خەباتکارانەی نیو خۆی چینی کرێکار ببەستی، لەولا دابنیی و چاو لە پەیوەندی تاکە کەسی کرێکار لەگەڵ سازمان بکەی کاتیك بگەینە باسی ئەندامەتی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیست، بە ناچار دەبی ئەو پەیوەندەبنەرەتی‌یە بدەینە بەر باس بەڵام تا ئەو جیگایەی قسە لە چەپی رادیکالە، مەسەلەکە بە تەواوی لەسەر چەند و چونی ئەندامەتی تاکە کەسی کرێکارە لەو سازمانانەدا و بە وتەیەکی‌تر مەسەلەی تان و پوی چینایەتی خودی سازمانە.

غەیرە کرێکاری بوونی تان و پوی سازمانەکانی چەپی رادیکال شتیك نەبوو کە لە خۆیان شاراوە بی ئەم واقعییەتە یان بە وتەیەکی‌تر ئەم ناکوکی‌یە ئاشکرایەی نیوان ئەو پەیوەندەی کە سازمان لەسەر کاغەز لەگەڵ پرولیتاریا پیکی هیناوە و ئەو جیایی‌یە عەمەلی‌یە کە لە جیهانی واقیعی‌دا لە کرێکاری هەیە، بە شیوەی جۆراوجۆر لە سیستمی فیکری گەرایشاتی جۆراوجۆری چەپی رادیکال دا پاساو کراوە و بیانووی بۆ داتاشراوە ئەگەر ئەم بیانوانە، کە لە سوننەتی وەك ریبازی چریکی و لیبرالیزم و تروتسکیزم دا بە ئاشکرا تیئوریزە کراون، بیشکینن چەند فاکتوری سەرەکیمان بەرچاو دەکەوی یەکەم مەسەلەی خەفەقان و سەرکوتە سیاسی بەگشتی دەلین کە سەرکوتی سیاسی مانعی پەیوەند گرتنی بەرینی سازمان لەگەڵ کرێکارانە، فەعالییەت و کارکردن لەگەڵ سازمانی سیاسی، کرێکاران تووشی خەتەر دەکا، رووهینانی کرێکاران بەرەو سازمانی سوسیالیستی پیویستی بە بوونی دەرەجەیەك دیموکراسی و فەزای دیموکراتیك لە کۆمەڵدا هەیە و بیانووی‌تری لەم چەشنە دەبی پرسیار بکری بۆ چی ئەم خەفەقانە تەئسیری لەسەر رووناکبیران نیە؟ بۆچی ئەم خەفەقانە مانعی پیك هاتنی دەیان سازمانی بە ناو کۆمۆنیست نیە کە لە خویند کاران پیك هاتوون؟ و بۆچی کرێکاران کە لە کۆمەڵدا بە ژمارە چەند سەد ئەوەندەی روونا کبیرانن بەقەدەر روونا کبیرانی چینە غەیرە کرێکارەکان کەسانی وا کە "خۆیان لە خەتەر دەدەن" و بە کاری ئەم سازمانانە دین لە نیویان دا پەیدا نابی؟ بیانوویەکی‌تر مەسەلەی دەور و نەقشی تیئوری و وشیاری‌یە لە خەباتی کۆمۆنیستی‌دا دەلین بوون بە کۆمۆنیست و بوونە ئەندامی ریکخراوی کۆمۆنیستی پیویستی بە پلەیەکی بالای وشیاری سیاسی و تیگەیشتنی تیئوریك لە سوسیالیزم هەیە و وادیارە روونا کبیران بۆ وەدەست هێنانی ئەو پیویستی‌یانە ئامادەترین دیسان لیرەش پرسیاریك کە دیتە پیش کە مەگەر وشیاری لەگەڵ وجوودی کۆمەڵایەتی کەسەکە پەیوەندی نیە؟ چۆنە بە میلیون ئینسان کە کەوتوونەتە جیگاوشوین و مەوقعییەتیکی کۆمەڵایەتی کە تیئوری سوسیالیزم قەرارە زمانی حالیان و بەیانی ئیعتیرازیان بی ئەوەندە ئینسانی وشیاری سیاسی‌یان لە نیودا هەلناکەوی کە هەر ئەم سازمانە سوسیالیستی‌یانەی مەوجوود پر بکەنەوە؟ چونە تیئوری سوسیالیزم بە شیوەی سەرەکی لە لایەن ئەو بەشانەوە رەچاو کراوە کە بە پیی وجوودی کۆمەڵایەتی‌یان و جیگا و شوینی عەینی‌یان پیویستی‌یان بەم تیئوری‌یە نیە و ئەو میلیونەها ئینسانە کە بە حوکمی جیگاوشوینی عەینی خۆیان پیویستی‌یان بەم تیئوری‌یە هەیە و ئەم تیئوری‌یە هی‌خۆیانە، ناتوانن بە شیوەی بەرین تیی بگەن ووەری‌بگرن؟ بیانوویەکی‌تر وجوودی ئەو گەرایشە غەیرە سوسیالیستی‌یانەیە کە بە سەر کرێکاراندا حاکمن وادیارە سازمانی چەپی رادیکال ریك هەر لەبەر ئەوەی زۆر رادیکالە توخنی کرێکاران ناکەوی و لییان هەلبراوە! گلەیی لەوە دەکەن کە کرێکاران لە ژیر نفووزی سەندیکالیزمدان لەگەڵ حیزبە ریفورمیستەکانن، یان مەزهەبین و شتی تری لەم نەوعە دیسانیش دەبی پرسیار بکری کە روونا کبیرانی چینی داراکان چ خاسییەتیکی تایبەتیان هەیە کە بە سادەیی نفووزی بیر و باوەری حاکم بەسەر کۆمەڵدا، کە لەگەڵ جیگا و شوینی عەینی خۆیان و بەرژەوەندی ماددی‌یان وەك کەسانی دیاریکراو زیاتریش دەگونجی، لە خۆیان دادەتەکینن و کرێکاران چ کەمایەسی‌یەکی زگماکیان هەیە کە جیا کردنەوەیان لەم گەرایشات و بیر و بوچوونانە ئاوا دژوار و چەتوونە؟

ئەم بیانووانە کە هەرکام لە سوننەتەکانی چەپی رادیکال بەستە بە حال و وەزعی خۆی چەند دانەیانی بە دەستەوەیە، زیاتر لەوە کە بتوانن هۆی دووری کرێکاران لە چەپی رادیکال تەوزیح بدەن، خۆیان شاهید و بەلگەیەکی‌ترن بۆ نیشاندانی روانینی غەیرە کرێکاری ئەم جەرەیاناتە بۆ خەباتی چینایەتی و سیاسی و تەنانەت بۆ تیئوری سوسیالیزم لە هەمان کاتدا ئەمانە سەرەتای تیگەیشتنیکی دروست لە مەسەلەی پەیوەند، یان لە راستیدا بی پەیوەندی چەپی رادیکال و کرێکاران بەدەستەوە دەدەن واقعییەت ئەوەیە کە سازمانەکانی چەپی رادیکالی تا ئیستا تایبەتمەندی تیئوریکی خۆیان و شیوەی ژیان و تیکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی تایبەتی

خۆیانیان بووە کە ئیمکانی ئەوە بە کرێکار نادەن وەك ئامراز و وەسیلەی خەبات و یەکگرتن کەلکیان لی وەربگری.

له راستیدا هەرچی سازمانەکە غەیرە کۆمەڵایەتی تر و فیرقەیی‌تر بێ، بە سنفی‌تر و غەیرە سیاسی‌تر لە کریکار دەگا. هەرچی سازمانەکە فیرقەیی‌تر و ئاکسیونیست تر بی، سیاسەتە کریکاری‌یەکەی سندیکالیستی‌تر و سنفی ترە.

بویە تەنانەت لەو جیگایەش کە کریکار لە چوارچیوەی تیکۆشانی جەماوەری و چینایەتی دیتە دەر و بەرەو ئەم چەپە دی و دەچیتە نیو قەوارەی رێکخستنی ئەو چەپە، پیش هەموو شتیك جیگا و شوین و مەوقعییەتی خۆی وەك تیکۆشەریکی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینایەتی لە دەست دەدا.

## پیوانـــــــە و میکانیزمـــــەکانی وەرگرتن و وەلانان

تـان و پـوی غـەیرە کرێکـاری چەپی رادیکال نیشانەری ئەوەیە کە کرێکـار تەنانـەت وەك تاکـە کەسـیك، ماتریـالیکی ئینسـانی مونـاسـب بـۆ بینـای تەشـکیلاتی سـازمانەکانی ئـەم سـوننەتە نیـە میکانیزمـــەکان و پیوانـــەکانی وەرگـرتن و وەلانـانی ئـەفراد، لـە دژی کرێکـار و بە قازانجی لاوانی خوینـدەواری سەربەچـینە ژیـان خۆش و نیوە خۆشەکانی کۆمەڵ کـار دەکـەن ئـەم میکانیزمانـە کامانەن؟

مەرجـە کلاسـیکەکانی ئەنـدام وەرگـرتنی حیزبـە کۆمۆنیسـتەکان چاو لی بکەین:

قەبوول کردنی بەرنامە، پیرەوی ناوخۆ، وەکار کردن لە ئورگانیکی تەشکیلاتی‌دا ئەم مەرجانە تـەواو ئوسـوولی و دروسـتن بـەڵام ئـەم مەرجانـــە تـــەنیا پەیوەنـــدیکی حقـووقی نیـوان فـەرد و سـازمان نین، بەڵکوو پەیوەندیکی واقیعی و کۆمەڵایـەتی بـەیان دەکـەن ئـەم مەرجانـە بـەیانی ئـەو واقعییەتـەن کـە فـەرد دەبـی ئامانجـەکانی زاڵ بەسەر ئەو سازمانەدا قەبوول بکا، شـــیوەی تیکۆشـــان و ژیـــانی سیاسـی سـازمان لـە کۆمەڵـدا و یاسـاکان و موناسـەباتی نـاوخۆی سازمانەکە تەئیید بکاو لەگەڵیان سازگار بی و هـەروەها ئـەو ئەرکـە دیاریکراوانـــە کـــە بەرنامـــە و نەقشـەی تیکۆشـانی سـازمانەکە دەیان نیتە سەر شانی، بەرەوپیش بـەری بـە وتەیـەکی تـر کەسـەکە دەبـی لەگـەڵ سـازمانەکە لـە باری سیاسـی و عەمەلی‌یـەوە یـەك جسن بی چەپی رادیکالی ئێران، بەشی زۆری، بەرنانە و پیرەوی نـاوخۆی نووسـراوی نـەبوو ئەمـە تـازە خەریکـە لـەم ئاخرانـەدا لـەنیو پاشمـاوەی ئـەم جەرەیاناتـەدا دەبیتـە مـود بـەڵام بەهـەر حـال، بـە بـی بەرنامـە و پـیرەوی نـاوخۆی نووسـراویش چـەپی رادیکـال خـاوەنی میکـانیزم و شـیوەی تایبـەتی خـۆی بـووە بـۆ ئـەوە کـە بزانـی چ کەسـانیك لـەباری فیکـری و عەمەلی‌یـــەوەبۆی موناســبن هەنـدیك میکـانیزمی تـریش کـە بەشـیکیان بـە دانسـتە دانـراون و بەشـــیکیان"خودبـــەخودی" و کۆمەڵایـــەتین، هـــەمان مەرجـــە سـەرکی‌یەکانیان بۆ ئەفراد دیاری دەکرد ئەو شتە کە ئیمە دەبی پیی بـزانین ئەوەیـە کـە چـلون ئـەو میکانیزمانـە، کەسـەکان لـەباری فیکـری و عەمەلی‌یـەوە دەپـالیون و چلون بە تایبەت هاتنی کرێکار بۆ نیو ئەو سازمانانە دەکەنە شتیکی دژوار و حەستەم.

هـەر سوننەتیکی سیاسـی، بـە هـەر حـال دیمـەنیك لـە خـەباتیکی نموونـــە بـــە دەســـتەوە دەدا ئامانجـەکانی سـازمانیکی سیاسـی، رەوشتەکانی خـەباتی، ئەخلاقیاتی زمان و کار کردەکانی و شتی‌تری لەم بابەتەی، دیمـەنیکی گشتی لە سـازمانەکە و لـەو چەشـنە ئینسـانانە کـە دەتـوانن رەگـەلی بکـەون، بەرچـاو دەخـا ئـەو شەخسییەتەی کە هـەر سوننەتیك بۆ قارەمانەکەی خۆی دادەتاشی، سـیمای فـەردی و سیاسـی ئەنـدامیکی نموونـــە وەك ئولگوویەك بەرچاو دەخا و دینیتە بەرانبـەر کۆمـەڵ کەوایە مەسـەلەی ئەندامـەتی فـەرد لـە سازماندا لـەو پرسیارەوە دەست پی ناکا کە ئایا کەسـەکە ئامانجـەکان و کـردەوەی سـازمانەکە قـەبوول دەکـا یـان نـا، بەڵکوو لەوەوە دەست پیدەکا کە بە گشتی چ چەشنە ئینسانیك بە حـوکمی هـەل و مـەرجی کۆمەڵایـەتی خۆیـان دەتـوانن ئـەو ئامانج و رەوشتانە قەبوول بکەن و خۆیان لەو پەیکەرەیە بچوینن کە بۆ ئەندامی نموونە داتاشراوە بۆ نموونـە، سـوننەتی فیـدایی پـیش راپـەرینی ٥٧، جـۆرە ئینسـانیکی دیاریکراومـان وەبـیر دینیتـەوە سـوننەتی مـائویی، سـوننەتی سوسیال دیموکراسی، سـوننەتی تروتسکیسـتی، و... هـەر کامیـان ئولگوویـەکیان بـۆ تیکوشـەری نموونـە هەیـە کاتیـك لـە خـەت و خـالی سـیمای سیاسـی ئـەم پەیکـەرە سیاسی‌یانە ورد بینـەوە، وردە وردە بۆمـان دەر کـەوی کـە لـەو تویـژە کۆمەڵایەتی‌یانـە دەچـن کـە ئـەو سـازمانانە لـە نیویـان هـەلقولیون لـە پشـت وینـەی ئەفسانەیی و ئیدەلیزەی قارەمـان و ئولگووکــە، ئینســانە واقیعی‌یەکان دەبینن کە لە جیگا و شوینی کۆمەڵایـەتی و تەولیـدی واقیعـی راوەسـتان لـە پشـت فیـــدایی، بـــە لـــەخو بوردوویی‌یەکەی‌یـەوە، بـە بـی ئوقرەیی‌یـە سیاسـی‌یەکەیەوە، بـە نـەفرەتی لـە ئیسـتبدادەوە و بـە بی‌بروا بـوونی بـە هیـزی چینـە کۆمەڵایەتی‌یـەکان و بـەو ئەرکـەوە کە خۆی پیی وایە وەك قارەمانیك لـە سـەر شـانیەتی، بـە هـەموو ئەمانـەوە، سـیمای خوینـدکارانی فـەننی و سـەنعەتی دیتـە بـەر چاوتان، کە قارەمانانە، دەست لە داهاتووی زەمانـەت کراوی فـەردی خۆیـان هەلـدەگرن لـە پینـاوی خزمـەت بـە گـەڵ دا. "عنصـری فیـدایی"ی زەمانی شا، نموونـەی گەشـە کردنـی ویـژدانی ئیسـلاح خوازانـە بـوو لـە نیـو لاوانـی خویندەوار و هیواکانی داهاتووی بـورژوازی دا لـە پشـت "نهضـت آزادی" و موجاهیـدی خـەلق، دوو نەسـل لـە ئیعـتیرازی بازارتـان بەرچاو دەکەوی، بـە هـەموو ئـەو محەللی گەرایی و دواکەوتوویی‌یە ئەخلاقی‌یـە و ئـەو دوور بوونـە لـە مـودرنیزم کـە لـەم قـەوارە سـوننەتی‌یەی کۆمەڵـدا جێگـای خۆش کردوە لە پشت تروتسکیزم و لیبرالیزم چەپی ئێرانی، زۆر بە ئاسانی سیمای رووناکبیری ئاشنا لەگـەڵ فەرهـەنگ و نـەریتی ئوروپای رۆژاوا دەبینن کە خۆیان نـە شـەرمەزاری ئـەوە دەبیـنن لـە جیهـانی سیمهەمەوە دەرهـاتوون ئـەو سـوننەتە سیاسـی یانـە کـە لـەنیو ئـەم تویژانـەی کۆمـەڵی ئێرانـدا سـەقامیان گرتـوە و سـەرجەم چـەپی رادیکـالی ئـەم سـەردەمەیان شـکل پیـداوە، بیگومـان لـە پەیکـەری ئـەو تویـژە کۆمەڵایەتی‌یە کە لیی دەرهاتوون و لـە ژیانی ئاسایی ئـەو تویژانـە دووردەکەونـەوە بـەڵام سـەرەنجام هـیچ ریگاچـارەیەکی‌تریان نیـە بیجگە لەوەی رەوشتیکی گونجاو لەگـەڵ خـەباتی ئـەم تویژانـە، رەوشـتیکی ئیلـهام وەرگرتـوو لـە ئاسـوی کۆمەڵایـەتی و زەرفییەتـە ماددی‌یەکانی ئەم تویژانە رەچاو بکـەن ژیـانی سیاسـی و رەوشـتەکانی خـەباتی ئـەم جەرەیاناتـە بـە ناچـار لەگـەڵ وجوودی کۆمەڵایـەتی ئـەو تویـژە کە لیی هەلقولیون، خۆی سازگار دەکا.

ئـەم دیمەنـە لـە پیشـدا دیـاریکراوە لـە "ئینسـانی موناسـب" بـۆ هـەر سـوننەتیکی خەباتکارانـە، بـە شـیوەی جۆراوجـۆر بـە کۆمـەڵ تـەلقین دەکری و ئاگاهانە یان بە شیوەی خودبەخودی میکانیزمەکانی ئـەم ریکخراوانـە بـۆ وەرگـرتن و وەلانـانی ئـەفراد، شـکل پیـدەدا سـازمانەکە بـەم میکانیزمانـە کەسـانی موناسـب بـۆ خـوی هەلدەبـژیری و هـەر بـە پیـی ئـەم میکانیزمانـەش کەسـانی نادلخوازلـە خـۆی دوور دەخاتـەوە و وەلایـان دەنـی لـە زۆربـەی سـازمانەکاندا، ئولگـووی دیـاری کـراوی سـازمانەکە بـۆ ئەنـدامی موناسـب، ئەوەنـدە ئولگوویـەکی زیندووە و کۆمەڵ وەها ناسیوە کە ناهیلی بە هەلکەوتیش کەسیکی ناموناسـب تـوخنی سـازمانەکە بکـەوی مـن دلنیـام لـە ٥سـاڵی رابـوردوودا تەنانـەت تاقەیـەك کرێکاری ئێرانی ئەوەی بە خـەیال دا نـەهاتوە کـە لەگـەڵ جـەرەیانی "خـــەباتی چـــەکدارانە هـــەم ســـتراتیژی هـــەم تاکتیـــك " وە یا"سەربەداران" پەیوەند بگری لـە نیـو خـۆی سـازمانەکەدا هـەر ئـەم میکانیزمانـە، ئینسانەکان بـە پیـی ســوننەتی خــەبات و ئولگــووی تیکۆشــانی خۆیــان دەپــالیون حاسڵی هـەموو ئەمانـە ئەوەیـە کـە سازمان وەك بەشیك لـە سوننەتی خەباتکارانـەی تویـژ و چـینیکی کۆمەڵایـەتی دیـاریکراو دەزیتـەوە ئــەوە رەوشــتی خەباتکارانــە و ژیــانی سیاســی ســازمانەکان و حیزبـە سیاسـی‌یەکانە کـە بـە کــردەوە ئــەوەدیاری دەکــا چ ئولگوویـــەك لـــە تیکوشـــەرانی سیاسـی بـە کاریـان دی و هـەر بـەم بۆنـەوە تیکۆشـەرانی کـام تویـژی کۆمەڵایەتی دەبی بینە ناوی ئەگەر لـە فاکتـورە جۆراوجۆرەکانی ژیـان و تیکۆشــانی سیاســی چــەپی رادیکــال ورد بینــەوە، ئــەو میکانیزمـە عەمەلی‌یانـە بەرۆشـنی دەبیـنین کـە نـاهیلی کرێکـار لـەو سـازمانانە نزیـك بیتـەوە ئـەوە دەبیـنین کـە کرێکـار ماتریـالیکی تـەبیعی و موناسـب نیـە بـۆ ئەوەی لە بناغـە و بینـای تەشـکیلاتی ئـەم جەرەیاناتە دا دابنری.

## پیوانەی عەقیدەتی: مەسەلەی تیئوری و قـــەبوول کردنـــی بەرنامە

بـە بـروای مـن یەکـەمین مـانعی نزیـك بوونـەوەی کرێکـاران لـە سـازمانەکانی چـەپی رادیکـال، لـیرەدا دەبـی بـۆی بگـەریی هـەم ناوەروکی نەزەراتی تیئوریکی ئـەم جەرەیاناتە و هەم جیگای تیئوری بە گشتی لەلایان، کرێکاریـان لـی دوور دەخاتـــەوە لـــەباری ناوەروکەوە، هەروەك وتم، تیئوری بـۆ ئـەم جەرەیاناتـە بیانوویـەکی نـەزەری بـوو بـۆ ئـەو ئامانجـە کۆمەڵایـەتی و خەباتـە سیاسـی‌یە کـە خـۆی لـە خۆیدا ناوەروکەکـەی غـەیرە کرێکـاری بـوو لـە پلـەی یەکەمـدا ئـەوە نـاوەروکی خـودی تیئوری‌یەکـەی ئـەو جەرەیاناتەیـە کـە تیئوری‌یەکـە دەکاتـە شـتیکی ئـالوز کـە کرێکـاری تیـی نـەگا مانیفیسـتی کۆمۆنیسـت، تیئـوری مـارکس لـە بابـەت ریشـەکانی چەوســانەوە لــە کۆمــەڵی سـەرمایەداریدا، تیئـوری حیزبـی کرێکاری، تیئـوری مارکسیستی‌ی دەوڵەت و بابەتی‌تری لەم چەشنە، هـەموویان، دیـارە کرێکـار تییـان دەگـــا نووســـراوە کلاســـیکە مارکسیسـتی‌یەکان بـۆ تـەرویج کـــران لـــە کـــۆڕ و کۆمەڵـــە کرێکاری‌یەکانـــدا ئەغلـــەبیان پیویسـتی‌یان بـەوە نیـە سـادە بکرینـەوە تەرجەمەیـەکی رەوان و پاراو، زۆر جاران هـەر خۆی بەسە بـەڵام تی‌گەیشـتن لـە دابەشکردنی بـورژوازی بـە دووبەشـی چـاك و خـراپ، تی‌گەیشـتن لـە تیئـوری جۆراوجۆر، تی‌گەیشتن لە تیئوری دەستەبەندی کردنـی وردە بـورژوا بەتویـژی جۆراوجـۆر، تی‌گەیشـتن لـــە کـــەڵك و خاســـییەتی سـەرمایەداری غـەیرە وا بەسـتە، تی‌گەیشـتن لـە شـۆڕشـی شـەق قونـاغی ئـەویش بـە پشـتیوانەی نووســـراوەی "دەربـــارەی ناکوکی‌یـــەکان"ی مائوتســەدون، وەبە کورتی تی‌گیشتن لە تـەواوی ئـەو هاتـەران پاتەرانـە کـە بـەنیو مارکسیزم کارخانە فیکری‌یەکانی بـــورژوازی و کارگاکـــانی وردە بورژوازی‌یـــەوە رەوانـــەی بـــازار دەکرین، بە راستی تـەنیا لـە وزەی زەیـــنی ئـــالوزبین و مەتەلوکـــە داهینـــەر و دنیـــا نـــەدیتووی رووناکبیری بورژوا و وردە بورژوا دایـە و زەیـنی ئـاوا پێویسـتە بـۆ تی‌گەیشتنیان قانع کردنی کرێکار بـەوە کـە دەبـی لـە پینـاو ئەمانـەدا گیـانی خـۆی بنیتـە سـەر بـەری دەسـتی، بـی گۆمـان کـاریکی زۆر دژوارە چـەپی رادیکال لەگـەڵ ئـەم واقعییەتـە بەرەورووە کـە تەنانـەت کاتیـك ئـەم ئامانجـە بـە زمـانی منداڵان دەگیرنەوە، تەنانەت کاتیك تیئـوری هـەتا ئاسـتی حیکمـەتی خەڵکی عامە دادەشکینن، دیسان کرێکـاران تیـی ناگـەن مەسـەلەکە ئەوەیـە ئـەم تیئوری‌یـە خەسـلەتی غـەیرە کرێکـاری هەیـە و لەگـەڵ مەسـەلەکانی کرێکـاران نایەتـەوە گەشـە کردنـی وشـیاری سیاسـی کرێکـار دەبیتـە هـۆی دوور بوونی لەم تیئوری‌یانە و لەو سازمانانەی پشـت بـەم تیئوری‌یانـە دەبەسـتن چـــەپی رادیکـــالیش، بـــەپیی تەعریفەکـــەی، نەیـــدەتوانی کرێکـاری ئاگـادار لـە بەرژەوەنـدی چینایەتی خـۆی بـەرەو لای خـۆی راکیشـی چـونکوو خـودی چـەپی رادیکـــال بـــەم وشـــیاری‌یە چـــینایەتی‌یە پشـــت ئەســـتوور نەبوو.

جیـــاواز لـــە نـــاوەروکی تیئوری‌یەکـە، شـیوەی روانـینی چـەپی رادیکـال بـۆ تیئـوری و جیگـــای تیئـــوری بـــە لای ئـــەم جەرەیاناتـەوە، بـەش بـە حـالی خـۆی کوسـپیکی‌تر دەخاتـە سـەر ریی کرێکاران سازمانەکانی چەپی رادیکـــال هـــەموویان بـــە پیـــی "اعتقادات" و "بیروباور" شکلیان گرتـــوە و دیـــارە"تیئـــوری" و "عەقیـدە" گـرینگترین پیوانـەن بـۆ چوونە نیو ریزی ئەو سازمانانەوە لـە هـەر ریکخراویکی کۆمۆنیستی کرێکـاریش دا ئیـدئولوژی و بـروا بـــە سوســـیالیزم، پیوانـــە و عـەیاریکی گـرینگن بـەڵام قسـەکە لەسەر جۆرە روانینکە بۆ تیئوری و ئیـدئولوژی لـە سـوننەتی چـەپی غەیرە کرێکاریدا و ئەو پەیوەندەی لـە نیـوان ئـەم ئیدئولوژی‌یـە و تیکۆشەری سازمانی دا پیك دی.

حیزبـەکانی چـەپی رادیکـال لـە دەرەوەی سـنوورەکانی سـوننەتی کرێکـاری گرسـاون و بـەم بۆنـەوە سـەر هەلدانیان لە پلەی یەکـەم دا حاسلی رەت کردنـەوەی نـەزەری‌ی بـــیر و باوەرەکـــانی ســـوننەتە رەسمی‌یـــەکانی ئوپوزیســـیونی بورژوایی‌یە گەلیك لـەم جەرەیاناتە حاسـلی جیـا بوونـەوە هـەلبران لـە لیبرالیزم، ناسیونالیزم، ریفورمیزم وە یـا تەنانـەت ئوپوزیسـیونی مەزهەبی بوون ئـەم جەرەیاناتـە لـە سـەرەتای پیـك هاتنیـان دا لـەو ئینسـانانە پیـك هـاتبوون کـە بـۆ رادیکـال بوونـەوە و بـۆ "بوونـە مارکسیسـت" جا هـەر چونیك تیـی گەیشـــتبن، ناچـــار بـــوون بـــە وەسیلەی فیکری و بیر و باوەری خۆیـــان، جیگـــا و شـــوینی کۆمەڵایەتی خۆیان وەك بەشیك لـە چـینە داراکـان، رەت بکەنـەوە ئەمانـە ناچـار بـوون جیگـای کۆمەڵایەتی خۆیان رەت بکەنەوە و بـە پیـی بـیر و باوەریـان، خۆیـان بناسـینن ئەمانـە ناچـار بـوون بیروباوەری رادیکالی خۆیان وەك بەڵگەی ئینسان بوون و تیکۆشـەر بوونی خۆیان، لە بەرانبـەر چینیك دا کـە لـە نیـوی دەر هـاتبوون، نیشـان بـدەن ئەمانـە لـە جیگـا و شـوینی تەولیـدی و چـینایەتی خۆیـان دابراون هـەتا ببنـە"چەپ" کەوایـە لـەو سـوننەتە تەشـکیلاتی دا کـە پیکیـان هێنـاوە، بیرو بـاوەر بـــۆ بوچـــوون دەبیتەمحـــەك و پیوانـەی سـەرەکی، چـونکوو ئـەم محـەك و پیوانەیـە، مـەودای دوور کەوتنەوەیان لە چینەکەی خۆیـان نیشـان دەدا کەوایـە هـەر ئەمـەش دەبیتـــە ســـەر لەوحـــەی ئـــەو تەشکیلاتەی کە پیکی دینن لەنیو ئەمانە دا هەر کەس لـە ئیدئولوژی و تیئـــوری دا لەگـــەڵ ئـــەوی‌تر نـــاکوکی هـــەبی، لـــە روانگـــەی لایەنەکـەی ترەوە هـەر گەراوەتـەوە سەر ئەو چینەکە پیشتر پشتی تی کردبـوو هـەر ئەوەنـدەی نـاکوکی نـەزەری‌یان لـە نیوانـدا پیـك بـی بەسـە بـۆ ئـەوەی لایـەنیك بـە لایەنەکەی تر بلی بووەتـە بورژوا، چونکوو هەر ئەم محەکە تیئوریکە نیشـانەی جیـا بوونـەوەیان لـە بورژوازی و دابرانیان لە چینەکەی خۆیـان بـوو لـەم رووەوە، تیئـوری بـۆ ئـەم جەرەیاناتـە وەسـیلە و ئامرازیـك نیـە بـۆ تی‌گەیشـتن لـە کۆمـــەڵ و جیهـــانی دەرەوە و دیـاریکردنی ریبـازی خـەباتی سوسیالیسـتی، ئامرازیـك نیـە بـۆ رەخنـە گـرتن، بـەڵکوو محـەکیکی مەزهەبی‌یە بۆ لیك جیا کردنـەوەی خۆیی و بیگانە.

تیئـوری یـەك کـە بـەم چەشـنە وشکەل بکری و بکریتە پیوانەیەك بـــۆ نیشـــاندانی هەلویســـتی چینایەتی، دیارە بە ناچار دەبیتـە تیئوری‌یـەکی ئـالوز و مەتەلوکـە ئاسـا چـونکوو ئەوەلـەن دەبـی بکریتـــە حوکمیـــك کـــە بکـــری سویندی پی بخۆی و دووهـەم ئـەو حوکمانە دەبی وەها بە ورد بینی بـــەیان بکـــرین کـــە تـــەواوی ســـــنوورەکان و فـــــەرق و جیاوازی‌یـەکانی ئـەم جەرەیانـە لـەوانی‌تر جیـا کاتـەوە تیئـوری دەکریتـە هەنـدیك حـوکم بـۆ رەت کردنـەوە قـەبوول کـردن، دەکریتـە هەنـدیك فورمـوول کـە هـەموو وشـەیەکی، چـارەنووس سـازە چـونکوو جیـاوازی ئـەم فیرقەیـە لەگـەڵ شـتیك یـان کەسـیك بـەیان دەکـا هەنـدیك فورمـوولی پـیروز و موقەددەس کە ئینسان یـان ئیمان پییـانی هەیـە یـان نیـەتی ئەگـەر ئیمـانی بـەم فورموولانـە هینـابی ئـەوە ئەنـدامی فیرقەکەیـە و ئەگـەر نەی‌هینابی ئەندامی نیە.

ئەندامەتی لە حیزبدا یەکەم هەنگاوی کریکار بەرەو تیکۆشەر بوون نیە.
لە سوننەتی چەپی رادیکال غەیرە کریکاریدا، سازمانە کە بۆ فەرد کانالی خەباتی کۆمەڵایەتی‌یە. بۆ کۆمونیزمی کریکاری، حیزب ریکخەر و بەرەو پیش بەری ئەو خەباتە کۆمەڵایەتی‌یەیە کە لە نێو کۆمەڵدا هەیە، خەباتی بی‌وچانی کریکار لە دژی سەرمایە و سەرمایەدار.

ئەمە گیر و گرفت و وەزعییەتیکی عەینی‌یە واقعییەت ئەوەیەکە روونـاکبیری بورژوای سوسیالیست و غەیرە سوسیالیست لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە، نوینەری ئاسو و بەرژەوەندی چینایەتی تەواو جیاوازن پیوانەی نەزەری–ئەگەر چی نەك بە بوچوونیکی مەزهەبی–بۆ پەیوەست بوونی روونـاکبیران بە سازمانی مارکسیستی‌یەوە پیوانەیەکی حەتمی‌یە و پیویست بوونی حاشا هەلنەگرە بەڵام گریی کارە کە لیرەدایە کە چەپی رادیکال، هەر ئەو پیوانەیەی بۆ روونـاکبیری موعتەریزی چینە حاکمەکانی دیاری کردوە– و لە راستیدا هەموو مەعنا و ناوەروکیکی لی داتەکاندوە–بە هەمان شیوە بۆ کریکارانیشی بە کار دەبا پەیوەست بوونی کریکاریش بە سازمانە بە ناو کۆمۆنیستی‌یەکەی ئەمانەوە پیش هەموو شتیك دەخریتە گرەوی ئەوە کە کریکار، کە لە تاقیکردنەوەیەکی تیئوریکی سەخت و دژوار بپەریتەوە کە سازمانەکە بە پیی تاریخی دابرانی عەقیدەتی خۆی لە بورژوازی، دینیتە سەر ریگای هەموو کەسیکی کە تازە دیتە نیو سازمانەکە گری کارەکە لەوە دایەکە ئەم سازمانەبەم بۆچوونەوە و بەم شیوەیەی لیك–جیا کردنەوەی خۆیی و بیگانەوە، لەگەڵ چینی کریکاریك بەرەوروو دەبن کە بۆ شۆڕشگیر بوون و سوسیالیست بوونی خۆی هیچ پیویستی بەوە نیە کە جیگاو شوینی عەینی خۆی لە بەرهەم هیناندا رەت کاتەوە و حاشای لی بکا لە راستیدا ناتوانی رەتی کاتەوە تەواو بەپیچەوانە، ریك هەر لەبەر ئەوەی لەم جیگا و شوینە عەینی‌یە دایە دەتوانی سوسیالیزم وەك بیر و باوەر و ئامانجیك وەرگری و لە تیئوری سوسیالیزم لە خزمەت خەباتی خۆیدا کەڵك وەبگری پیویست نیە کریکار وەك فەردیك خۆی بنیتە بەر، یان رەخنەیەکی قوولی فەلسەفی و خۆی لە رابوردووی خۆی و لە پەیوەندە کۆمەڵایەتی‌یەکانی خۆی بشواتەوە هەتا ببیتە سوسیالیست و بیتە نیو ئوردووی خەبات لە دژی سەرمایەداری هەر کریکاریك لە کۆمەڵدا هەر بە پیی جیگا و شوینە سەرەتایی‌یەکەی، لەم خەباتەدا حوزووری هەیە ئەو بورژوا نیە وابەستە بە مالکییەت و زیدەبایی نیە دەتوانی لەسەر جیگای خۆی لە کۆمەڵدا سوسیالیست بی و وەك سوسیالیست خەبات بکا تیئوری مارکسیستی، ئەو تایبەتمەندییە کلیشەیی‌یە و ئەو مەعنا مەزهەبی و عیرفانی‌یەی بۆ کریکار نیە و تەبدیل کردنی ئەم تیئوری‌یە بە شتیکی لەم چەشنە، بیجگە لە دوور خستنەوەی لە دەسرەسی کریکار و دوور راگرتنی کریکار لە سازمانیکی وا، هیچ نەتیجەیەکی نیە.

کاتیك چەپی رادیکال، قەبوول کردنی بەرنامە یان بیروباوەر و ئامانجەکان دەکاتە مەرجی ئەندامەتی، لەراستیدا ئیشارە دەکا بە قەبوول کردنی سیستمیکی ئالوزکاوی فیکری و کۆمەڵیك "کلمات قصار" و کلیشەی فیرقەیی و سازمانی کە کەسەکە دەبی قەبوولیان بکاو دووپاتیان بکاتەوە ئەگەر بەرنامەیەك هەبی، ئەغلەب هەر پوختەی ئەم کلیشە و کەلیماتەیە هەر عیبارەتیکی بەرنامە، کە قەرارە بە کورتی بەیان بکری و دووپاتیش نەکریتەوە، یەك دنیا سنوورجیا کردنەوەی فیکری و خوهەلاواردن لە باقی گەرایشەکان لە سەرتاسەری تاریخی چەپ دا، بەیان دەکا ئەگەر بەرنامەیەکیش لە کار دا نەبی، ئەمجار وتار و نووسراوی رۆژنامەکان و پولمیکەکان و شتی‌تر دەکرینە پیوانەی عەقیدەتی بۆ لە محەك دانی بوچوون و روانینی تیئوریکی کەسەکە دواتر لە باسی سیاسەتی ئەندام وەرگرتنی حیزبی کۆمۆنیست دا جاریکی‌تر دەگەریمەوەسەر پیوانەی"قەبوول کردنی بەرنامە"، بەڵام لیرەدا دەبی ئەوە بلیم کە پیوانەی تیئوری و بیر وباوەر، لە هەموو سوننەتەکانی چەپی رادیکالی ئیران دا وەك یەك دەکار نەکراوە یەکیك لە تایبەتی‌یە بەرچاوەکانی چەپی رادیکالی ئیران کەمتەرخەمی بووە لە حاست تیئوری بەڵام ئەمە بە مەعنای ئەوە نیە کە لە ئەندام وەرگرتن دا پیوانە و محەکی نەزەری لە کاردا نەبووە بە پیچەوانە، ئەگەر بیر و باوەری سازمان لە جیگایەك دا کۆ نەکراوەتەوە و نەنووسراوە و بەرنامە و شتی وا لە کاردا نەبووە لە بەرانبەر دا ئەفراد و کادرەکانی لەمیژینە جۆرە"اجتهاد"یکیان بۆ لەبەر چاو گیراوە و پروسەیەکی ئالوزی تاقیکردنەوەی بیروباوەری فەردی لە عەمەل دا بەریوە براوە سازمانی بی تیئوریش کەسەکە لەباری عەقیدەتی‌یەوە تاقی دەکاتەوە جیاوازی یەکە لیرەدایە کە لەم جۆرە جیگایانە ئەم تاقیکردنەوەیە دەبیتە ریگایەك بۆ هاتنە گۆری خراپترین جۆری قەزاوەتی زەینی گەرایانە و فیرقەیی و ئەخلاقی و دواکەوتوو لەسەر ئەفراد لە قەزاوەتانە دایە کە خەسلەتی روونـاکبیری و وردە بورژوایی چەپی رادیکالی تا ئیستا و ناسازگار بوونی لەگەڵ خەباتی کریکاری و مەسەلەی راکیشانی کریکاران بەرەو سازمان، بە رۆشنترین شیوە ئاشکرا دەبی.

## شیوە کار و شیوەی ژیانی سیاسی چەپی رادیکال

لەپال پیوانەی ئیعتقادی، پیوانەی شیوەکار و شیوەی ژیانی سیاسی سازمان دیتە گۆر بە دەرەجەیەك کە تەشکیلات لەباری تیئوریکەوە دواکەوتووتر و بی مایەتر بی، پیوانە و محەکی عەمەلی بۆ وەرگرتنی ئەندام، زەقتر دەبیتەوە. کەسەکە دەبی بە هەر حال لەلای سازمان "لە کلی تاقیکردنەوە" دەر هاتبی ئەم تاقیکردنەو ئەغلەب ماددەکانی بریتین لە : وەفاداری، "انزبات" بەریوە بردن و ئامادە بوونی عەمەلی بۆ وەرگرتنی ئەو قالبانەی خەبات کە سازمانەکەی لەسەری پیك هاتوە ئەم قالبانە کامانەن؟ وا باشترە دیسانیش بروانینە سیمای کۆمەڵایەتی ئەندامی نموونە هەر وەك وتم سازمانی چەپی رادیکالی ئیرانی کە روونـاکبیری نارازی بورژوا و وردە بورژوا پیکیان هیناوە، لەسەر بناغەی دابرانی فەرد لە جیگا کۆمەڵایەتی و تەولیدی‌یەکەی دامەزراوە وتیشم ئەمە مەرجی سوسیالیست بوون و خەباتی سیوسیالیستی و رادیکال کردنی بورژوایەکە نەك کریکاریك سازمان لەگەڵ ئەفزاد و ئاحاد تەرەفە نەك لەگەڵ تویژ و چینەکان ئەو شتە کە سەلاحییەتی ئەندام بوونی لەو سازمانانەدا بە کەسیك داوە ودەیداتی توانایی و زەرفییەتی ئەو کەسەیە بۆ "رەت کردنەوەی" شتی جۆراوجۆر و پشت هەلکردن لە شتی جۆراوجۆر وەك ویستە کۆمەڵایەتی‌یەکانی پیشووی، ئەخلاقییاتی پیشووی، خۆش ژیانی، خانەوادە و دلبەستەگی‌یە شەخسی‌یەکانی و پەیوەندە ماددی‌یەکانی رەوشتی خەباتی سازمان بەم جۆرە کەسانە نەبی بەریوە نابری کاتیك چاو لەم پەیوەند و دلبەستەگی‌یانە دەکەین دەبینین کە کەسی بورژوا بۆ دابران لەوانە لە مەوقعییەتیکی زۆر موناسب تر دایە . چونکوو تەنانەت کاتیك کە پشت دەکاتە هەموو ئەمانەش، تازە دەبیتە روونـاکبیری یاخی بوو و نارازی هەمان چین و لە پەیڕەی کۆمەڵایەتی‌دا، نایەتە جیگایەکی نزمتر یاخی بوونی کەسی بورژوا لە ویست و رەوشتەکانی چینەکەی خۆی و لە دلبەستەگی و پەیوەندەفەردی‌یەکانی، ئەو کەسە ناکاتە ئینسانیکی ژیر دەستە لە کۆمەڵدا ئەم جۆرە کەسانە، نە ریزو حورمەتی کۆمەڵایەتی‌یان دادەشکی و نە تەنانەت ئەمنییەتی ئابووری‌یان بە شیوەی جیددی تووشی مەترسی دەبی بۆ روونـاکبیری بورژوا، هەموو ئەمانە تەنانەت رەنگە بە حیسابی هەستیار بوون و رەخنەگر بوونی و بە حیسابی بیر تیژ بوون و ماقوول بوونی وەیارەنگە تەنانەت بە حیسابی ماجەراجویی و سەربزیوی دەورانی هەرزەکاری‌یەکەی دابنرین بورژوا، هەروا ئامیزی بۆ لە باوەش گرتنی لاوانی یاخی بوو و سەربزیوی دوینیی خۆی کراوەیە و پشتیان تی‌ناکا هەر چەند روونـاکبیری بورژوا سەربزیوی و یاخیگەری بکا و لە ئەخلاقییات و نەریتی چینەکەی خۆی نەبان بی، هیشتا جیگا و شوینی ئەوەندە دانابەزی کە بگاتە ئاستی جیگا و شوینی ئابووری نائەمن و بی ئاسوی کریکاریك کۆمەڵ بە هەرحال ئاسایشی ماددی و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی بە ماف ئەو کەسە دەزانی سازمانەکانی چەپی رادیکال بەشیوەی سوننەتی لە دەوری ئەم مەوجوودە کۆمەڵایەتی‌یە پیك هاتوون و هیزی خۆیان لەم تیپە کۆمەڵایەتی‌یە وەرگرتوە لەو مەوجودییەتەی نیو کۆمەڵ کەدەتوانی تەواوی خەسلەتی کۆمەڵایەتی و جیگای کۆمەڵایەتی خۆی داتەکینی و ببیتە ئینسانیکی خۆ هەلبواردووی دابراو لە قەید و بەندی عەینی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە جیهانی واقیعی دا ئەم مەوجوودە ئەساسەن لە خویندنگاکان دا دەبی بۆی بگەریی خویندکار و قوتابی، ئەویش ئەو بەشە کە قەرار نیە خویندنەکەی تەواو بکا هەتا دایك و باوکی لە زیدەکاری و شتی وا رزگار بکا یان خەرجی خویندنی خوشك و برا چکولەکەی دابین بکا، باشترین ماتریالە بۆ ئەم سوننەتە سیاسی‌یە.

تەشکیلاتیکی لەم چەشنە جیگای کریکار نیە لە راستیدا کریکار بە بی ئەوە کە جیگا و شوینی خۆی وەك کریکار رەت کاتەوە، ناتوانی لەم سوننەتە سیاسی‌یە دا و لەم شیوە ژیانەدا جیگای خۆی بکاتەوە بەڵام مەسەلەکە هەر ئەوەندە نیە چونکوو بە پیی ئەم کاراکتیرە کۆمەڵایەتی‌یە سیستمیکی ئەرزشی و ئەخلاقی‌ی فەردگەرایانە و لە هەمان کاتدا نهیلیستی شکل دەگری کە ئیتر لەگەڵ نەفسی ژیان و حورمەتی ئینسانی دەکەویتە دژایەتی کریکار لایەنگر و پاریزەری ژیانە خەباتی کریکاری خەباتیکە بۆ باشبوونی ژیانی ئینسانەکان و بەهرەمەند بوونی ئینسانەکان لە هەرچی تەبیعەت و کۆمەڵ دەیرەخسینی لە پشت ئەخلاقییاتی مورتازانە و وشك و دواکەوتووی چەپی رادیکالی غەیرە کریکاری ئیران، رەخنەی وردە بورژوای دواکەوتوو و لە سەنعەت و مودیرنیزم ترساوی ولاتیکی دواکەوتوو بەدی دەکری کریکار وەك هیزیکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەم بوچوون و ئەخلاقییاتە هیچ تەبایی و سازگاری‌یەکی نیە شەهادەت خوازی و روحی خۆ بەخت کردن، ئاوانتوریزمی سیاسی و فەردی، تەحقیر و رەت کردنەوەی دلبەستەگی و خوشەویستی‌ی نیوان ئینسانەکان، ئەخلاقییاتی شیوە مەزهەبی، تەنیا نموونەی زەقی ئەم شیوە ژیانە سیاسی‌یە غەیرە کریکاری‌یە بوون بەڵام نفووزی ئەم دەمارگیری‌یە وردەبورژوایی‌یە لە ژیانی سیاسی چەپی غەیرە کریکاریدا هەر ئەوەندە نیە و لە هەموو کەلین و قوژبنیکی ئەم سوننەتە سیاسی‌یەوە دەرژیتە دەر لە راستیدا ئەوە ناکوکی خەباتی سیاسی رادیکال لەگەڵ ژیانی بورژوایی‌یە کە لە سوننەتی چەپی رادیکالدا–وەها دەتەنیتەوە کە لەگەڵ ژیان بە گشتی دەکەویتە ناکوکی.

## موناسەباتی ناوخۆیی

بەهەر حال ناوی کۆمۆنیزم و سوسیالیزم ئەوەندەی ریز لای کریکار هەیە کە سەرەرای هەموو ئەم کۆسپ و مانعانە ژمارەیەك لە کریکاران خۆیان بگەیەننە نیو سازمانی چەپی رادیکال . بەڵام لیرەش ناسازگاری شوینەکە لەگەڵ کریکار و کریکار بوون، خۆی نیشان دەدا کریکار لە نیو تەشکیلاتەکەش دا ئەتومیزە و غەیرە کۆمەڵایەتی‌یە هەموو ئەو تایبەتمەندی‌یانەی کە دەیکەنە تیکۆشەریکی قودرەتمەندی دژی سەرمایەداری، لیی دادەتەکیندری ئەو کریکارە ئیتر رابەری فلانە لقی تیکۆشانی کریکاران نیە ئاژیتاتوری جەماوەری نیە سازمانەکە ئەو کریکارەی بەم سیمایەوە نەویستوە و ناتوانی ئەم توانایی یانەی بخاتە کار ئەو کریکارانە کە بەم جۆرە چوونەتە نیو سازمانی چەپی رادیکالی غەیرە کریکاری، زۆر زوو خاسییەتیکی نمایشی پەیدا دەکەن ئەگەر قەرار بی تیئوری ئالوز و دژوار کریتەوەی تیئوری محەك و پیوانە بی، ئەگەر قەرار بوو دابران لە جیگا و شوینی کۆمەڵایەتی و پابەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و بوون بە ئینسانیکی خۆ هەلبواردوو محك و پیوانە بی، یانی ئەو قالبانە کە روونـاکبیری لاو و سەلت و خاتر جەمی بورژوا و وردە بورژوا بە ئاسانتر دەتوانی لە نیویان دا جیگەی خۆی بکاتەوە، ئەمجار ئیتر کریکار لە خودی تەشکیلاتەکەش دا وەك ئەندامی دەرەجە دوو دەمینیتەوە دەبیتە سەربازیکی سادە کە دەبی فەرمانی پی‌بدری ناتوانی بگاتە پلە و پایەی تەشکیلاتی و ببیتە کاربەدەست، لە رۆژنامە و تەبلیغ و تەرویجی تەشکیلاتەکەدا ناتوانی دەوریکی هەبی، لە کۆنگرەکەی ناتوانی بەشداری بکا و زۆر نەتوانینی‌تری لەم چەشنە بروانن ئەو جۆرە فەعالییەتانە کە کریکاران لەو چەشنە تەشکیلاتانەدا وەئەستوی دەگرن هەتا ئەم "کەلینە چینایەتی" یە لەنیو خۆی سازمانەکەدا ببینن.

بە کورتی: سازمانی چەپی رادیکالی غەیرە کریکاری بە شیوەی سیستماتیك تایبەتمەندی و تان و پوی غەیرە کریکاری خۆی دەژیەنیتەوە و بەرهەمی دینیتەوە نەبوونی لەجەرگەی ئیعتیرازی کریکاریدا و نەبوونی لەژیر ئالای گۆرینی کۆمەڵ بە پیی ئامانجە کریکاری‌یەکان، ریشەی سەرەکی جیایی عەمەلی کریکارە لەو سازمانانە. بەڵام لە لایەنی عەمەلی‌دا ئەم جیایی چینایەتی‌یە بە هۆی هەندیك میکانیزمی موشەخەس، کە لەو میکانیزمانەدا کەسانی موناسب بۆ سازمان و سازگار لەگەڵ ژیان و شیوەی فەعالییەتی سیاسی سازمان هەلدەبژیردرین، بالفعل ماددییەت پەیدا دەکا. بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی‌یەکانی فیکری و سازمانی و شیوەکاری سازمانەکانی چەپی رادیکال بە سادەیی دەکری ئەوە ببینی کە چلۆن کریکار ماتریالیکی موناسب نیە بۆ دارژتنی بینای تەشکیلاتی ئەو سازمانانە ئەو کونکوورە فیکری و عەمەلی‌یە کە سازمان بۆ دوزینەوەی کەسانی موناسب دایناوە، هەر خۆی کریکار و وەلا دەخا و روونـاکبیر وەردەگری.

***

لەبەشی دواتردا دەچمە سەر ئەوەکە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هەتا چ رادەیەك خۆی لەم جیگا و شوینە کۆمەڵایەتی‌یە دەرکیشاوە و لەم میکانیزمانە رزگار کردوە کاکلەی باسەکە هەتا ئەو جیگایەی پەیوەندی بە حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانەوە هەیە، لایەنی کۆمەڵایەتی مەسەلەی ئەندامەتی کریکاری‌یە ئەمەیان زیاتری لەسەر دەروم بەڵام لە هەمان کاتدا پیویستە لایەنی فەردی‌ی مەسەلەی ئەندامەتی و محەك و پیوانەکانی مەوجوودیش بۆ هەڵبژاردنی ئەندام لە لایەن حیزبەوە، بدەینە بەر لیکولینەوە و کەم و کووری‌یەکانی ئەم لایەنەش بناسین وەسەرەنجام ئیشارە دەکەم بەو هەنگاوانە کە حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئاسان کردنەوەی ئەندامەتی کریکاران بە خیرایی بیان نیتە دەستوور و هەروەها ئیشارە دەکەم بە بریاریك کە پلینومی پازدەهەمی کۆمیتەی ناوندی حیزب لەم بابەتەوە پەسندی کردوە.

**کۆمۆنیزمی کریکاری دیارە بۆ بزووتنەوە کومەڵایەتی‌یەکەی خۆی دەروانی و هەوڵ دەدا تیکۆشەرانی ئەو بزووتنەوەیە بەرەو خۆی راکیشی، چەپی رادیکالی غەیرە کریکاری بۆ کومەڵ بەگشتی و بۆ کۆمەڵە ئەتومیکی ئینسانی کە لەو جامعەیە دان دەروانی و بە شوین کەسانیکەوەیە کە ئامادەن بۆ قەبوول کردنی بیر و باوەری سازمان و قالبەکانی خەباتی سازمان و ئەو ئەرکانەی سازمان دەست نیشانی کردوون.**

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No:٣٤ january: ١٩٩٠



## تەنگانە

دین بون بە دەمتەوە دەکەن
نەکا رۆژیك وتبیتت خۆشم دەویی.
دین بون بە دلتەوە دەکەن
رۆژگاریکی سەیرە گۆلم.
خۆشەویستی
لە دارتەلی قەراخ ریگەی بەربەست کراو شەتەك دەدەن
دەیدەنە بە رقەمچی و شەللاق
دەبی ودمی خۆشەویستی لە کەلین و لە پەسیوی مال پەستیون
بشارنەوە.

# حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کریکاری

لە بەشی پیشتر دا وتم کە جیایی عەمەلی کریکاران لە حیزبەکانی چەپی رادیکالی ئیران و زال بوونی روونـاکبیران و خویندکاران لەو ریکخراوانەدا، بە هیچ شیوەیەك، نە بە هەلکەوتە و نە لە سیاسەتی نادروستی ئەندام وەرگرتنەوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵکوو رەگ و ریشەی دەچیتەوە سەر جیایی میژوویی و کۆمەڵایەتی چەپی رادیکالی ئیران لە چینی کریکار و بزووتنەوەی کریکاری ئیعترازی کریکاری، مەیدانی ئاسایی تیکۆشان و مەوجوودییەتی ئەم چەپە نەبووە و، ئامانجە سیاسی‌یەکان و ئامانجە کۆمەڵایەتی‌یەکان و شکلەکانی خەباتی ئەو چەپە، لەگەڵ مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی و پیویستی‌یە سیاسی‌یەکانی کریکار وەك چینیکی کۆمەڵایەتی، هاوبابەت و سازگار نەبوون لەم بەشە دا دەمەوی ئیشارە بکەم بەو میکانیزمانە کە ئەم واقعییەتە بەرینە کۆمەڵایەتی‌یە لە ئاستی عەمەلی دا نیشان دەدا، وە کریکاران – تەنانەت لەو جیگایانە کە ئەم تەشکیلاتانە وەك بابەتی کاری خۆیان روویان تی دەکەن – لەو ریکخراوانە و لە ئەندامەتی ئەو ریکخراوانە دوور دەکاتەوە.

## خەباتی کۆمەڵایەتی یان تیکۆشاین ریکخراوەیی

پیشتر ئیشارەم بەوە کرد کە چەپی رادیکال ئیران بە شکستی هیزە سوننەتی‌یەکانی ئۆپوزیسیونی بورژوایی جەبهەی میللی و حیزبی توودە، سەری هەلدا ئەم چەپە نوی‌یە، رەخنەی لە جەرەیاناتی سوننەتی گرت. لە تیئوری‌دا تەئکیدیکی جیددی‌تر لەسەر سوسیالیزم و مارکسیزم وەك مەکتەبیك کرا لەباری سیاسی‌یەوە، رەخنەی دژی ئیستبدادی و ناسیونالیستی تیژتر بووەوە لەکردەوەی سیاسی دا، رەوشتە ئارام و هیمنانەکانی جەرەیاناتی سوننەتی وەلانرا و خەباتی قەهراوی و نهێنی جێگای ئەو رەوشتانەی گرتەوە بەم جۆرە بەشیك لە ئۆپوزیسیونی بورژوایی لە ئێران رادیکالیزە بووەوە بەڵام لەم نیوە دا ئال و گوریکی بنەرەتی دیکەش رووی دا کە ئەم چەپە نۆی یەی لەو سوننەتە سیاسی‌یانە کە بنەماو سەرچاوەی بوون، جیا دەکردەوە.

جەرەیاناتی سوننەتی، جەرەیاناتیکی کۆمەڵایەتی بوون نەك هەر جەبهەی میللی – کە خۆی لە بنەرەتەوە ریك کەوتنی بەرینی هیزە جۆراوجۆرەکانی ئۆپوزیسیونی بورژوایی بوو– بەڵکوو حیزبی توودەش کە لە باری تەشکیلاتی‌یەوە یەکدەست تر و ریکخراوتر بوو، مەرکەز و ئالقەی پیوەندی دەری خەباتی تویژە واقعی‌یەکانی نیو کۆمەڵ بوون.

چەپی تازە، ئەو تایبەتمەندی‌یەی نەبوو چەپی رادیکالی ئیران وەك کۆمەڵیك گورووە و ریکخراوی ژیر زەمینی و غەیرە قانوونی شکلی گرت کە خەباتیکی ریکخراوەیی دیاریکراویان بەرەوپیش دەبرد ئەم ریکخراوانە، نوینەر و ریکخەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان نەبوون بۆ ئەم ریکخراوانە، جم و جوولی سیاسی چین و تویژە کۆمەڵایەتی‌یەکان، لە پلەی یەکەم دا بزووتنەوەی خویندکاران و پاشان بزووتنەوەی کریکاری، هەندیك جم و جوول بوون لە دەرەوەی سنوورەکانی پراتیکی "سازمان"، "کە "سازمان" دەبوا لە رەوتی خەباتی خۆیدا "پەیوەند"یان لەگەڵ پیك بینی لە جیاتی سوننەتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی حیزبی توودە و جەبهەی میللی، هەندیك ریکخراوە سەریان هەلدا کە نەك بە پیی جێگا و شوینی کۆمەڵایەتی‌یان، بەڵکوو بە سەنگ و پیوانەی تەشکیلاتی تەعریف دەرکران ئەم خەسلەتە غەیرە کۆمەڵایەتی‌یە و، ئەوە کە "سازمان" لە مەیدانی سیاسی‌دا جیگای هیزی چینایەتی و کۆمەڵایەتی‌یەکان بگریتەوە، خەسلەتیك بوو کە چەپی رادیکال نەدەکرا خۆی لی لابدا چونکوو ئەم سوننەتە حاسڵی رادیکالیزە بوونەوەی بەشیك لە تیکۆشەرانی سیاسی ئەو چینانە بوو کە خۆیان لە مەیدانی کۆمەڵایەتی‌دا نەك هەر رادیکال نەبوون بەڵکوو دوابەدوای "ئیسلاحاتی ئەرزی"ی سالانی چل بە شیوەی رەسمی لە نیزامی سیاسی محافزە کاری مەوجوود داچوار چیوەیەکی گونجاویان بۆ گەشە کردنی ئابووری دیتبووەوە.

شیوەی هەلدانی ئەم چەپە تازەیەش موری خۆی بە تایبەتمەندیە ریکخراوەیی‌کان و کردەوەی سیاسی ئەم جەرەیاناتەوە نابوو تەرویج کردنی بیر و باوەری تازە دەس پی‌راگەیشتو وی شیوە مارکسیستی، تەبلیغ و هاندان لە دژی ئیستبداد و ئەمپریالزم و بەریوە بردنی ئاکسیون بە هیزی ئەندمان و کەسانی سەر بە تەشکیلاتی خۆ، خەتە سەرکی‌یەکانی پراتیکی ئەم چەپە تازەیەیان دیاری دەکرد جەرەیاناتی سوننەتی، ریکخەری ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی بوون چەپی تازە لاگرتووی دوورەپەریز لە حەرەکەتە کۆمەڵایەتی‌یەکان، ئیعتیرازی"سازمانی"و ریکخراوەیی کرد بە شکلی وجوودی خۆی دووبوچوونی سەرەکی بۆ پاساو کردنی ئەم تایبەتمەندی‌یە غەیرە کۆمەڵایەتی‌یە، لە نیو ئەم چەپە دا بووە دوو بوچوون کە هەرتکیان بەشیك لە بنەماکانی مارکسیزم و سوسیالیزمی کریکاری‌یان دەست تیوەر دابوو یەکەم، مەقوولەی "سازمانی شۆڕشگێرانی حیرفەیی"و دووهەم، "پەیوەند"ی سوسیالیزم لەگەڵ بزووتنەوەی چینی کریکار چەپی رادیکال مەوقعییەت و جیگا و شوینی غەیرە کۆمەڵایەتی و بە تاك کەوتووی خۆی بە جیگا و شوینیکی "انتقالی" دادەنا.

دەیانگوت ئەو ریکخراوانەی پیك هاتوون هەندیك رایکخراوی"شۆڕشگێرانی حیرفەی"ن پەیوەندی ئەم ریکخراوانە لەگەڵ چینی کریکار و بزووتنەوەی کریکاری، مەسەلەیەکە مەربووت بە داهاتوو گیر و گرفتەکە لیرە دایە کە هیچکام لەو مەفهوومانە لە سوننەتی مارکسیستی دا بەم شیوەیە بە کار نەبران سازمانی شۆڕشگێرانی حیرفەیی کە بەشیکی گرینگە لە تیئوری حیزبی لینینی، بە سازمانی حیرفەیی و فوول تایمی حیزبیکی کۆمەڵایەتی کریکاری دەگوتری وجوودی بزووتنەوەیەکی سوسیالیستی کریکاری، وجوودی کانوون و مەرکەزی محەللی بۆ ئیعتیرازی سوسیالیستی‌ی کریکار، پیش مەرجی بوون و وجوودی سازمانیکی شۆڕشگێرانی حیرفەیی کۆمۆنیستی‌یە ناکری بە جیا لەم سوننەتە خەباتکارانەیە، بە بی پەیوەندی عەمەلی لەگەڵ ئەم سوننەتە، و بە هیزیکی ئینسانی کە بیگانەیە لەگەڵ ئەم مەیدان و مەرکەزەی خەبات، سەرەتا لە گۆشەیەك"سازمانی شۆڕشگیرانی حیرفەیی" بۆ سوسیالیزمی کریکاری دروست بکەی و پاشان بکەویە فیکری پیك هێنانی "پەیوەند" لەبابەت خودی ئەم مەقوولەیەی "پەیوەند" ەوە پیشتر قسەمان کردوە قسەی بولشویکەکان لە سەرەتای ئەم سەدەیە دا ئەوە نەبوو "سازمان" یك لەگەڵ جەماوەر پەیوەند پیك بینی بەڵکوو لەسەر ئەوە بوو سوسیالیزم وەك سوننەتیکی فیکری و خەباتکارانە لە نیو چینی کریکاری رووسیادا جیگای خۆی بکاتەوە ئەم پەیوەندە لە ئاخر و ئوخری ئەم سەدەیە دا نەك هەر لە هەموو ولاتیکی سەرمایەداری وەدی هاتوە، بەڵکوو سوسیالیزمی کریکاری وەك سوننەتیکی ئیعتیرازی بووەتە جەرەیانیکی موعتەبەر لە نیو چینی کریکاری گەلیك لە ولاتان و یەك لەوانە ئیرانیش کەوایە تیزەکانی "سازمانی شۆڕشگیرانی حیرفەیی" و "پیوەند " بۆ چەپی تازە تەنیا پەردەیەك بوو بۆ داپوشین و شارەدنەوەی مەوقعییەتیکی تالی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ شاردنەوەی ئەو واقعییەتە کە مەوجوودییەتی ئەو جەرەیاناتە، مەوجوودییەتیکی ریکخراوەیی و فیرقەیی‌یە پراتیکی سیاسی ئەم جەرەیاناتە لە چوارچیوەی پراتیکی تەرویجی و تەبلیغی و ئاکسیونی – کە ئەندامان دەیکەن – واوەتر ناچی تیکۆشانی ریکخراوەیی جیگای خەباتی کۆمەڵایەتی گرتوەتەوە.

## "سازمان"و کریکاران

سازمانی غەیرە کۆمەڵایەتیش هەر چونیك بی لە نیو کۆمەڵدایە و لەگەڵ تویژ و چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان بەرەورووە ئەگەرچی هەندیك نموونەی وەك موجاهیدین و هەندیك لقی فیدایی نیشاندەری ئەوەن کە "سازمان" دەتوانی تەنانەت رووبەروو بوونەوەی ماددی خۆشی لەگەڵ کۆمەڵ بگەیەنیتە لانی کەم و خودی سازمان بکاتە مینیاتور و کاریکاتوریك لە کۆمەڵ کە ئەفراد لە راستیدا ژیانی تیدا دەبەنە سەر و مەسرەف دەکەن و چینی جۆراوجۆریان هەیە و... هتد بەهەر حال ئەمرۆ نموونەی ئاوا زەق لە نیو چەپ–بەمانای تایبەتی و شەکە–دا کەمتر بەر چاو دەکەوی چەپ بەهەر حاڵ لەگەڵ کریکار وەك تویژیکی کۆمەڵایەتی بەرەروودەبی لە سوننەتی چەپی غەیرە کریکاری‌دا، کریکار لە دوو قامەتی جیاوازدا دەکەویتە بەرانبەر سازمان یەکەم وەك تویژ و چینیکی کۆمەڵایەتی و دووهەم وەك تاکە کەس چەپی رادیکال، کریکار لە قامەتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دا وەك جەمعی تاکە کەسان و ئەو پەرەکەی وەك"سنف" یك چاو لی دەکا بە وتەیەکی‌تر بۆ ئەمانە، کریکار وەك چینیك و وەك دیاردەیەك لە دەرەوەی سازمانەکەیان، خاوەنی هیچ سیمایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیە لە بابەت خەتی دوو جەمسەرەی سازمان– جەماوەر پیشتر بە دریژە باسمان کردوە جەماوەر بە لای سازمانەوە بی شکل و کرچ و کالن، ژیانی سیاسی و میژوویی‌یان نیە، مەوجوودییەتیکی وشکەلن کە لە جیی خۆیان چەقیون و هەر جۆرە شکل بەندی‌یەکی سیاسی لە نیو جەماوەردا پیك بی، سازمان دەبی پیکی بینی کریکار وەك تاکە کەسیش لەلای ئەمانە خاوەنی سیمایەکی کۆمەڵایەتی نیە ئەتومیکی ئینسانی‌یە کە وەك هەر کەسیکی تری سەر بە هەر تویژیکی کۆمەڵایەتی دیکە بە پیی پەیوەندیك کە لەگەڵ سازمان هەیەتی جیگای بۆ دیاری دەکری و هەر خەسلەت و تایبەتمەندی‌یەکی سیاسی و خەباتکارانە خۆی، وەك باقی ئەندامانی سازمان، لە سازمان وەر دەگری بە وتەیەکی‌تر، کریکار، چ لەو جیگایەکە لە دەرەوەی سازمان وەك چینیك چاوی لی دەکری و چ لەو جیگایەی وەك ئەندامیك و تیکۆشەریکی سازمان چاوی لی دەکری تایبەتمەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکەی خۆی لە دەست داوە.

لە دەرەوەی سازمان چینی کریکار وەك سنفیك چاوی لی دەکری و لە نیو خۆی سازماندا کەسی کریکار نەك وەك کەسیك لە چینیك یان تەنانەت لە سنفیك بەڵکوو وەك سللوولیك لە تەشکیلات، مەوجوودییەت پەیدا دەکا.

سازمان، کریکاریش گیرودەی ئەو خەسلەتە غەیرە کۆمەڵایەتی‌یەی خۆی دەکا کە لە زەین و شیوە بوچوونی‌دا هەیە کریکار لە دەروونی خۆیدا تووشی دوو کەسایەتی دەبی کریکار وەك فەرد، کە دەبی بیرو کردەوەی سازمان قەبوول بکا، پیی پەیوەست بی و وەك هەموو ئەندامیکی‌تر توانایی‌یەکانی خۆی بنیتە خزمەت نەقشە و ئاکسیونەکانی سازمان، وە کریکار وەك بەشیك لە کۆمەڵ، وەك سنفیك کە دەبی بۆ بەرژەوەندی سنفی خۆی خەبات بکا.

لە راستیدا هەرچی سازمانەکە غەیرە کۆمەڵایەتی‌تر و فیرقەیی‌تر بی، بە سنفی‌تر و غەیرە سیاسی‌تر لە کریکار دەگا هەرچی سازمانەکە فیرقەیی‌تر و ئاکسیونیست تر بی،

بروانە لاپەری ٧

**جەریاناتی سوننەتی، ریکخەری ئیعتیرازی کومەڵایەتی بوون، چەپی تازەی لاگرتووی دوورە پەریز لە حەرەکەتە کومەڵایەتی یەکان، ئیعتیرازی "سازمانی، و ریکخراوەیی کرد و بەشکلی وجوودی خوی.**

**تیزەکانی "سازمانی شورشگیرانی حیرفەیی" و "پەیوەند" بۆ چەپی تازە تەنیا پەردەیەك بوو بۆ دا پوشین و شاردنەوەی موقعییەتیکی تالی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بۆ شاردنەوەی ئەو واقعییەتە کە مەوجوودییەتیکی ریکخراوەیی و فیرقەیی‌یە.**